کرێکارانی جیهان یەکگرن

# پێشڕەو

ئۆرگانی کۆمیتەی ناوەندی کۆمەڵە

دەورەی دووهەم | ژمارەی ٢٧ | رەزبەری _ ١٣٦٧ | ئۆکتوبری _ ١٩٨٨

## له دژی ئیعدامەکان ئیعتیراز بکەن!

راگەیاندنی کومیتەی ناوەندی کۆمەڵە

کرێکاران!

خەڵکی ئازادیخواز!

بە داخیکی گرانەوە لە چەند حەوتووی رابوردوودا، خەبەری ئیعدامی دەستەجمعی ژمارەیەك لە تێکۆشەران و موخالیفانی سیاسی رژیم لە شارەکانی مهاباد، سنه و سەقزمان پی گەیشت.

ئێمە ویرای دەربرینی سەرخۆشی و هاو دەردی خۆمان لەگەل کەس و کاری ئەم خەباتکارانە، کردەوەی جینایەتکارانەی جمهووری ئیسلامی مەحکووم دەکەین.

هەموو ئێوە ئاگادارن کە رژیمی جمهووری ئیسلامی بەرانبەر بە ساڵەها موقاومەت و راوەستاوی کۆمەلانی خەڵك لە دژی شەر، بە چوك داهات و لە بەرانبەر ویست و داخوازی سولح خوازانەی خەڵك دا تەسلیم بوو وە سەرەنجام شکست و داماوی خۆی لە دریژە پێدانی سیاسەتی شەرخوازانەی دا، راگەیاند. رژیمیك کە نەتوانیوەتی بە ئامانجە جەنگی‌یەکانی خۆی بگا و نەتوانیویەتی وەك ئیددیعای دەکرد پەل و پو باویتە ئەو دیوی سنوورەکانی ئێران،

ل

## ٩ ساڵ حوزووری سەرکوتگەرانەی جمهووری ئیسلامی لە کوردستان دەبی کوتایی پی بی

٩ ساڵە لەشکری داگیر کەر و سەرکوت گەری جمهووری ئیسلامی لە کوردستان، ئەوەندەی پێی کرا بی، لە هیچ وەحشیگەری و کوشتار و زیندان و خەفەقانیك، دەستی نەپاراستوە. چونکوو لیرە، گەلیکی زۆر لیرکراو، بریاری داوە ئازاد بژی. چونکوو لیرە، کرێکاران و زەحمەتکێشان لی براون و دەیانەوی ژیانیکی ئینسانی بە دوور لە سەرکوت و ستەم بۆ خۆیان پێك بینن. چونکوو لیرە، ئوردووی بەش مەینەتان و چەوساوان، وشیار بوونەوە و ماف و قازانجی خۆیان ناسیوە و ئاسوی رزگاری‌یان ناوەتە بەر دەمی خۆیان. رزگاری لەم مەینەتانە کە رۆژ و شەو ژیانی پی تال کردوون. چونکوو لیرە، ژنان و پیاوانی زەحمەتکێش، رەزایان بە قەزرا نەداوە، تەسلیمی قسمەت و نسیب نەبوون، تەسلیمی ئەو چارەنووسە رەشە نەبوون کە حاکمانی جینایەتکاری سەرمایە بۆیان نووسیون. چونکوو لیرە لەشکری برسیەتی و رووت و رەجال، شانیان لە رۆژگاری بەش مەینەتی هەڵتەکاندوە، لە ستەم یاخی بوون و عەزمیان جەزم کردوە بە دەست و مستی خۆیان، بە هیزی خەباتی جەماوەری‌یان، بە خەباتی ئابووری و سیاسی و چەکدارانەی خۆیان، ئەم مافە رەوایانە وە چنگ خەن.

کرێکاران و کۆمەلانی زەحمەتکێش و زۆرلێکراوی کوردستان، هەر لە بەرە بەیانی راپەرینی رێبەندانی ٥٧ەوە، دەستیان بۆ جی‌بەجی کردنی ئەم داخوازەیان برد، شوورای خۆیان پێك هێنا، یەکیەتی جووتیاران و رێکخراوە دیموکراتیکەکانی خۆیان پێك هێنا، ئازادی بەیان و کۆبوونەوە و مەراسمیان بە پێچەوانەی ویستی کونەپەرستانی سەر بە جمهووری ئیسلامی لە کوردستان دامەزراند، بەریان بە جم و جوولی دەرەبەگ و کونەپەرستان گرت، رێکخراوەکانی وەك شوورای عەشایری و کومیتەی نەوعی جمهووری ئیسلامی و شتی لەو قوماشەیان، بە دەستی بە هیزی خۆیان تێك رماند، بۆ پاراستنی ئەو دەسکەوتانە کە بە راپەرینی شۆرشگێرانەی کرێکاران و زەحمەتکێشانی ئێران بە دەست هاتبوون، دەستیان دایە چەك و قایم رایانگرت و بەم جۆرە، بەکردەوە، لە ماوەی نیوان ٢٢ی رێبەندانەوە هەتا ٢٨ی مورداد، کوردستانیان کردە مەلبەندی شۆرش و ئازادی و دیموکراسی.

جمهووری ئسلامی چاوی دیتنی ئەمانەی نەبوو وە بۆ ئەستاندنەوەی ئەم دەسکەوتانە لەشکری کێشا سەر کوردستان.

مێژووی ٩ ساڵ داگیرکردنی کوردستان لە لایەن جمهووری ئیسلامی‌یەوە، مێژووی ٩ ساڵ ململانی و دەست و پەنجە نەرم کردنی خەڵکی کوردستانە لەگەڵ جمهووری ئیسلامی، لەسەر ئەم ماف و ئازادی‌یانە. ئەگەر جمهووری ئیسلامی لەم ماوەیەدا بی‌وچان، بۆ سەرکوتی زەحمەتکێشانی ئازادیخوازی کوردستان، بە تانك و توپ و تەیارەوە هاتوە، ئەگەر گومی خوین و ئیعدامی پول پول خەڵکی شۆرشگێر و کوشتاری بە کۆمەڵی "قارنی" و "قەلاتان" و "ئیندرقاش"ی لە کارنامەی جینایەتکارانەی خۆی‌دا نووسیوە، خەڵکی کوردستانیش شۆرشیکی

⇦

## هەندیك لایەنی گرینگی تیكوشانی جیهانی حیزب وت و وێژ لەگەل هاوری حەمید تقوایی ( ٢ )

بریارنامەی "هەندیك لایەنی گرینگی تێکۆشانی جیهانی حیزبی کۆمۆنیستی ئێران" یەکیك لەو بریارنامانە بوو کە رۆژی ١٥ی سەرماوەزی ١٣٦٦ لە دەهەمین پلینومی کومیتەی ناوەندی حیزب دا پەسند کران.

بەشی یەکەمی وت و وێژ سەبارەت بەو بریارنامەیە _ کە لە ژمارەی ٢٦ی "پێشرەو"دا خوێندتانەوە _ لەسەر دوو بابەتی بریارنامەکە، یانی بنەماکانی تێکۆشانی حیزب لە ئاستی جیهانی‌دا و پەیوەندی حیزب لەگەل گورووە و رێکخراوە سیاسی‌یەکان و هەندیك پرسیار لە بابەت رێکخراوە کرێکاری‌یەکانەوە بوو.

ئەم بەشەی وت و ویژەکە کە بەشی دووهەم و دوایین بەشیەتی، زیاتر دەچیتە سەر لایەنە گرینگەکانی تێکۆشانی حیزب لە نیو ئێرانیانی موهاجیردا.

**پرسیار: ئایا بە لەبەر چاو گرتنی ئەو مەسەلەیە کە زۆربەی ئیتحادیەکان هەر کام بە جۆریك سەر بە حیزبیکن، ئەندامیکی حیزبی کۆمۆنیست دەتوانی یان تەوسیەی دەکری کە ببیتە ئەندامی ئیتحادیە کرێکاری‌یەکان؟ لە ئیمکاناتی تێکۆشانی ئاشکرا و کار کردن لە ئیتحادیەکان دا ئێمە چون دەتوانین بە شێوەی ئوسوولی کەلك وەرگرین؟ ئایا هەنگاو هەڵگرتن لە سەر رێبازی ریبەرایەتی عەمەلی خەباتی ئابووری هەر لە چوارچێوەی ئەو خەباتە ریفورمستی _ سەندیکالیستی‌یەدا بەشتیکی ئوسوولی دەزانن و تەوسیەی دەکەن؟**

وەڵام: لە وەڵامی پرسیارەکەی پێشووت دا باسی ئەوەم کرد کە پەیوەندی حیزب لەگەل ئیتحادیەکان دەبی لە چوارچێوەی پەیوەندی لەگەل کۆمەلانی کرێکاردا چاوی لی بکری نەك لە پەیوەند لەگەل باقی حیزبە سیاسی‌یەکان. سەبارەت بە ئەندامان و تێکۆشەرانی حیزبیش، وەك کەسانی کۆمۆنیست، ئەم مەسەلەیە هەروا چاو لی دەکەین. نزیکی لەگەل کرێکاران، حازر بوون لە شوینە کرێکاری‌یەکان و بەشدار بوون لە جم و جوولە کرێکاری‌یەکاندا، پشتیوانی کردن لە خەباتی کرێکاران، ئاشنایەتی و نزیکایەتی لەگەل رابەران و تێکۆشەرانی بزووتنەوەی کرێکاری و بە گشتی هەر جۆرە تێکۆشانیك کە تێکۆشەریکی کۆمۆنیست لە کۆمەلانی کرێکار و بزووتنەوەی کرێکاری هەل دەپێکی،

ل٢

## خەباتی جەماوەری

کورتەیەك لە خەباتی کۆمەلانی خەڵکی کوردستان لە دژی جمهووری ئیسلامی.

### خەبات لە دژی سەربازگیری

**مەهاباد**:

* هێزە جینایەتکارەکانی جمهووری ئیسلامی، رۆژی ٢ی پووشپەر هێرشیکی گەورەیان کردەسەر کرێکارانی ئەو شارە لە "مەیدانی ئاسنگەران" و نزیکەی ٤٠ کەسیان بە سەربازگرت و رەوانەی مەرکەزە نیزامی‌یەکانیان کردن.

تا رۆژی ٢٧ی مانگی پووشپەر ٢٠ کەس لەم کرێکارانە هەلاتوون و هەلاتنی باقی‌یەکەشیان هەروا دریژەی هەیە.

* بەکریگیراوانی رژیم لە هەموو ئیمکاناتی خۆیان کەلکیان وەر گرتوە کە ژمارەیەکی زیاتر سەرباز بگرن. بەکریگیراوان بە وەسیلەی کونەپەرستانی محەللی و شوورا ئیسلامی‌یەکان، نامەیان بۆ مەشموولانی گەرەکەکانی شار و دێهاتی ئەم شارە ناردوە و داوایان لی کردوون خۆ تەحویل بدەن. بەلام لە هەموو شوینیك خەڵکی تێکۆشەر و مەشموولەکان لە دژی سەربازگیری رژیم راوەستاون و حازر نەبوون خۆی تەحویل دەنەوە.

* بەپێی هەوالی گەیشتوو و هەلاتنی سەربازان لە جبهەکان و مەرکەزە نیزامی‌یەکان هەروا دریژەی هەیە و لەم دوایی‌یانەدا ١٠٠ کەسی‌تر لە سەربازانی خەڵکی شاری مهاباد هەلاتوون و گەراونەتەوە شوینی کار و ژیانیان.

ل٤

## سیمای سیاسی حیزبی دیموکراتی دارودەستەی قاسملوو بە چی دەناسرێتەوە؟

سیمای راستەقینەی حیزبی دیموکراتی دارودەستەی قاسملوو بە باشترین شێوە لەم دوو نموونەیەی خوارەوەدا کە هەرتکیان لەچەند رۆژی رابوردوودا روویان داوە خونیشان دەدا.

یەکەمیان وت و وێژیك بوو کە قاسملوو لەگەل دەنگی ئەمریکا کردی و تێیدا لەم دەرفەتە کە بۆی هەڵکەوتبوو کەلکی وەرگرت هەتا دوژمنایەتی کویر و کونەپەرستانەی خۆی لەگەل ئامانجی کۆمەلانی کرێکار و زەحمەتکێش و لەگەل کۆمۆنیزم لە رادیوی ئەمریکاوە جاریکی‌تر رابگەیەنی و تەئکیدی لەسەر بکاتەوە.

لە لایەکی‌تریشەوە لە کوردستان چەکدارەکانی قاسملوو لە سنوورەکانی سەردەشت لە چوار رۆژدا دووجار رێگایان لە ژمارەیەك لە پێشمەرگەکانی بەشەکەی‌تری حیزب دیموکرات گرت و لە گەلیان تێك هەڵچوون کە هەرتك جار ژمارەیەك لە هەرتك لا کوژران و بریندار بوون. هاوکات بوونی ئەم دوو حەرەکەتە ئەگەرچی رەنگە بە هەڵکەوت بی بەلام لە ناوەرۆك دا، دووبەشی سیاسەتیکی واحید پێك دێنن و بە تەواوی پەیوەندیان بەیەکەوە هەیە. تەقالاکانی قاسملوو بۆ نیشاندانی توانایی و زەرفییەتی دژ بە شۆرشی بەرانبەر بە کۆمەڵە و بەرانبەر بە هێزە سیاسی‌یەکانی موخالیفی دارودەستی قاسملوو لە کوردستان بۆ ئەوەیە کە ئەم سیاسەتی خۆی لە لای بورژوازی بنێتە بازاری

ل ٥

## ئەهمیەتی سەرکەوتنەکانی ئەمساڵی کرێکارانی کوورەخانەکان

ئەمساڵیش خوشکان و برایانی کرێکارمان لە کوورەخانەکان، سەرکەوتنیکی زۆریان وەدەست هێنا. هەوالی ئەم سەرکەوتنانە لە کاتیکدا بلاو دەبێتەوە کە رژیمی سەرمایەداران و ئوردووی گەورەی کرێکاران و زەحمەتکێشانی ئێران، جاریکی‌تر لە بەرانبەر یەکدا ریزیان بەستوە و ئامادەی دەست و پەنجە نەرم کردنیکی تازە دەبن و خەریکن دەوریکی تر هێز و توانای یەکتر تاقی دەکەنەوە و کیشمەکیشیکی دیکە تەجرەبە دەکەن.

هەوالی ئەم سەرکەوتنە لە کاتیکد دا بلاو دەبنەوە کە "ئەردبیلی"، رەئیسی دیوانی عالی جمهووری ئیسلامی، وەك قولە چوماغیکی پاریزەری سەرمایە، دێتە پشت مینبەری نویژی جومعە و پەنجە لە کرێکاران رادەوەشینی کە مەبادا خەیالی زیاد کردنی حەقدەست و باشتر کردنی شەرایەتی کار و ژیانتان بکەن! ئێمە کرێکارانیش بە بلاو کردنەوەی ئەم هەوالانە، پەنجە لە چاوی دوژمن رو دەکەین و دەڵێین: مەبادا خەیالی ئەوە بکەن کە دەتوانن لەم هەژاری و بەش مەینەتی‌یەدا رامان گرن! دەڵێین ئێمە کرێکاران هاتووینە مەیدان تا نە تەنیا بە هێزی خۆمان حەقدەستی زیاتر و ریفاهی باشتر و سەعات کاری کەمتر و هەموو هەقیکی خۆراومان لە گەرووتان دەرکێشێنەوە، بەڵکوو ئاواتی چەندین و چەند ساڵەشمان وەدی بێنین و دام و دەزگا و دەسەلاتی ستەمکارانە و چەوسینەرانەتان بە راپەرینی خۆمان تێکەوە پێچین.

خەباتی ئەمساڵی کرێکارانی کوورەخانەکان نموونەیەکە و گوشەیەکە لە عەزم و ئیرادەی یەکگرتوانەمان، کە زۆر قایمتر و ریك و پێك تر لە پار هاتە مەیدان، یەخەی سەرمایەداران و دەوڵەتی گرت، حەقدەستی پی زیاد کردن، خەرجی هات و چوو و مالین و ئامادە کردنی مەیدانی کاری لی ئەستاندن، تەئمینی نایلون و سەهول و سرویسی هات و چووی پێنج شەمە و جومعەی بەسەردا سەپاندن، پەرداختی بە وەختی حەقدەستی تەنانەت لە مەرەند پەرداختی حەوتوو بە حەوتووی حەقدەستی پی سەلماندن. وەلامی یەکگرتوانەی بە سەربازگیری هێزەکانی رژیم دایەوە و گیراوەکانی پی ئازاد کردن و بە کورتی کرێکارانی کوورەخانەکان ئەمساڵ، چەندین و چەند جار، بەرهەمی بەکگرتوویی خۆیان و میوەی شیرینی‌مان گرتنی یەکپارچەی کرێکاری‌یان کو کردەوە.

سەرنجیك لە تایبەتی‌یەکانی خەباتی ئەمساڵی ئەم بەشە لە هاورییانمان، بێگومان هومیدی سەرکەوتنمان زیاتر لە دلدا دەگەشێنێتەوە.

ل٦

پێشڕەو

جەماوەری و چەکدارانەیان بە ناوی خۆیان تومار کردوە کە دنیای ئەمڕۆ، لە سەردەمێك دا کە باسی کوتایی پی هاتنی شەری ئێران و عێراق دەکا، ناتوانی چاوی لی ببەستی و حیسابی بۆ نەکا. ئەم شۆڕشە ٩ ساڵەیە، کە زەحمەتکێشانی کوردستان ڕۆژ بە ڕۆژ و مانگ بە مانگ خەملاندوویانە، گەورەیان کردوە، بە خوین ئاویان داوە، داخوازەکانیان روون کردوەتەوە، لە ژێر دەست و باڵی هێزی کونەپەرست و سازشکاری کوردەواری دەریان کێشاوە، ئەمڕۆ چقلی چاوی جمهووری ئیسلامی‌یە و جیگای هومید و دل گەرمی چینی کرێکار و کۆمەڵانی زەحمەتکێش و ئازادیخوازی سەراسەری ئێرانە.

ئەم شۆڕشە کە ئێستا بە شانازی کولنەدان و راوەستانیەوە پی دەنیتە دەهەمین ساڵی عومری خۆی، ئەم شۆڕشە کە بنچینەکەی لە سەر کار و ئوردووی هەژارانی وەخەبەر هاتووی کوردستان دانراوە، ئەمڕۆ دەسکەوتیکی گەورە و گرینگی چینی کرێکار و هەموو بەش مەینەتانی ئێرانە. سەنگەریکی قایم کراوی کۆمەڵانی خەڵکی کوردستانە کە دەتوانن لە هەر ئال و گۆریکی سیاسی‌دا بیکەنە بناغەی پێشرەوی داهاتووی هەتا بە سەرەنجامی سەرکەوتنی دەگەیەنن.

ئەمڕۆ کە جمهووری ئیسلامی لەو پەری داماوی و سەرشوریدا شکستی خۆی لە شەردا سەلماندوە، ئەمڕۆکە دەیان گیروگرفتی چار هەڵنەگر دەوری داوە و ریی پاش و پێشی لی تەنیوە، هاتنە مەیدانی بەرین ترین خەڵکی کوردستان، لە پێناو پێشرەوی شۆڕشدا، لە هەمیشە ئاسانتر و گونجاوترە. جەماوەری خەڵك لە شارەکان دەبی بڵێین ئەگەر شەری ٨ ساڵەی ئێران و عێراق کوتایی دی و بە شیوەی رەسمی ئاگر بەسی بۆ دەکری، ئەی شەری ٩ ساڵەی جمهووری ئیسلامی لە کوردستان بۆچی کوتایی نایە؟ جمهووری ئیسلامی چی لە خەڵکی کوردستان دەوی کە ٢٠٠ هەزار کەس لە هێزە سەرکوتگەرەکانی لە کوردستان خزاندوە؟ ئەم هێزەداگیر کەرە دەبی دەسبەجی بچێتە دەر!

ئەگەر جمهووری ئیسلامی لەو پەری داماوی‌دا سەلماندوویەتی کە هەقی نیە نوسخەی حکوومەتی نەوعی خۆی بۆ ئەم لا و ئەولا بنووسی و بە زۆری چەك سادری کا، دەبی بیسەلمینی کە گەلی کوردیش خۆی چارەنووسی خۆی دیاری بکا.

شۆرشی ٩ ساڵەی ئێمە پشتیوانی ئەم داخوازە رەوایەمانە. دەبی لە سەر و بەندی کوتایی پی هاتنی شەری ئێران و عێراق دا، دەنگی ئیعتیرازی خۆمان بە دنیا رابگەیەنین. دەبی روشن تر و رەوانتر لە هەمیشە خۆشك و برایانی خۆمان لە هەموو دنیا بانگەواز بکەین کە لە سەرمان وەجواب بین. لیرە، لە کوردستان، لە چەند ساڵی رابوردوودا دوو شەر لە ئارادا بوو: شەرێك کە سنوورەکان، لە بەینی جمهووری ئیسلامی و عێراق دا، شەرێکیش لە ناوخۆی کوردستان، لە قوولایی شار و دێهاتی کوردستان، لە بەینی لەشکری داگیرکەر و سەرکوتگەری جمهووری ئیسلامی و گەلی کورددا. شەری هەوەل تەواو بووە. شەری دووهەمیش دەبی تەواو بی. دەبی بە سەلماندنی مافی دیاری کردنی چارەنووس بۆ گەلی کورد ئەم شەرە تەواو بی. دەبی بە چوونە دەری دەسبەجێ هێزەکانی جمهووری ئیسلامی لە سەراسەری کوردستان ئەم شەرە تەواو بی.

خەڵکی کورد، لە ١٢ی خاکەلیوەی ٥٨ەوە کە ریفراندوومی جمهووری ئیسلامی کرا، بەم رژیمەی راگەیاندوە کە نایەوی! نە یەك جار، نە دەجار. نە سەد جار نای بە جمهووری ئیسلامی کوتوە، بە ٩ ساڵ شۆرشی جەماوەری و چەکدارانەی خۆی بە جمهووری ئیسلامی وتوە: نا! نا! نا! ئێمە دەسەڵاتی کونەپەرستانە و سەرکوتگەرانەی تومان ناوی! دەسەڵاتی شۆرشگێرانەی خۆمان دەوی!

لە رۆژی ٢٨ی گولاویژی ئەمساڵیش دا، کە ساڵرۆژی لەشکرکیشی جمهووری ئیسلامی‌یە بۆ سەر کوردستان و هەروەها، هاو کاتە لەگەل رۆژانی راگەیاندنی ئاگر بەسی شەری ئێران و عێراق، جیگای خۆیەتی جاریکی‌تریش بە حەرەکەتیکی ئیعتیرازی و سەراسەری بە جمهووری ئیسلامی بلێینەوە نا! جێگای خۆیەتی کاریکی وا بکەین جاریکی‌تریش ئەم رژیمە وەك رژیمیکی داگیرکەر، بە تاق کەوتوویی و بیگانە بوونی لە کوردستان دەرکەوی. هەروەها جێگای خۆیەتی هەموو ژنان و پیاوانی ئازادیخواز و شەرافەتمەند هەول بدەن لەم رۆژەدا، سیمای کوردستان، سیمای شۆرشی ٩ ساڵەی خۆیان نیشان بدەن. لە هەموو گەرەکیکی شاران و لە هەموو دیێەك حەرەکەتی جەماوەری و ئیعتیرازی عەلەنی وەری بخری. تا بەم حەرەکەتە سەراسەری و یەکگرتوانەیە، دەنگی هەقخوازیمان بە گویی دنیادا بدەین و سەرکەوتن بە سەر جمهووری ئیسلامی‌دا رابگەیەنین.

مەرگ بۆ جمهووری ئیسلامی!

سەرکەوتوو بی بزووتنەوەی شۆرشگێرانەی کوردستان!

ئەم وتارە رۆژی ٢٤ی گەلاویژ لە دەنگی شۆرشی ئێرانەوە بلاو کراوەتەوە

***

# هەندیك لایەنی گرینگی تیكۆشانی جیهانی حیزب وت و ویژ لەگەل هاوری حەمید تقوایی ( ٢ )

بریارنامەی "هەندیك لایەنی گرینگی تێکۆشانی جیهانی حیزبی کۆمۆنیستی ئێران" یەکیك لەو بریارنامانە بوو کە رۆژی ١٥ی سەرماوەزی ١٣٦٦ لە دەهەمین پلینومی کومیتەی ناوەندی حیزب دا پەسند کران.

بەشی یەکەمی وت و وێژ سەبارەت بەو بریارنامەیە _ کە لە ژمارەی ٢٦ی "پێشرەو"دا خوێندتانەوە _ لەسەر دوو بابەتی بریارنامەکە، یانی بنەماکانی تێکۆشانی حیزب لە ئاستی جیهانی‌دا و پەیوەندی حیزب لەگەل گورووە و رێکخراوە سیاسی‌یەکان و هەندیك پرسیار لە بابەت رێکخراوە کرێکاری‌یەکانەوە بوو.

ئەم بەشەی وت و وێژەکە کە بەشی دووهەم و دوایین بەشیەتی، زیاتر دەچیتە سەر لایەنە گرینگەکانی تێکۆشانی حیزب لە نیو ئێرانیانی موهاجیردا.

**پرسیار: ئایا بە لەبەر چاو گرتنی ئەو مەسەلەیە کە زۆربەی ئیتحادیەکان هەر کام بە جۆریك سەر بە حیزبیکن، ئەندامیکی حیزبی کۆمۆنیست دەتوانی یان تەوسیەی دەکری کە ببیتە ئەندامی ئیتحادیە کرێکاری‌یەکان؟ لە ئیمکاناتی تێکۆشانی ئاشکرا و کار کردن لە ئیتحادیەکان دا ئێمە چون دەتوانین بە شێوەی ئوسوولی کەلك وەرگرین؟ ئایا هەنگاو هەڵگرتن لە سەر رێبازی ریبەرایەتی عەمەلی خەباتی ئابووری هەر لە چوارچێوەی ئەو خەباتە ریفورمیستی _ سەندیکالیستی‌یەدا بەشتیکی ئوسوولی دەزانن و تەوسیەی دەکەن؟**

وەڵام: لە وەڵامی پرسیارەکەی پێشووت دا باسی ئەوەم کرد کە پەیوەندی حیزب لەگەل ئیتحادیەکان دەبی لە چوارچێوەی پەیوەندی لەگەل کۆمەڵانی کرێکاردا چاوی لی بکری نەك لە پەیوەند لەگەل باقی حیزبە سیاسی‌یەکان. سەبارەت بە ئەندامان و تێکۆشەرانی حیزبیش، وەك کەسانی کۆمۆنیست، ئەم مەسەلەیە هەروا چاو لی دەکەین. نزیکی لەگەل کرێکاران، حازر بوون لە شوینە کرێکاری‌یەکان و بەشدار بوون لە جم و جوولە کرێکاری‌یەکاندا، پشتیوانی کردن لە خەباتی کرێکاران، ئاشنایەتی و نزیکایەتی لەگەل رابەران و تێکۆشەرانی بزووتنەوەی کرێکاری و بە گشتی هەر جۆرە تێکۆشانیك کە تێکۆشەریکی کۆمۆنیست لە کۆمەڵانی کرێکار و بزووتنەوەی کرێکاری هەڵ دەپێکی، هەموویان لە هەموو شوینیك بەشیکی ئاسایی خەبات و شیوە کاری هەر ئینسانیکی کۆمۆنیستن، وە بە تایبەت لە هەلومەرجی ئێستادا هەموو ئەمانە ئەو ئەرکە دەنێنە سەر شانی تێکۆشەریکی کۆمۆنیست کە لە هەر جێگایەك بۆی دەست بدا لە رێکخراوە جەماوەری‌یە کرێکاری‌یەکاندا بەشداری بکا و ببێتە ئەندامیان. ئێمە لە هەلومەرجێکی وەك دەورەی یەکەمی کۆمینتێرن دانین کە چونیەتی هەڵوێست گرتن لە سەر ئیتحادیەکان و بەشداری کردن یان بەشداری نەکردن لە ئیتحادیەکان دا بۆمان مەسەلەیەکی تاکتیکی بی. بۆ جەرەیانیکی کرێکاری خاوەن نفووزی وەك بولشویزم لەو سەردەمەدا، ئەم باسە جێگای خۆی بوو بکری، بەلام بۆ ئێمە کە <u>دەمانەوەی</u> و <u>هێشتا دەبی</u> ببێنە جەرەیانیکی کرێکاری، قسە کردن لە سەر هەڵوێستمان بەرانبەر رێکخراوە جەماوەری‌یە کرێکاری‌یەکان باسیکە کە دەگەرێتەوە بۆ شیوە کارمان و شیوەی تێکۆشانمان لە نیو چینی کرێکاردا. لەم هەلومەرجەدا هەڵوێستی ئێمە بەرانبەر بە ئیتحادیەکان و بەگشتی رێکخراوە جەماوەری‌یە کرێکاری‌یەکان، رێگا و شیوەی دەخالەتگەری و حوزوور و بەشداری کردنی هاوری‌یانی ئێمە لە بزووتنەوەی کرێکاری‌دا دیاری دەکا. لە هەلومەرجی ئێستادا بۆ هاوری‌یانی ئێمە، لەو وڵاتانەکە ئیتحادیە جەماوەری‌یە کرێکاری‌یەکان وجوودیان هەیە، پێك هێنانی پەیوەندی و لە هەر جێگایەك ئیمکانی هەبی بەشداری کردن لە ئیتحادیەکان دا، بەشیکی تەبیعی و یەکەم هەنگاوی تێکۆشانیانە لە نیو کرێکاران و بزووتنەوەی کرێکاری‌دا.

بەلام ئەوەکە ئیتحادیەکان سەر بە حیزبە سیاسی‌یەکانن و وابستەیی حیزبی‌یان هەیە، لەم نیوەدا چ دەور و جێگایەکی هەیە؟ لەم بابەتەوە سەرەتا دەبی تەئکید لەسەر ئەوە بکەم کە بە شێوەی ئوسوولی لە هەڵوێست گرتنمان دا _ چ وەك حیزبیك و چ وەك کەسیکی کۆمۆنیست _ بەرانبەر بە ئیتحادیەکان، "هاونەزەری" و "هاوخەتی" ئەوان لەگەل حیزبی ئێمە، معیار و پیوانە نیە، بەڵکوو جەوهەر و خەسلەتی کرێکاری لە ئیتحادیەکاندا، یانی ئەوە کە هەتا چ رادەیەك کۆمەڵانی کرێکاریان لە دەوری خۆیان کۆکردوەتەوە و بوونەتە زەرف و وەسیلەی خەباتیان، دەبی وەك معیار و پێوانە چاو لی بکەین. بە وتەیەکی‌تر شێوەی تێکۆشانی هاوری‌یانی ئێمە لە ئیتحادیەکان دا و ئەو خەتە کە دەبی بەرەوپێشی بەرن مەسەلەیەکی موشەخەسە کە دەبی بە پێی دەور و جێگای ئیتحادیەکان لە خەباتی کرێکاری‌دا و ئەو شیعار و سیاسەتانە کە لەم خەباتەدا تەعقیبیان دەکەن دیاری بکرین نەك بە پێی جیاوازی نیوان ئێمە و حیزبە سیاسی‌یەکان. لەم رووەوە ئێمە رەخنەکانمان و ناکوکی نەزەری _ سیاسی خۆمان لەگەل حیزبەکان راستەوخۆ ناکەینە معیار بۆ دیاری کردنی چونیەتی هەڵوێستمان بەرانبەر بەو ئیتحادیانە کە سەر بەو حیزبانەن، بەڵکوو بە ستە بوونی ئیتحادیەکان بە حیزبە سیاسی‌یەکان، تەنیا لەو جێگایە لە هەڵوێستی ئێمەدا بەرانبەر بە ئیتحادیەکان حیسابی بۆ دەکری کە ئەو وابەستە بوونە راستەوخۆ تەئسیری کردبێتە سەر دەور و جێگای ئیتحادیەکان لە بزووتنەوەی کرێکاری‌دا، ئەوە مەسەلەیەکە کە دەبی لە هەڵوێستی رەخنە گەرانەمان دا بەرانبەر بە ئیتحادیەکان و هەڵوێست و سیاسەتەکانیان، تێکۆشەرانی ئێمە لە بەر چاوی بگرن. مەسەلەیەکی تر ئەوەیە کە لە بریارنامەکەدا باڵە رادیکالەکان و رابەرانی مەحەللی و سەراسەری رادیکالی نیو ئیتحادیەکان باسیان کراوە. واقعییەت ئەوەیە کە جناح و رابەری رادیکالی لەم چەشنە بە تایبەت لە هەلومەرجی ئێستادا لە بزووتنەوەی کرێکاری ئوروپادا خەریکن شکل دەگرن. لە هەندیك شوین ئەم جناحانە لە دەرەوەی ئیتحادیەکان وەك ئالترناتیوی رادیکالی ئیتحادیەکان لە نیو جەرگەی خەباتی کرێکاری‌یەوە سەر هەل دەدەن (بۆ نموونە کومیتەکانی هاو پشتی کرێکارانی رێگای ئاسنی فەرانسە). ئێمە دەبی بە تایبەت لەگەل ئەم بەشە رادیکالە لە بزووتنەوەی کرێکاری‌دا، چ لە نیو ئیتحادیەکاندا و چە لە دەرەوەیان پەیوەندمان هەبی. بە گشتی ئەو خالە دەبی لە بەرچاو بگیری کە لە هەر کوی‌یەك و لە هەر هەلومەرجیك دا کە گەلیك رێکخراوەی کرێکاری هەبن، بۆ پەیوەندی لەگەل گرتن و بەشداری تێدا کردن لە پێشدا ئەو رێکخراوانە هەل دەبژیرین کە لە بزووتنەوەی کرێکاری دا رادیکالتر و پێشرەوتر بن.

لایەنی دووهەمی پرسیارەکەتان، یانی شیوەی کەلك وەرگرتن لە ئیمکاناتی هەڵسووران لە ئیتحادیەکان دا و مەسەلەی رابەری عەمەلی خەباتی ئابووری کرێکاران، مەسەلەیەکی تەواو موشەخەسە کە لە هەر نموونەیەکی دیاریکراودا دەبی وەڵامی تایبەتی خۆی پی بدرێتەوە، هەتا ئەو جێگایە کە لە ئاستیکی عام و گشتی‌دا دەکری قسەی لەسەر بکەین، پێویستە لەسەر زەروورەتی رەچاو کردنی <u>خەت و سیاسەتیکی ئیسباتی و روشن</u> بەرانبەر بە مەسەلە موشەخەسەکانی بزووتنەوەی کرێکاری و بو رەخنەگرتن لە سیاسەتە سازشکارانە سەندیکالیستی‌یەکان بەم پی‌یە، تەئکید بکەن. لە هەمان کاتدا، ئاشکرایە کە رەخنەی ئێمە بەرانبەر بە ئیتحادیەکان نابی ببێتە کوسپ لەسەر رێگای بەشداری کردنمان لە خەباتی ئیقتسادی کرێکاران دا کە ئیتحادیەکان ریکی دەخەن و بەریوەی دەبەن. ئەگەر هاوری‌یانی ئێمە لە ئیتحادیەکان و خەباتی کرێکاران دا ئەمە بکەنە بناغەی تێکۆشانی خۆیان، ئەو کات کەلك وەرگرتن لە ئیمکاناتی تێکۆشانی بە ئاشکرا لە هەر پلەیەك دا و لە هەر جێگایەك کە ئیمکانی بوو، نەك هەر رەوایە، بەڵکوو تەواو پێویست و زەرووری‌یە. ئێمە بۆمان هەیە و بە ئەرکی سەر شانی خۆمانی دەزانین کە لە هەموو ئیمکاناتیك بۆ تەئسیر دانان لە سەر خەباتی ئابووری کرێکاران، بە هەڵوێستیکی رادیکالەوە، کەلك وەرگرین. ئەمە تاقە رێگای ئوسوولی و گونجاوە بۆ "هەنگاو هەڵگرتن لەسەر رێبازی رێبەرایەتی عەمەلی خەباتی ئابووری کرێکاران" بە بی ئەوەی خۆمان لە چوارچێوەی "خەباتی ریفورمیستی _ سەندیکالیستی"دا ببەستێنەوە.

**پرسیار: لە بابەت ئێرانیانی موهاجیرەوە، یەکم پرسیار ئەوەیە کە بە چ شکلیك مەترسی ئەوە هەیە کە ئێرانیانی موهاجیر ببنە عامیلی فشار لە سەر چینی کرێکاری وڵاتانی دەرەوە؟**

وەڵام: بەشیکی زۆر لە موهاجیرە ئێرانی‌یەکان کرێکار و زەحمەتکێشن. کەسانیکن کە یان لە ئێران لە تویژە بی‌بەش و زەحمەتکێشەکان بوون وە یا ئێستا تووشی ئەم وەزعە بوون. سەرەرای ئەمە لە نیو ئێرانیانی موهاجیردا، لەبەر ئەو جیگا و شوینە تایبەتە کە وەك کەمایەتی‌یەکی پەنابەر هەیانە، و هەروەها لە نەتیجەی فەعالییەتی رێکخراوەکانی ئوپوزیسیونی بورژوایی رژیمی ئێران و دەوڵەتەکان و حیزبە مەحەللی‌یەکاندا لەهەر وڵاتیك، گەرایش و بۆچوونی بورژوایی دەتوانی زەمینەی گەشە کردن وەدەست بینی.

تەبدیل بوون بە کەمایەتی‌یەك لە نیو خۆدا و بوون بە کۆمەلیکی داخراو و دابراو کە حەساریکی لە جیاوازی و تایبەتی‌یە میللی و فەرهەنگی‌یەکەی بە دەوری خۆدا کێشاوە و رەواج پەیدا کردنی مەیلی توندی ناسیونالیستی و شوڤینیستی، یەکیکە لە نەتیجە دەکری بلێین "تەبیعی"یەکانی ژیانی کەمایەتی‌یە موهاجیرەکان لە ولاتانی‌تر. بە تایبەت، لە نیو ئێرانیانی موهاجیرەدا، لە هەلومەرجی ئێستادا جەماعەتی رێکخراوە سیاسی‌یە بورژوایی‌یە ئێرانی‌یەکان ئەم مەیل و بۆچوونە پەرە پی دەدەن. لە لایەکی‌ترەوە موهاجیرەکان لە لایەن حیزب و هێزە دەستە راستی و رەگەزپەرستەکانەوە و تەنانەت لە لایەن بەشیك لە بیروڕای گشتی‌یەوە فشاریان لەسەرە و جگە لە وەزعی نالەباری ئابووری، لە باری کۆمەلایەتی فەرهەنگی‌شەوە لە هەلومەرجیکی نالەباردان. ئەم هەلومەرجەش دەتوانی موهاجیرەکان لەو کۆمەڵگایە کە تێیدا دەژین هەرچی زیاتر دابری و لەم لاشەوە لە نیو ئەمانیش دا ناسیونالیزم و شوڤینیزم پەرە پی بدا.

مەسەلەیەکی‌تر ئەوەیە کە بەشیك لە موهاجیرە ئێرانی‌یەکان، لە ژیر فشاری ئابووری دا و بۆ گوزەران و بەری چوونی خۆیان بکێشرینە بازاری کاری رەش و غەیرە قانوونی و بەم جۆرە دەکەونە ململانە و رقەبەری لەگەل کرێکارانی ئەو ولاتە. دەوڵەت و بورژوازی لەو ولاتانە کە موهاجیر وەردەگرن، هەمیشە لە پەنابەرەکان و موهاجیرەکان وەك هێزی کاری هەرزان و وەسیلەی فشار هێنان بۆ چینی کرێکاری ولاتەکەی خۆیان کەلکیان وەرگرتوە و ئەمرۆ موهاجیر و ئاوارە بی‌بەشە ئێرانی‌یەکان لەم بابەتەوە لە لای بورژوازی وەك پارووییەکی چەور چاویان لی دەکەن.

سەرجەمی ئەم مەسەلانە، موهاجیرە ئێرانی‌یەکان لە ولاتانی جۆراوجۆر بەرەو ئەوە پال پێوە دەنین کە لە لایەکەوە ببنە کەمایەتی‌یەکی داخراو لە کۆمەڵ دابراو بە مەیل و بۆچوونی توندی ناسیونالیستی و شوڤینیستی‌یەوە و بەم جۆرە بکەونە لای دەستی هێزە دواکەوتوو و کونەپەرستەکانی کۆمەڵ و لە لایەکی‌ترەوە لە نیو چینی کرێکاردا وەك وەسیلەی تەفرەقە سازکردن و بۆ کەم کردنەوەی هەقدەست و هەرەشە لە هەلومەرجی گوزەرانی کرێکاران بخرێنە کار. دیارە ئەم وەزعە لە هەرتك بارەوە بە تەواوی بە زەرەری کرێکاران و بزووتنەوەی کرێکاری‌یە و دەبی پەیگیرانە بەربەرەکانیی لەگەل بکری.

**پرسیار: حیزبی ئێمە لەم بابەتەوە دەتوانی چ بکا و دەبی چ بکا؟**

وەڵام: لەم بابەتەوە کاری ئێمە بە شێوەی سەرەکی دەبی بەربەرەکانی لەگەل ناسیونالیزم لە نیو ئێرانیانی موهاجیر دا بی. دەبی بە کار و تەبلیغی وشیاریدەرانەی بەردەوام بە موهاجیرەکان نیشان بدەین کە ئەو مەحروومییەت و فشارەی چ وەك پەنابەر و چ وەك کرێکار بە سەریانەوەیە لە بەر "ئێرانی" بوونیان نیە و رێگای بەرەبەرەکانی کردن لەگەل ئەو فشار و مەحروومییەتانەش هێنانە مەیدانی "سیمای میللی" و تعسباتی ناسیونالیستی و شوڤینیستی نیە. دەبی تەبلیغاتی ناسیونالیستی جەماعەتی سەلتەنەت تەلەب و موجاهدین و لیبرال چەپەکان کە لە بەرانبەر "رژیمی ئاخوندی"دا و بۆ خوجیا کردنەوە لە "رۆژئاوا پەرستی"، پەنا دەبەنە زەق کردنەوەی "سیما و فەرهەنگ و تایبەتی‌یە میللی‌یەکان"، پووچەل کەینەوە. لە لایەکی‌ترەوە دەبی لە پشت فشار و و ژەهر پڕاندنی فاشیستی و رەگەزپەرستانەی حیزب و هێزە دەستە راستی‌یەکان لە دژی موهاجیرەکان، سیمای سەرمایەداری و کونەپەرستی‌ی بورژوایی پەردەی لەسەر هەڵدرێتەوە و پێش بە توند و تیژ بوونەوەی جیاوازی و تعسباتی میللی بگیری. بەرانبەر بەم نەوعە تەبلیغات و بۆچوونانە دەبی زەینی موهاجیرەکان بەرانبەر بە هەلومەرج و مەسەلە سیاسی و کۆمەلایەتی‌یەکان و جێگا و شوینی واقیعی یان لەو کۆمەڵگایەدا کە تێیدا دەژین روون کرێتەوە. دەبی جیاوازی و ناکوکی‌یە چینایەتی‌یەکان بەرچاو بخرین. هاوبەش بوونی بەرژەوەند و نزیکایەتی ئاوارە ئێرانی‌یەکان لەگەل کرێکاران و تویژە مەحروومەکانی کۆمەڵ نیشان بدری و بۆ هاوپشتی و بۆ پشتیوانی لە خەباتی کرێکاران بانگەواز بکرین. ئێمە دەبی داوا لە موهاجیرەکان بکەین کە مل بە کاری غەیرە قانوونی نەدەن و دەبی بۆیان روون بکەینەوە کە ئەمە هەم بۆ خۆیان و هەم بۆ هاو چینەکانیان لە هەر ولاتیك داین زیانی هەیە، دەبی لە کرێکارانی موهاجیرە داوا بکەین کە بچنە نیو ئیتحادیەکان و رێکخراوە جەماوەری‌یە کرێکاری‌یەکان و لە ئیعتیرازات و خەباتی کرێکاری دا ریزی خۆیان لە باقی کرێکاران جیا نەکەنەوە.

ئەمانە بە گشتی سەرخەتی ئەرکە ئەنترناسیونالیستی‌یەکانی ئێمەن لە حاست ئێرانیانی موهاجیر. ئەوە کە بە شیوەی موشەخەس و بە وردی بۆ بەرەوپێش بردنی ئەم ئەرکانە دەبی چ بکری، ئەوە مەسەلەیەکە کە هاوری‌یانی ئێمە لە هەر ولاتیکی دیاریکراو دا و لەبەر چاو گرتنی هەلومەرج خۆیان دەبی روونی کەنەوە و بە گشتی پێش بینی ناکری.

**پرسیار: بەم سیاسەت و کارە جیاوازەوە، هێزەکانی حیزب لە لایەن باقی هێزە ئێرانی‌یەکانەوە بەوە تاوانبار دەکرین کە خەریکن تەفرەقە و چەند بەرەکی ساز دەکەن. لەم باتەوە دەبی چ بکەین؟ لە راستی‌دا چون دەکری هەم سیاسەتیکی کرێکاری ئەنترناسیونالیستی رەچاو بکری و هەم شەخسییەت و سیمای پەنابەر و ئاوارەی ئێرانی لە دەرەوە دیفاعی لی بکری؟ بە چ شیوەیەك دەتوانین ئەم دوو ئەرکە هاو کات لەگەل یەکتر بەریوە بەرین؟**

وەڵام: ئێمە باکمان لەوە نیە کە ناسیونالیستەکان پێمان بلێن ئێوە "تەفرەقە و چەند بەرەکی" پێك دێنن. نەك تەنیا پابەند بوونی کۆمۆنیستەتەکان بە ئەنترناسیونالیزمی پرولتری، بەڵکوو نەفسی دیفاعی کۆمۆنیستەکان لە بەرژەوەند و ئامانجە سەربەخۆکانی چینی کرێکار، هەمیشە بووەتە هۆی ئەوە کە حیزب و هێزە سیاسی‌یە بورژوایی‌یەکان ئالای کونی ناسیونالیزم بە دەستەوە بگرن وە بۆ شاردنەوەی ناکوکی‌یە چینایەتی‌یەکان، سینگ و بەرۆك بۆ "وەحدەتی میللی" دادرن. ئەمرۆ خەبات لە دژی ئەم ریاکاری و چاوبەستی‌یانەش بەشیکە لە خەباتی ئێمە بەرانبەر بە ناسیونالیزم لە نیو ئێرانیانی موهاجیردا. هیچ شتیك لەوە ئاسایی‌تر و رەواتر نیە کە جەماوەری ئەو ئێرانی‌یانەی لە ژیر فشاری شەر و کونەپەرستی جمهووری ئیسلامی دا ئاوارەی ولاتانی دەرەوە، بوون، لەگەل ئەو ژمارە کەمەی کە ئەغلەبیان بۆ خو دەرباز کردن لە چنگ شۆرشی ساڵی ٥٧ بە سەرمایە و سەروەتی زۆر و زەبەندیانەوە لە ئێران چوونەتە دەرەوە، جیاوازی و تەفرەقە"یان لە نیوان دا بی. ئەم بەشەی موهاجیرەکان، کە ناسیونالیزم لە راستی‌دا خزمەت بە بەرژەوەندی ئەمانە دەکا، لە مەیدانی سیاسەتی ئێران دا رێکخراوە سیاسی‌یەکانی خەتی سەلتەنەت تەلەب و بە گشتی بورژوا ناسیونالیستەکان نوینەریانن و لە دەرەوەش لە هەر ولاتیك بن دەکەونە لای دەستی کونەپەرست ترین و دەستە راستی‌ترین حیزب و هێزە سیاسی‌یەکان. ئەمانە تەنانەت وەك کەمایەتی‌یەکی پەنابەریش هیچ مافیکیان پێشێل نەکراوە. نە ئاوارەن، نە بێکارن، نە بی مال و حال و جێگای حەوانەوەن. تەنانەت حیزب راستیەکانیش حیسابی ئەمانە لە حیسابی "موهاجیرینی بی مایە" جیا دەکەنەوە. تێکۆشانی ئێمە لە نیو موهاجیرینی ئێرانی‌دا، لە هیچ لایەنیکەوە پەیوەندی بەم جەماعەتەی موهاجرینەوە نیە، تێکۆشانی ئێمە لە نیو ئێرانیاندا لە دەرەوە سێ لایەنی سەرەکی هەیە: یەکەم، تێکۆشان لە نیو ئێرانیان دا وەك کەمایەتی‌یەکی پەنابەر یانی ئاشنا کردنیان لەگەل مافەکانیان وەك موهاجیر، دیفاع لەم مافانە، یارمەتی دانیان بۆ چارەسەرکردنی ئەو مەسەلانەی پەیوەندی‌یان بە ژیان و مەسکەن و گوزەرانیانەوە هەیە. دووهەم، تێکۆشان لە نیو ئێرانیانی موهاجیردا وەك بەشیك لە مەحرووومان و زەحمەتکێشانی ئێرانی بە مەبەستی هەڵخراندنیان لە دژی جمهووری ئیسلامی و بۆ وەدی هێنانی ئامانج و سیاسەتە پرولتری‌یەکان. وە لایەنی سێهەمی تێکۆشانمان ، تێکۆشانی ئەنترناسونالیستی‌یە لە نیو موهاجیرەکان دا بە مەبەستی پێش گرتن بە تەفرەقە لە نیو کرێکاران دا و خوش کردنی رێگا بۆ پشتیوانی کردنی موهاجیرەکان لە خەباتی چینی کرێکار لە هەر ولاتیك.

ئەم لایەنانەی تێکۆشان نەك هەر هیچ ناکوکی‌یەکیان پێکوە نیە بەڵکوو یەك مەبەستی واحیدیان هەیە و یەکتر کامل دەکەن، دیفاعی ئێمە لە مافی پەنابەرەکان، دیفاع لە "ئێرانیەتی" و "سیمای میللی" یان نیە بەڵکوو دیفاعە لە هەلومەرجی کار و ژیانی ئینسانی بۆ موهاجیرەکان و بەرەبەرەکانی‌یە لەگەل ئەو مەحدووییەتانە کە لەم روانگەیەوە بە سەریان دا دەسەپێندری. ئەمە هەم خۆی لە خۆی‌دا مەبەست و ئامانجیکی رەوا و بەنرخە، هەم تێکۆشانیکە کە زەمینە بۆ بەرەوپێش چوونی ئەرکە ئەنترناسیونالیستی‌یەکانمان و پتەو بوونەوەی پەیوەندی نیوان کرێکاران و دەستەنگانی موهاجیری ئێرانی و هاوچینەکانیان لە هەر ولاتیك دا پێك دینی. هەمیشە ناکوکی و جیاوازی نەژادی و مەزهەبی و میللی و جنسی و ... عامیلی تەفرەقە ساز کردن و ئالوزی پێك هێنان لە ریزی کرێکاران دا بووە و هەمیشە کۆمۆنیستەکان بۆ یەکگرتوو کردنی ریزی کرێکاران دابووە و هەمیشە کۆمۆنیستەکان بۆ یەکگرتوو کردنی ریزی کرێکاران، داواکاری لە ناوچوونی ئەو مەحدوودییەت و فشار و هەلاواردنە بوون کە بورژوازی بە پێی ئەم جیاوازی‌یانە بە سەر بەشە جۆراوجۆرەکانی چینی کرێکاری داسەپاندوون. ئەمرۆ لە حاست کرێکارانی موهاجیری ئێرانی‌ش هەر ئەرکیکی لەم چەشنە لە ئەستومانە. کرێکاری ئێرانی لە دەرەوەی ولات وەك "پەنابەر" هەرچەندی کەمتر ستەمی لی بکری و جیگا و شوینی خۆی وەك کرێکار باشتر دەناسی و هەرچی فشاری کۆمەلایەتی و ئابووری وەك پەنابەر کەمتر قورسایی بکاتە سەر شانیان، ئامادەیی زیاتریان دەبی کە بۆ دیفاع لە مافە چینایەتی‌یەکانیان بکەونە لای دەستی کرێکارانی باقی ولاتان. لەم روانگەیەوە دیفاع لە مافی پەنابەرە ئێرانی‌یەکان بەشیکە لە خەباتی ئەنترناسیونالیستی مان و خزمەت بەو خەباتە دەکا.

**پرسیار: بە گشتی پێشرەوی و سەرکەوتنی هێزەکانی حیزب لە دەرەوەی ولات لە هەموو ئەم مەیدانانەی تێکۆشان لە دەرەوەی ولات دا، بە چ سەنگ و پێوانەیەك بەراورد دەکری و لە چ دیاردەیەك دا خۆ دەنوینی؟**

وەڵام: ئەگەر بمەوی زۆر بە کورتی وەڵامی ئەم پرسیارە بدەمەوە دەبی بلیم پێشرەوی ئێمە بە میزانی پەرەگرتن و جیگیر بوونی جیهانی کۆمۆنیزمی کرێکاری و شۆرشگێرانە وەك هێز و جەرەیانیکی کۆمەلایەتی لە مەیدانە جۆراوجۆرەکانی خەباتی چینایەتی دا هەل دەسەنگێندرێ. وەدی هاتنی ئەم ئامانجە هەڵبەت مەسەلەیەك نیە کە تەنیا لە گرەوی تێکۆشانی هێزەکانی ئێمە لە دەرەوەی ولات دا بی، وە نە تیجە و شوێنەوارەکانیشی تەنیا لە دەرەوەی ولات خۆ نانوینی، بەڵام سەرەرای ئەوەش، ئەم رێبازی گشتی پێشرەوی حیزبی ئێمە لە دەرەوەی ولاتیش دیاری دەکا.

حیزبی ئێمە خەریکی هەڵگرتنی یەکەم هەنگاوەکانیەتی بۆ شی کردنەوە و ناساندنی کۆمۆنیزمیکی ئوسوولی، رادیکال، دەخالەتگەر و داشوراو لە توز و گەردی بۆچوونی ناسیونالیستی و وردە بورژوایی لە ئاستی جیهان دا. دەیان ساڵە کە جەرەیانانی چینایەتی جۆراوجۆر لە ژیر ناوی کۆمۆنیزم دا سیاسەت و رەوشت و سوننەت و نەریتی وا بەرێوە دەبەن کە فری بەسەر چینی کرێکاری جیهانی و بەرژەوەند و ئامانجەکانی ئەو چینەوە نیە. کۆمۆنیزمی کرێکاری دەبی لە هەموو مەیدانیکی خەباتی چینایەتی‌دا، جیاوازی خۆی لەگەل ئەم جەرەیاناتە نیشان بدا و ببێتە جەرەیانیکی خاوەن نەزەر و هەڵوێست و دەخالەتگەر لە حاست مەسەلە سەرەکی‌یەکانی خەباتی چینایەتی لە ئاستی جیهانی‌دا. حیزبی ئێمە دەبی هەموو هەول و کوششی خۆی بۆ گرسان و شکل گرتنی جەرەیانیکی لەم چەشنە بخاتە کار و بریارنامەی "هەندیك لە لایەنە گرینگەکانی تێکۆشانی جیهانی حیزب" لە راستی دا بەشیك لەم هەول و کوششە لە ئاستی جیهان دا، دەست نیشان دەکا. لەم زەمینەیەدا هەندیك سەنگ و پێوانەی دیاریکراو هەن کە دەکری ئیشارەیان پی بکەین: میزانی ئەدەبییاتی ئێمە کە بۆ خەباتی نەزەری لەسەر گرینگترین مەسەلەکانی مەربووت بە خەباتی چینایەتی لە ئاستی جیهانی دا تەرخان کراوە و میزانی بلاو بوونەوە و چەسپاندنی ئەم ئەدەبییاتە لە نیو بزووتنەوەی چەپی ولاتانی جۆراوجۆردا، میزانی نزیکی هێز و رێکخراوە چەپەکان لە ئاستی جیهان دا لە جەرەیانی کۆمۆنیزمی کرێکاری و ژمارەی ئەو هێز و رێکخراوانە، میزانی پشتیوانی ماددی و مەعنەوی دوولایەنە لە نیو کرێکارانی ئێران و باقی ولاتان دا (راگەیاندن و دەربرینی هاوپشتی لەگەل خەباتی کرێکاری، پشتیوانی عەمەلی، ناردنی پەیام و یارمەتی مالی و...)، نزیکایەتی و هاوپشتی کرێکاران و زەحمەتکێشانی موهاجیری ئێرانی لەگەل چینی کرێکار و بزووتنەوەی کرێکاری لە ولاتانی دەرەوە، بەرینایی پەیوەندمان لەگەل رێکخراوەکان و رابەران و تێکۆشەرانی بزووتنەوەی کرێکاری و رادەی تەئسیر دانانمان لە سەر خەباتی کرێکاری لە ئاستی جیهان دا، وە جگە لەمانەش میزانی پتەوی تەشکیلاتی ئێمە لە دەرەوە و خۆ گرتن و جیگیر بوونی نەریت و شیوەکانی کاری کۆمۆنیستی لەم تەشکیلاتەدا، ئەمانە لەو سەنگ و پێوانە هەرەگرینگانەن کە میزانی پێشرەوی و سەرکەوتنی ئێمە لە مەیدانی کاری جیهانی دا پێیان هەل دەسەنگێندرێ. ئێمە هەر ئێستا ئامانج و ریگەی حەرەکەتی خۆمانمان بە روشنی دیاری کردوە و لەم رێگایەدا چەند هەنگاومان هەڵگرتوە. بێگومان بە هەول و تێکۆشانی پێگیرانەی هەموو هێزەکانی حیزب، وە لەوانە هاوری‌یانی حیزبی لە دەرەوەی ولاتیش، لە وەدی هێنانی ئامانجە جیهانی‌یەکانمان دا پێشرەوی زیاتر و بەر چاوترمان دەبی.

لە کوتایی دا پێویستە ئەوەش بلێم کە لەم وت و وێژەدا من خەتە گشتی‌یەکانی تێکۆشان و سیاسەت و ئامانجە گشتی‌یەکانی حیزبم لە مەیدانی جیهانی دا لە بەر چاو بووە و هەولم داوە لە ئاستیکی گشتی دا وەڵامی پرسیارەکان بدەمەوە. نەتیجەی عەمەلی کونکریت تر و ورد کردنەوەی ئەرکەکان و نەقشەی کاری ئێمە لە دەرەوەی ولات، دیارە لە ئەستوی هاوری‌یانی بەرپرسی ئەم کارەیە لە تەشکیلاتی دەرەوەدا کە لە نزیکەوە لەگەل هەلومەرج و مەسەلەکان و وەسیلەی کاری خۆیان ئاشنایەتی‌یان هەیە.

***

پێشڕەو

دەورەی دووهەم | ژمارەی ٢٧ | رەزبەری _١٣٦٧ | ئوکتوبری _ ١٩٨٨

# خەباتی جەماوەری

کورتەیەك لە خەباتی کۆمەڵانی خەڵکی کوردستان لە دژی جمهووری ئیسلامی.

## خەبات لە دژی سەربازگیری

### مەهاباد:

* هێزە جینایەتکارەکانی جمهووری ئیسلامی، رۆژی ٢ی پووشپەر هێرشیکی گەورەیان کردەسەر کرێکارانی ئەو شارە لە "مەیدانی ئاسنگەران" و نزیکەی ٤٠ کەسیان بە سەربازگرت و رەوانەی مەرکەزە نیزامییەکانیان کردن.

تا رۆژی ٢٧ی مانگی پووشپەر ٢٠ کەس لەم کرێکارانە هەلاتوون و هەلاتنی باقییەکەشیان هەروا دریژەی هەیە.

* بەکریگیراوانی رژیم لە هەموو ئیمکاناتی خۆیان کەلکیان وەر گرتوە کە ژمارەیەکی زیاتر سەرباز بگرن. بەکریگیراوان بە وەسیلەی کونەپەرستانی محەللی و شوورا ئیسلامییەکان، نامەیان بۆ مەشموولانی گەرەکەکانی شار و دێهاتی ئەم شارە ناردوە و داوایان لی کردوون خۆ تەحویل بدەن. بەڵام لە هەموو شوینیك خەڵکی تێکۆشەر و مەشموولەکان لە دژی سەربازگیری رژیم راوەستاون و حازر نەبوون خۆی تەحویل دەنەوە.

* بەپێی هەوالی گەیشتوو و هەلاتنی سەربازان لە جبهەکان و مەرکەزە نیزامییەکان هەروا دریژەی هەیە و لەم دواییانەدا ١٠٠ کەسیتر لە سەربازانی خەڵکی شاری مهاباد هەلاتوون و گەراونەتەوە شوینی کار و ژیانیان.

* لە مانگی گەلاویژی ئەمساڵدا بەکریگیراوانی رژیم بۆ سەربازگیری هێرشیان بردە سەر گەرەکەکانی "ئەسحابە سپی" و "کانی سوفی تەها" و لە گەرەکی "ئەسحابە سپی" لاویکیان گرت.

بەڵام پەلاماری ژنان و پیاوانی زەحمەتکێشی ئەم گەرەکە بەکریگیراوانی ناچار کرد لاوە گیراوەکە ئازاد بکەن.

لە گەرەکی "کانی سوفی تەها"ش ئیعتیرازی خەڵکی تێکۆشەر بووە هۆی ئەوە کە چەند کەس لە گیراوەکان هەلین و خۆ لە چنگ بەکریگیراوانی دەرباز کەن.

### بۆکان:

بەکریگیراوانی رژیم لە شاری بۆکان دەستیان داوەتە هەول و تەقالایەکی تازە بۆ سەربازگیری و رەشبگیری مەشموولەکان و پوستی بازرەسی و کۆنترۆلی خیابانەانیان زیاتر کردوە و بە هێرشی دڕندانە توانیویانە ژمارەیەك لە مەشموولەکان غافلگیر کەن و بەرییان کەنە مەرکەزە نیزامییەکان.

بەڵام مەشموولەکان و خەڵکی تێکۆشەری ئەم شارە بە شێوەی جۆراوجۆر لە بەرانبەر ئەو سیاسەتەی رژیم دا راوەستاون و موقاوەمەتیان کردوە.

### پیرانشار:

بەکریگراوانی رژیم لە پیرانشار بە وەسیلەی ئیمام جومعەی بەکریگیراوی ئەم شارە و شوورا ئیسلامییەکان هەولیان دا کە بە بیانووی دیفاع لە نیشتمان، لاوەکان ناچار بکەن کە بۆ سەربازی رژیم سەردانەوینن. بەڵام خەڵکی زەحمەتکێش و لاوانی شۆرشگێر بە شیوەی جۆراوجۆر دەستیان داوەتە موقاوەمەت و حازر نەبوون بچنە سەربازی جمهووری ئیسلامی.

### سەقز:

* کاربەدەستانی جمهووری ئیسلامی بە بیانووی گورینی شناسنامە، هەولیان دا کە مەشموولانی شاری سەقز بە سەرباز بگرن بەڵام خەڵکی تێکۆشەر و لاوانی شۆرشگێر نەتەنیا فریوی ئەم سیاسەتەی رژیمیان نەخواردوە، بەڵکوو بەرانبەر بەم پیلانە راوەستان و بە هەموو شیوەیەك کومەکی سەربازانی فەرارییان کردوە.

* ژمارەیەك لەو سەربازانەی بەهاری ئەمساڵ گیرا بوون، لە کاتی راگویزتنیان دا شیعاریان لە دژی رژیم و سیاسەتە سەربازگیریدا. بەکریگیراوانی رژیم دوای گەیشتنە جێی ئەو سەربازانە، ژمارەیەك لەو کەسانەیان ٢ مانگ زیندانی کرد کە ٧٠ کەسیان خەڵکی شاری سەقز و ئەوانی تر خەڵکی مهاباد و بۆکان بوون. ژمارەیەك لە زیندانییە ئازاد کراوەکان، لە سەربازی هەلاتوون.

* بەپێی ئەو هەوالانەی بەدەستمان گەیشتوون دوای شکستی جمهووری ئیسلامی لە جبهەکانی شەردا، هەلاتن لە سەربازی و جواب نەدانەوەی سەربازان بە فەرماندەکانی رژیم بە شێوەیەکی بەرچاو پەرەی سەندوە و سیاسەتی سەربازگیری رژیم بە موقاوەمەتی خەڵك تووشی شکست هاتوە.

بەکریگیراوانی رژیم ناچار بوون بۆ فریودانی خەڵك مەلاکان کۆبکەنەوە و وانیشان بدەن کە بەرییان دەکەنە جبهەکانی شەر، بەڵام موقاوەمەتی خەڵکی تێکۆشەری ئەم ناوچەیە هەروا دریژەی هەیە.

### سەردەشت:

* دوای شکستی جمهووری ئیسلامی بەکریگیراوانی رژیم بۆ سەرکوت کردنی خەبات و ئیعتیرازی خەڵکی زەحمەتکێشی شاری سەردەشت و بۆ سەربازگیری، مەقەرەکان و پوستی بازرەسییەکانیان زیاد کردوە و دەرندانەتر لە پێشوو دەستیان داوەتە ئەزیەت و ئازاری خەڵك. بەڵام خەڵکی تێکۆشەری ئەم شارە سەرەرای ئەم زەخت و زۆر و هەرەشانە دەستیان لە موقاوەمەت هەڵنەگرتوە و حازر نەبوون بچنە سەربازی رژیم.

موقاوەمەتی خەڵك و لاوانی شۆرشگێر، رژیمی ناچار کردوە کە شوورا ئیسلامییەکان و جاسووسانی خۆی بۆ شناسایی کردنی مەشموولەکان و شوینی ژیانیان بخاتە گەر.

* خەڵکی ئاوایی "نیسك ئاوی" لە دژی رەشبگیری لاوانی ئەم ئاواییە ئیعتیرازیان کرد و بە موقاوەمەتی یەکگرتوویان نەیان هیشت کەس بە سەرباز بگرن.

* بەکریگیراوانی رژیم لە نیوەراستی مانگی گەلاویژدا، لە سێ رێیانی "بێزەیلە" ژمارەیەك لە لاوەکانیان گرت و ٥ کەسیان بە کەلەبچەوە بەری کردە پادگانی "چهل دختر" گیراوەکان لە رێگا دەستیان دایە ئیعتیراز و خوازیاری کردنەوەی کەلەبچەکانیان بوون.

ئەم ٥ کەسە دوای شەویك لە پادگانی "چهل دختر" هەڵدێن و حازر نابن سەربازی بۆ جمهووری ئیسلامی بکەن.

### مەریوان:

بەکریگیراوانی رژیم رۆژەکانی ئاخری مانگی جوزەردان بە مەبەستی سەربازگیری هێرش دەبەنە سەر خەڵکی ئاوایی "زەلکە" و هەول دەدەن بە پێك هێنانی ترس و نواندنی زەبر و زەنگ لاوەکان بە سەرباز بگرن.

بەڵام خەڵکی تێکۆشەری ئەم ئاواییە بە وشیاری و یەکگرتووییەوە کومەکی مەشموولەکان دەکەن و ناهیلن بەکریگیراوان کەس بگرن.

بەکریگیراوان کە لە ناو ئاوایی نەیان توانی کەس بگرن، مەزراو باغەکانی خەڵکیان دایە بەر دەسریژ و بە دەستی بەتاڵ گەرانەوە.

### پاوە:

بەپێی هەوالی گەیشتوو و هێزەکانی جمهووری ئیسلامی لە شاری پاوە، لە دریژەی بەرێوەبردنی سیاسەتی سەربازگیری دا کۆنترۆلی بازرەسی کووچە و خیابانەکان و جادەکانی ئەم شارەیان زیاتر کردوە و تا بتوانن ژمارەیەکی زیاتر بە سەرباز بگرن لە دریژەی ئەم هەول و تەقالایانەدا بەکریگیراوان لە جادەی باینگان _ پاوە ١٦ کەسیان گرت و رەوانەی مەرکەزە نیزامییەکانیان کردن. بەڵام ٦ کەس لە گیراوەکان توانیان هەڵین و خۆیان لە چنگ بەکریگیراوان دەرباز کەن.

## خەڵکی شاری سنە حازر نەبوون بچن بۆ جبهە

رۆژی ٤ی مانگی گەلاویژ، ژمارەیەك لە کاربەدەستانی رژیم لە شاری سنە وەك: ئیمام جومعە، نوینەری خومەینی لە کوردستان و رەئیس شارەبانی، بە خیابانەانی شاردا گەران و بە بلندگو داوایان لە خەڵك کرد بۆ چوون بۆ جبهەکانی شەر خۆیان بە مەرکەزە نیزامییەکان بناسێنن.

بەڵام خەڵکی تێکۆشەری سنە نەك هەر حازر نەبوون بچن بۆ جبهە، بەڵکوو ئاشکرا بیزاری خۆیان لە رژیم و کاربەدەستانی بەکریگیراو و خوشحالی خۆیان لە شکستی جمهووری ئیسلامی دەربری.

## خۆپێشاندانی خەڵکی بێژوی لە دژی شەر

رۆژی ١٧ی پووشپەر، لە نەتیجەی توپبارانی ئاوایی "بێژوی"دا، کەسیکی خەڵکی ئاوایی گیانی لەدەست دا و چەند کەسیتر بریندار بوون.

خەڵکی تێکۆشەری ئەم ئاواییەی "ئالان"ی سەردەشت، دەسبەجێ بە ژن و پیاوەوە کۆدەبنەوە و بە شیعاری "مەرگ و نەمان بۆ جمهووری ئیسلامی" و "ئیمە شەرمان ناوی" دەست دەکەن بە ئیعتیراز و خۆپێشاندانیك وەری دەخەن.

بەکریگیراوانی رژیم بۆ پێش گرتن بە پەرەگرتنی ئیعتیرازی خەڵك، حکوومەتی نیزامی لە ئاوایی دا رادەگەیەنن و لە شوینە حەساسەکانی ئاوایی دادەمەرزینن. ئەم تەزاهوراتە سەعاتیك دریژەی هەبوو.

## جووتیارانی ئاوایی زەلکە لە دژی رژیم و ئاغاکان راوەستان

ماوەیەك لەوەپێش، ئاغاکانی پێشووی ئاوایی "زەلکە"ی مەریوان بە پشتیوانی هێزەکانی رژیم هەول دەدەن کە بەشیك لە زەوی جووتیارانی ئەم ئاواییە لە دەستیان دەربینن و لەبری کار کردن لەسەر ئەم زەوییانە پوولیکی زۆریان لی بستینن.

جووتیارانی ئەم ئاواییە بە شیوەی جۆراوجۆر دەست دەدەنە موقاوەمەت و ئاخری بە پشتیوانی جووتیارانی ئاواییەکانی "دگاشیخان"، "سەرنژمار"، "وشکین" و "باران ئاوا" رایان گەیاند هەموو جۆرە پیلانیکی ئاغاکان و بەکریگیراوانی رژیم، بە خەباتی یەکگرتووی خۆیان پووچەل دەکەنەوە.

### نەغەدە:

ماوەیەکە هێزەکانی رژیم زەخت و زۆری خۆیان لەسەر خەڵکی زەحمەتکێشی نەغەدەت زیاتر کردوە، بەکریگیراوان چەندین جار هێرشیان کردوەتە سەر دەستفروشان و کەل و پەلەکانیان بە تالان بردوون. هەروەها بەکریگیراوان ویرای ملهوری بە هەر بیانوویەك بەرتیل لە خەڵك دەستێنن و کەل و پەلەکانیان بەتالان دەبەن.

خەڵکی زەحمەتکێشی ئەو شارە تا ئێستا زۆر جار دەنگی ئیعتیرازیان بەرز کردوەتەوە و بە ئاشکرا بیزاری قوولی خۆیان لە هێزە سەرکوتگەرەکانی رژیم دەربریوە.

## ئیعتیرازی خەڵکی شاری سەقز بە کەم بوونی نان

رۆژی ٢١ی جوزەردان، نزیکەی ١٠٠ کەس لە خەڵکی تێکۆشەری شاری سەقز کە لەبەر نانەواخانەیەك و لە بەر فەرمانداری کۆببونەوە، بە کەم بوونی نان ئیعتیرازیان کرد و خوازیاری زیاد کردنی سەهمیەی نانی خەڵکی ئەو شارە بوون.

فەرمانداری بەکریگیراوی ئەم شارە لە ترسی پەرەسەندنی ئیعتیرازی خەڵك سەهمیەی ئاردی ژمارەیەك لە نانەواخانەکانی زیاد کرد.

## گیرانی ژمارەیەکی زۆر لە خەڵکی زەحمەتکێشی ناوچەکانی کوردستان

بەکریگیراوانی رژیم دوای شکستی سەر شوورانەی لە شەری کونەپەرستانەیاندا، لە ترسی پەرەسەندنی ئیعتیراز و خەباتی خەڵکی زەحمەتکێش و بۆ تیك شکاندنی ورەی خەباتکارانەیان لە زۆر شوینی کوردستان دەستیان داوەتە گرتن و زیندانی کردنی خەڵکی زەحمەتکێش.

بەکریگیراوان لە ٨ ئاوایی مەریوان پتر لە ١٠٠ کەسیان بە بیانووی هاوکاری لەگەل کۆمەڵە گرت.

لە بەشەکانی "ژاوەرو" و "کەلاتەرزان"ی سنەش رژیم ژمارەیەکی زۆری لە خەڵك بە بیانووی لایەنگری لە کۆمەڵە گرتوە و ژمارەی گیراوەکان لە چەند ئاوایی زیاتر لە ٨٠ کەس بووە.

لە ناوچەی بانەش بەکریگیراوان زۆر کەسیان بە بیانووی لایەنگری لە کۆمەڵە گرتوە.

هەروەها لە ناوچەی بۆکان، بەکریگیراوانی رژیم ژمارەیەکی زۆریان لە خەڵکی ئاواییەکانی: "قەرەلی"، "حەشیئاباد"، "تەپی"، "شاریکەند"، "قورەبەراز" و چەن ئاواییتر گرتوە.

### سەردەشت:

رۆژی ١ی مانگی گەلاویژ بەکریگیراوانی ئیتیلاعاتی سپای پاسدارانی رژیم، لە نیوان ئاواییەکانی "گردینە" و "دەشتی وەزنی"ی سەردەشت دا کەمین بۆ کاروانچییەکان دادەنینەوە و تەقەیان لی دەکەن. لە جەریانی ئەم تەقەیەدا کاروانچییەکی خەڵکی "زیوە" بە نیوی حسین ممندی بریندار دەبی.

بەکریگیراوان هەروەها ١٤٥٠٠٠٠ تمەن پوولی کاروانچییەکان بە تالان دەبەن.

## موقاوەمەتی رانندەکانی مهاباد لە بەرانبەر بیگاری رژیم دا

رۆژی ١ی مانگی گەلاویژ بەکریگیراوانی جمهووری ئیسلامی دەچنە ترمینال و گاراجەکانی شاری مهاباد و بە رانندەکان رادەگەیەنن کە دەبی بچن بۆ بیگاری لە جبهەی پیرانشار بەڵام رانندەکان دەست دەکەن بە ئیعتیراز و حازر نابن بچن بۆ بیگاری رژیم و موسافیرەکانیش پشتیوانییان لی دەکەن.

هەر ئەو رۆژە بەکریگیراوان لە رانندەکانی ناو شاری مهابادیش داوا دەکەن بۆ راگویزتنی کوژراو و برینداری جبهە "حاجی ئومران" بچنە بیگاری رژیم. بەڵام جگە لە چەند رانندە کەسیتر حازر نابی بیگاری بۆ رژیم بکا.

## ئیعتیرازی سەرکەوتوانەی ژمارەیەك لە خەڵکی شاری بۆکان

رۆژی ١٣ی گەلاویژ ژمارەیەك لە خەڵکی شاری بۆکان لە نیو سەفی سەهول دا لە بەر دەرگای کارخانەی سەهول راوەستابوون. پاش ماوەیەك خەبەر دێنن کە ئاو و بەرق قەتع بووە و سەهول نیە و لە خەڵك داوا دەکەن کە بلاوە بکەن. بەڵام خەڵك دەست دەکەن بە ئیعتیراز و دەڵێن تا سەهول وەر نەگرین هەر لیرە دەمێنینەوە.

بەکریگیراوانی شارەبانی لە ترسی پەرەسەندنی ئەم ئیعتیرازە هێرش دەکەنە سەر خەڵك و کەسیك بریندار دەکەن و چەند کەسیش دەگرن. خەڵکی تێکۆشەر بەم جینایەتەی بەکریگیراوانیش ئیعتیراز دەکەن و خوازیاری ئازاد کردنی گیراوەکان دەبن.

کاربەدەستانی رژیم ناچار دەبن لە بەرانبەر ئیعتیرازی خەڵك دا هەموو گیراوەکان ئازاد کەن.

## ئیعتیرازی خەڵکی "هەبەکی" بە جینایەتی بەکریگراوان

لە مانگی پووشپەردا بەکریگیراوانی رژیم شوانیکی خەڵکی ئاوایی "هەبەکی" بۆکان دەدەنە بەر دەسریژ و دەی کوژن. خەڵکی ئەم ئاواییە ویرای ئیعتیراز بەم جینایەتەی بەکریگیراوان، خوازیاری سزادانی قاتلی ئەم زەحمەتکێشە دەبن.

بەکریگیراوان لە ترسی پەرەسەندی ئیعترازی خەڵك چەند رۆژ بەکریگیراوی قاتلیان گرت بەڵام دوای چەند رۆژ ئازادیان کرد.

## چەند هەوال لە تیك هەڵچوونی خۆ بە خۆی هێزەکانی رژیم

* رۆژی ٢٩ی مانگی پووشپەر، چەند واحید لە پێشمەرگەکانی کۆمەڵە لە دەور و بەری ئاوایی "سەولاوا"ی ناوچەی مەریوان خەریکی حەسانەوە بوون.

هێزە وەربەرداوەکانی رژیم لە ترسی پەلاماری پێشمەرگەکانی کۆمەڵە، هێزیکی زۆریان رژاندە مەقەر و پایگاکانیان. ئەو شەوە ٢ واحید لە بەکریگیراوان کە یەکتریان نەناسیبووەوە، خۆ بە خۆ لیکیان دا و ٣ کەسیان لە یەکتر بریندار کرد.

* رۆژی ٩ی مانگی گەلاویژ بەکریگیراوانی ژاندارمری رژیم لە پوستی بازرەسی "نەلاس"ی ناوچەی سەردەشت بەکریگیراویکی ئیتیلاعاتی سپای پاسدارانیان لە ماشین کێشایە خوار و وەبەر پەلاماریان دا. رۆژی دواتر بەکریگیراوانی سپای پاسداران، لە ئاوایی "نەلاس" ٢ ژاندارم دەگرن و دەرژێنە سەریان.

ئەم کێشە و لیدانە بە دەخالەتی بەکریگیراوانی ئەرتەشی کوتایی پی دی.

* بەپێی ئەو هەوالانەی بەدەستمان گەیشتوون شکستی جمهووری ئیسلامی لە شەری ئێران و عێراقدا، ناکوکی و ئیختیلافی نیوان هێزەکانی رژیمی زیاتر کردوە و لەم دواییانەدا چەندین جار بەکریگیراوانی ئەرتەش و سپای پاسداران تەقەیان لە یەکتر کردوە و ژمارەیەکیان لە یەکتر کوشتوە و بریندار کردوە.

دەورەی دووهەم ژمارەی ۲۷ رەزبەری _ ۱۳٦۷ ئوکتوبری _ ۱۹۸۸

پێشڕەو

## چەند هەواڵی کورت

* ئاخری مانگی پووشپەر، بەکریگراوانی رژیم لە بازاری "نەلاس"ی ناوچەی سەردەشت دەیانەوی کەل و پەلی کاروانچی‌یەك بە تالان بەرن و ئەو کاروانچی‌یە و ژمارەیەك لە لاوانی شۆرشگێر لە بەرانبەر بەکریگیراواندا رادەوەستن و بەکریگیراویك دەدەنە بەر پەلامار. ژمارەیەك لە بەکریگیراوانی محەللی رژیم دینە کومەکی بەکریگیراوەکە و چەند کەس دەگرن.

* کاربەدەستانی رژیم لە شاری سەقز نرخی ئاویان گران کردوە و نرخی ئاوی ٦ مانگی خانەوادەیەکیان لە ۱۰۰۰ تمەنەوە تا ۵۰۰۰ تمەن دیاری کردوە.

خەڵکی شار لیرە و لەوی لە دژی چوونە سەری نرخی ئاو چەند ئیعتیرازیان وەری خستوە و حازر نەبوون ئەم باجە بدەن بە جمهووری ئیسلامی.

* رۆژی ۲۵ی مانگی پووشپەر ژمارەیەك لە خەڵکی تێکۆشەری شاری سەردەشت پەلامار دەبەنە سەر بەکریگیراویکی رژیم بەڵام چەند بەکریگیراوی دیکە بۆ نەجات دانی هاوکارەکەیان هێرش دەکەنە سەر خەڵکی توورە و بە تەقەی هەوایی بلاوەیان پی دەکەن.

* منالە دەستفرۆشەکانی شاری سەردەشت بەرانبەر بە هێرشەکانی بەکریگیراوان راوەستان و بە ئیعتیرازی خۆیان و پشتیوانی خەڵك پاشەکشەیان بە مەئموورانی رژیم کرد.

* کاربەدەستان و مەسئوولانی زیندانی رژیم، زیندانی‌یە ئازاد کراوەکانیان خستوەتە ژیر زەخت و فشار بۆ ئەوەی کە ناچاریان کەن تا زوو بە زوو هات و چووی سپای پاسداران بکەن و ئیمزا بکەن و ئیتیلاعاتی خۆیان بدەن بە بەکریگیراوان. تەنانەت بەکریگیراوان ژمارەیەك لە زیندانی‌یە ئازاد کراوەکانیان سەر لە نوێ گرتوەتەوە و خستوویانیانەتە ژیر شکەنجە و فشارەوە.

* شەوی ۹ی مانگی گەلاویژ بەکریگیراوانی رژیم لە دەوروبەری ئاوایی "وشەدەرە"، لە بەشی سەرشیوی سەقز، کەمین دادەنینەوە و چەند زەحمەتکێشی خەڵکی ئەم ئاوایی‌یە دەدەنە بەر دەستریژ.

خەڵکی ئەم ئاوایی‌یە لە دژی کەمین دانانەوەی هێزەکانی رژیم و تەقە کردنیان لە خەڵك، ئیعتیرازیان کرد و ئەم جینایەتەیان مەحکووم کرد.

* هێزە جینایەتکارەکانی رژیم لە نیوەراستی گەلاویژدا زەحمەتکێشیك بە نیوی "محمەد ئەمین شریف" لە ئاوایی "هانەشیخان"ی مەریوان دەدەنە بەر دەسریژ و دەی‌کوژن.

* بەکریگیراوانی رژیم لە بەشی "گەورك"ی سەردەشت خەڵکیان خستوەتە ژیر زەخت و فشار. رۆژی ۲۸ی پووشپەر چادری یەکیك لە خەڵکی ئاوایی چوالان دەدەنە بەر دەسریژ و کچیکی ۱۵ ساڵە بە نیوی "ئایشی" دەکوژن و ۲ کەسی تریش بریندار دەکەن.

* بەکریگیراوانی رژیم لە ئاوایی‌یەکانی "وەلیو"، "پاراستان" و "نەلوسە" لەناوچەی سەردەشت حکوومەتی نیزامی‌یان راگەیاندوە و تا ئێستا بە هۆی مل کەچ نەکردن بۆ حکوومەتی نیزامی لە چەند کەسیان داوە.

* بەکریگراوانی ئیتیلاعاتی سپای پاسدارانی سەردەشت، لە ژمارەیەك لە ئاوایی‌یەکانی ئەم ناوچەیە خۆیان بە پێشمەرگە لە قەلەم داوە و پوولیان لە خەڵك ئەستاندوە.

* بەکریگیراوانی رژیم لە ترسی حوزووری هێزی پێشمەرگە و بۆ تەنگەبەر کردنی مەیدانی هەڵسوورانی هێزی پێشمەرگ، لەسەر جادەی ژمارەیەك لە ئاوایی‌یەکانی ناوچەی سەردەشت، دەستیان داوەتە دانانەوەی مین. لە ئاوایی "سیسیر" بەکریگیراوان هەر ئیوارە مین لە جادەی ئاوایی دادەنێنەوە و تا ئێستا ژمارەیەك لە مەر و مالاتی خەڵك تێداچووە.

* دوای شکست و پاشەکشەی هێزەکانی رژیم لە جبهەکانی مەریوان، ژمارەیەکی زۆر لە ئاوایی‌یەکانی ئەم ناوچەیە چول کران و خەڵکی ئەم ئاوایی‌یانە ئاوارە بوون. ئاوایی‌یەکانی "جەژنی ئاوای"، "خانمەکون"، "میرئاوا"، "خاو"، "ساوجی" و چەند ئاوایی‌تر بە تەواوی ویران بوون و و خەڵکی ئەم ئاوایی‌یانەش ئاوارە بوون.

* رۆژەکانی هەوەڵی مانگی گەلاویژ، بەکریگیراوانی رژیم لە ئاوایی "توراخ تەپە"ی مەریوان بۆ ترساندنی خەڵکی ئاوایی دەست دەکەن بە تەقە و زەرەر و زیانیکی زۆر لە خەڵك دەدەن. ژنان و پیاوانی ئەم ئاوایی‌یە بەم جینایەتەی بەکریگیراوان ئیعتیرازیان کرد.

***

# سیمای سیاسی حیزبی دیموکراتی داروودەستەی قاسملوو بە چی دەناسرێتەوە؟

سیمای راستەقینەی حیزبی دیموکراتی داروودەستەی قاسملوو بە باشترین شێوە لەم دوو نموونەیەی خوارەوەدا کە هەرتکیان لەچەند رۆژی رابوردوودا روویان داوە خونیشان دەدا.

یەکەمیان وت و وێژیك بوو کە قاسملوو لەگەل دەنگی ئەمریکا کردی و تێیدا لەم دەرفەتە کە بۆی هەڵکەوتبوو کەلکی وەرگرت هەتا دوژمنایەتی کویر و کونەپەرستانەی خۆی لەگەل ئامانجی کۆمەڵانی کرێکار و زەحمەتکێش و لەگەل کۆمۆنیزم لە رادیوی ئەمریکاوە جاریکی‌تر رابگەیەنی و تەئکیدی لەسەر بکاتەوە. لە لایەکی‌تریشەوە لە کوردستان چەکدارەکانی قاسملوو لە سنوورەکانی سەردەشت لە چوار رۆژدا دووجار رێگایان لە ژمارەیەك لە پێشمەرگەکانی بەشەکەی‌تری حیزب دیموکرات گرت و لە گەلیان تێك هەڵچوون کە هەرتك جار ژمارەیەك لە هەرتك لا کوژران و بریندار بوون. هاوکات بوونی ئەم دوو حەرەکەتە ئەگەرچی رەنگە بە هەڵکەوت بی بەڵام لە ناوەرۆك دا، دووبەشی سیاسەتیکی واحید پێك دێنن و بە تەواوی پەیوەندیان بەیەکەوە هەیە. تەقالاکانی قاسملوو بۆ نیشاندانی توانایی و زەرفییەتی دژ بە شۆرشی بەرانبەر بە کۆمەڵە و بەرانبەر بە هێزە سیاسی‌یەکانی موخالیفی داروودەستی قاسملوو لە کوردستان بۆ ئەوەیە کە ئەم سیاسەتی خۆی لە لای بورژوازی بنێتە بازاری معامەلە و بیکاتە وەسیلەیەك بۆ ئەوەی ئەمپریالیستەکان وەك جەرەیانی بەکەلك بۆ خۆیان وەری بگرن. رێگری و شەرخوازی ئاغای قاسملوو ئەگەر بۆ ئەوە نەبی کە لە لای بورژوازی لە ئورووپا و ئەمریکا بێهنێتە سەر سەودا و بازاری خۆی پی گەرم بکا بە کەلکی چ دی؟ ئەم دوو هەنگاوە بە روپشتی میدالیکن کە دەمیکە بەسەر سنگی ئەم داروودەستەیەی حیزبی دیموکراتەوە دەلەرێتەوە. میدالی دوژمنایەتی کویر و کونەپەرستانە لەگەل هەر بیریکی پێشرەو و شۆرشگێر، وە لەگەل هەر هەڵسوورانیکی وشیاریدەرانە و هەر شتیك کە موریکی دیموکراسی و ئازادی سیاسی پێوە بی، دوژمنایەتی لەگەل هەر هەنگاویکی کرێکاران و زەحمەتکێشان بەرەو یەکگرتن و بۆ دیفاع لە ماف و ئامانجە چینایەتی‌یەکانی خۆیان. ئەم میدالە ئەگەر لە لای خەڵکی کوردستان جێگای نەفرەت و بیزاری‌یە و مەحکوومە، بۆ قاسملوو و داروودەستەکەی ئاخرین دەسمایەی حەیاتی سیاسی‌یانە.

ئەم حیزبە پاش ئەوەی لە شەر لەگەل کۆمەڵەدا جگە لە شکستی سیاسی و نیزامی هیچی پی نەبرا، دەستی لە ئاژاوەنانەوەی چەکدارانە لە بزووتنەوەی کوردستاندا هەل نەگرت. ئاگر بەسی کۆمەڵەی قەبوول نەکرد و دریژەی بە شەرخوازی خۆی دا و ئەمرۆ دەبینین کە بۆ پاراستنی مەوجوودییەتی سەرشۆرانەی و بۆ پاراستنی ئیعتباری لە دەست چووی لەو مەنتەقەیەدا رووی کردوەتە رێگری و هێرشی چەکدارانە بۆ سەر بەشەکەی تری حیزبی دیموکراتیش. بەم جۆرە ئاشکراتر لە هەمیشە نیشانی داوە کە ئیتر قاسملوو و حیزبەکەی هیچ پەیوەندیکیان لەگەل بزووتنەوەی حەقخوازانە و شۆرشگێرانە و لەگەل بەرژەوەندی کۆمەڵانی خەڵکی کوردستان نیە.

نیشانەی سیمای ئەم جەماعەتە لە مەیدانی سیاسی ئەمرۆی ئێران و کوردستاندا تەنیا بریتی‌یە لە دوژمنایەتی کویر لەگەل ئامانجە کرێکاری‌یەکان و خەیانەت پێشەیی لە مەیدانی بزووتنەوەی جەماوەری دا لە کوردستان. حوزوور و فەعالییەتی ئەم داروودەستەیە لە بزووتنەوەی جەماوەری دا لە کوردستان جگە لە پێك هێنانی موزاحەمەت لە بزووتنەوەی شۆرشگێرانەی کوردستاندا هیچ خاسییەتیکی‌تری نیە.

لە هەلومەرجی ئێستادا و بە لەبەرچاو گرتنی ئەو بوحرانە و گیروگرفتانە کە بەروکیان بە جمهووری ئیسلامی گرتوە، لە کوردستان شیعار و ویستی گشتی ئەوەیە کە بە پەرەپێدانی خەباتی جەماوەری و چەکدارانە دەسەڵاتدارەتی ئەم رژیمە داگیرکەرە لە کوردستان هەڵپێچری. بەڵام هەموو کارکردی حیزبی دیموکراتی داروودەستەی قاسملوو بە پێچەوانەی ئەم داخوازەیە و کوسپ بوونیان لەسەر رێگای خەباتی جەماوەری بە تەواویی ئاشکرا بووە. ئەگەر عەمەلییاتیکی نیزامی لە دژی جمهووری ئیسلامی‌دەکەن بۆ ئەوەیە کە ئیمکانیکیان بۆ پێك هێنانی موزاحەمەت بۆ باقی هێزە سیاسی‌یەکانی هەبی. ئەمانە بە کردەوە تەنیا خزمەت بە جمهووری ئیسلامی دەکەن و هیوادارن رۆژیك ئەم خزمەتە بە حیسابیان بنووسری و معامەلەیەکیان لەگەل بکری. چارەنووسی ئەم داروودەستەیە لەم سیاسەتانەیان دا هەرچی بی، ئەو شتەی بۆ کرێکاران و زەحمەتکێشانی وشیار و راپەریوی کوردستان پێویستە ئاگادار بوونی هەرچی زیاترە لە چارەنووسی حیزبی سیاسی بورژوازی لە بزووتنەوەی کوردستاندا کە ئێمە پێشتر لەم بابەتەوە دواوین و قسەی زیاتری هەل دەگرین بۆ داهاتوو. بەڵام ئەو شتە کە وەبیر هێنانەوەی پێویستە ئەو واقعییەتەیە کە حیزبی دیموکرات لە رەوتی روو لە کزبوون و دامرکانی خۆیدا بە دریژایی ئەم چەند ساڵە لە دوژمنایەتی کردنیدا لەگەل ماف و ئازادی‌یەکانی خەڵکی زەحمەتکێش و ریزی کرێکارانی وشیاری کوردستان لە چوارچێوەی خەباتی سیاسی‌دا نەماوەتەوە و نەیتوانیوە ناکوکی‌یە سیاسی و چینایەتی‌یەکانی خۆی لەگەل کۆمەڵە و کرێکاران و زەحمەتکێشانی کوردستان بە شیوەی سیاسی بەرەوپێش بەری. لە نەتیجەدا کەوتە تەقالا بۆ داسەپاندنی شەری سەراسەری بەسەر کۆمەڵەدا هەتا بە خیالی خۆی بەم جۆرە مەوقعییەتی لە دەست چووی خۆی وەدەست بێنێتەوە. یانی لە لایەکەوە بە زۆری سەرەنیزە و لە مەیدانی بزووتنەوە و خەبات دا لە کوردستان ببێتە کوسپی سەر رێگای گەشە و پەرە گرتنی هەڵسوورانی وشیاریدەرانە و رزگاریبەخشی کرێکاران و لە لایەکی ترەوە ئەم کارکرد و سیاسەتەی خۆی بکاتە دەست مایەیەك بۆ معامەلە و سازان لەگەل جمهووری ئیسلامی و هەروەها نیشاندانی سیمای دژی کۆمۆنیستی خۆی بە ئەمپریالیستەکان. چەند ساڵ شەر لە دژی کۆمەڵە رێك بە پێچەوانەی ئەو شتە کە حیزبی دیموکرات چاوەروانی بوو حاسلەکەی بۆیان بوو بە شکستی چەکدارانە و بی ئیعتبار و سەرەنجام تووندوتیژ بوونەوەی ناکوکی و کیشەی ناوخۆیی ئەو حیزبە و لە ئەنجامدا جیابوونەوەی بەشیك لەو حیزبە لە زستانی رابوردوودا. قاسملوو و داروودەستەکەی بەرانبەر بەم جیابوونەوەیەش نەیانتوانی شیوەی خەباتی سیاسی بگرنە پێش و هەر لە سەرتاوە بە رەفتاری غەیرە سیاسی و هەرەشە و شەری رەوانی وەعدەی شەری چەکدارانەیان بە بەشەکەی تری حیزبی دیموکرات دا و هەروەك دیتمان بەرەیوەشیان برد و لەم شەرەش دا نەك هەر هیچ سەرکەوتنیکی چەکدارانەیان بەدەست نەهێنا بەڵکوو داماوی و پەك کەوتوویی خۆیانیان لە هەمیشە ئاشکراتر بەرچاو خست. بەم جۆرە ئەمرۆ سیاسەتیك کە حیزبی دیموکراتی کیشایە شەری چەند ساڵە لە دژی کۆمەڵە و زەربەوەشاندن لە پەیکەری بزووتنەوەی هەقخوازانەی خەڵکی کوردستان، سیاسەتیك کە بوحران و سەر لی شیواوی و جیابوونەوەی بۆ حیزبی دیموکرات بە دیاری هێنا و ئەم حیزبەی لە بەرچاوی کۆمەڵانی خەڵکی کوردستان و هێزە سیاسی‌یەکان بی ئیعتبار کرد و بە تاقی خستەوە، بۆ هەموان دەرکەوتوە. بەڵام وادیارە ئەم هەموو دەرس و تەجرەبەیە بۆ ئەم جەماعەتە بەس نیە. بی زەرفییەتی سیاسی و بە دوور بوون لە هەر چەشنە دیموکراسی‌یەك، جەماعەتی قاسملووی لە باری سیاسی‌یەوە تووشی حال و وەزعیکی ئەوەندە شپرز کردوە کە چەکدارەکانی حیزبەکەی بۆ مانەوەی تاقمی بەرێوەبەرایەتی ناچار کردوە کە دەست بدەنە شەری چەکدارانە لە دژی بەشەکەی تری ئەو حیزبە و دوای چەند مانگ هەرەشە و خۆرانان سەرەنجام شەر لەگەل بەشکەی‌تریان دەست پێکرد و پەرەیان پێدا. رووداوەکانی ئەم دواییە و هەموو کار کردەکانی باندی قاسملوو بەڵگەی بوحران و بن بەست و نیشانەی بی ئاسویی و سەر لی شیواوی ئەم حیزبەن. داروودەستەی قاسملوو کەوتوونەتە بن بەستیکی ئاشکرا و هیچ ئاسویەکی روونیان نیە. بی پرەنسیپی سیاسی و فەسادیك کە رابەری ئەو حیزبەی داگرتوە و بە تایبەت دوای جیابوونەوەش زیاتر پەرەی گرتوە، ئیتر لە نیو کۆمەڵانی خڵك دا ئیعتباریکی بۆ ئەو حیزبە نەهیشتوەتەوە و ئێستا تاقە رێگایەك کە پێیان شك دی سازان و معامەلەیە لەگەل کونەپەرست ترین و جینایەتکارترین دوژمنانی دیموکراسی و کۆمۆنیزم و مافەکانی خەڵکی زۆرلێکراوی کورد. وە بەم مەبەستەوە هەر لە بارەگای ئەمپریایزمی ئەمریکاوە هەتا بارەگای رەفسەنجانی و جمهووری ئیسلامی پەیك و پەیامیان بەرێویە و چاوەرین هەتا بەشکەم دەرگایەکیان بەروودا بکرێتەوە. ئەم واقعییەتە کە ئەم داروودەستەیە بە نیو ئەم پیلان و سەودا و معامەلەیەش دا هیچ رێگایەك بۆ نەجان دانی خۆیان نابێننەوە و ئەم سیاسەتەش بێجگە لە سەر شووری زیاتر هیچیان بە نسیب ناکا ئەوە بە جێی خۆی، بەڵام ئەوەی هەر لە ئێستاوە روون و ئاشکرایە نەفرەت و بیزاری کۆمەڵانی کرێکار و زەحمەتکێش و خەڵکی تێکۆشەر و زۆرلێکراوی کوردستانە کە سەرچاوەی هەموو ناکامی‌یەکانی تا ئێستای ئەم جەماعەتە بووە و لە داهاتووش دا بێجگە لە ریسوایی و تەریك مانەوەی هەرچی زیاتر و دابرانیان لە کۆمەڵانی شۆرشگێری خەڵکی کوردستان هیچیان بە نسیب ناکا.

ئەم وتارە لە دەنگی شۆرشی ئێرانەوە بلاو کراوەتەوە.

***

## پاشماوەی لە دژی ئیعدامەکان، ئیعتیراز بکەن!

لە هەلومەرجیکی ئاوادا عەمەلیاتی بی باکانە و تیك شکێنەری هێزەکانی پێشمەرگەی کۆمەڵە لە شارەکان و لە قوولایی مەنتەقەی پر لە چەکدار و میلیتاریزەی کوردستان، ئارام و ئوقرەی لە هێزە سەرکوتگەرەکانی رژیم هەڵگرتوە و بەم جۆرە داماوی و زەبوونی هێزەکانی رژیمی ئاشکراتر کردوە و هیوای سەرکەوتنی لە دلی خەڵك داگەشەدارتر کردوە و هات و هاوار و ئیددیعا پووچەکانی رژیمی کردوەتە گالتە جاری هەموان.

کۆمەڵانی خەڵکی تێکۆشەر!

ئەم دیکتاتورە میزەربەسەرانە، بۆ قەرەبوو کردنەوەی شکستەکانی خۆیان لە جەبهەکانی شەری ئێران و عێراقدا، لە کووچە و خیابانی شارەکان و لە گوشەی زیندانەکان، بە شوین سەرکەوتن دادەگەرین، وە بەوەگەر خستنەوەی جووخەکانی ئیعدام، بی هوودە پەلەقاژە دەکەن تا لە سایەی ترۆرو ترساندن و توقاندن دا، عومری نگریسیان دریژ کەنەوە.

رژیم بۆ بەرێوە بردنی ئەم سیاسەتە درندانەیەی خۆی، لە مێژە مولاقاتی زیندانیانی سیاسی برێوە تا پێش بە بلاو بوونەوەی هەر جۆرە خەبەر و دەنگ و باسیك لە بابەت چارەنووسی ئەوانەوە بگری. پاشان شایعەی ئیعدام کرانی ئەوانی بلاو کردەوە تا بزانی خەڵك چلون لە بەرانبەر ئەم شایعانە دا دەجوولینەوە. ئێستاش بە پێی ئەو خەبەرانەی گەیشتوون و بە پێی تەحقیقات و لیکولینەوەی ئێمە دەیان کەس لە خەباتکارانی شارەکانی سەقز، مهاباد، و سنە لە لایەن ئەم جینایەتکارانەوە ئیعدام کراون!

کرێکاران!

خەڵکی تێکۆشەری کوردستان!

رژیمی جمهووری ئیسلامی، رژیمی سەرکوت و شکەنجە و ترۆر، لە ترسی پەرەسەندنی ئیعتیرازاتی خەڵك و هەلمەتی تیك شکێنەری هێزی پێشمەرگە ئیعدامی بە کۆمەڵی‌روو لە تێکۆشەرەکانی ئیوەی وەری خستوە.

دەبی دەسبەجێ بۆ بەربەست کردنی ئەم سیاسەتەی رژیم و بۆ پێش گرتن بە دووپات بوونەوەی ئەم جۆرە جینایەتانە، دەس بەکار بن! لەگەل خانەوادەی ئەم خەباتکارانە هاودەردی بکەن! کووەبوون لەسەر قەبران و مەراسمی ریزگرتن لەم قوربانی‌یانەی وەحشی گەری جمهووری ئیسلامی، بکەن بە ئیعتیراز لە دژی ئیعدام کردنی بە کۆمەڵ لە لایەن رژیمەوە.

موقاوەمەت و ئیعتیرازی ئیوە دەتوانی پاشەکشە بە رژیم بکا.

مەرگ بۆ جمهووری ئیسلامی!

بەریز بی یادی ئازیزانی گیان بەخت کردوو!

کومیتەی ناوەندی سازمانی کوردستانی حیزبی کۆمۆنیستی ئێران (کۆمەڵە)

۳۰ی خەرمانانی ۱۳٦۷

***

پێشڕەو

دەورەی دووهەم | ژمارەی ٢٧ | ڕەزبەری _١٣٦٧ | ئوکتوبری _ ١٩٨٨

## ( پاشماوەی ) ئەهمییەتی سەرکەوتنەکانی ئەمساڵی کرێکارانی کوورەخانەکان

یەکەم، ئەمساڵ، زۆر زووتر لە سالان مانگرتن لە کوورەخانەکان دەستی پێکرد. ئەمە نیشان دەدا کە کرێکاران و ڕابەرانی بە تەجرەبەیان، لە ماوەی پاییز و زستاندا پەیوەندی یان لیك نەبراوە، بو خەباتی سەردەمی کار تەدارەکیان دیوە و بە گشتی ئامادەگی‌یان بۆ مانگرتن و خەباتی یەکگرتوانە لە چاو پارەکە، هەنگاویك بەرەو پێشتر چووە.

دووهەم، خەباتی ئەم بەشە لە کرێکاران، بەرادەیەکی بەرچاو سەراسری بوو. لە "سەردەرو"ی "تەوریز" و تا "مەرەند" و "وایگان" و تا "هەمەدان" و هەروەها "تاکستان" و "مهاباد" و "کەرەج"، کرێکارانی کوورەخانەکان چەندین خەبات و مانگرتنی سەرکەوتوانەیان بەرێوە برد. کرێکارانی کوورەخانەکانی "هەمەدان" ئەمساڵ دووجار مانیان گرت و بەشیلگیری خۆیان سەرکەوتنیکی بی وێنەیان وەدەست هێنا و حەقدەستیان بەجاری گەیاندە ٢٣٠ تمەن.

سێهەم، ڕادەی یەکگرتوویی و ریك و پێکی مانگرتنەکان، بە ئاشکرا، پێشکەوتوو تر لە پار بوو. هەموو بەشەکان، لە قالبدار و چەرخکیش و قرمزدار و ئەمبار زەنەوە، پێکەوە خەباتیان کرد و تەنانەت لە بریك شوێنیش، بی ئەوەی بگاتە مانگرتن. بۆ جێبەجێ کردنی داخوازەکانیان، سەریان بە سەرمایەدارانی خاوەن کوورە دانەواند.

سەرجەمی تەجرەبەی ئەمساڵی ئەم خوشك و برایانەمان نیشان دەدا کە لیهاتوویی و هێزی کرێکاران، یەکگرتوویی و ڕێك و پێکی‌یان، وە لە نەتیجەدا ئامادەگی‌یان بۆ پووچەڵ کردنەوەی پیلان و فشاری دوژمن بە سەرمایەدار و دەوڵەتەوە، زیادی کردوە. بە پێچەوانەی ریزی دوژمن زۆر لە پارەکە شپرزەتر و داماوتر خۆی نواندوە.

وەختیك ئەم نەتیجەگیری‌یە کورت و گشتی‌یەی خەباتی کرێکارانی کوورەخانەکان لەگەل چەند نموونەی‌تری وەك : هاتنە مەیدانی سەرکەوتوانەی کرێکاران، حەرەکەتی بەهێزی رۆژی کرێکار لە سنە و لە مهاباد، وە چەندین خەبات و مانگرتنی سەرکەوتوانەی کرێکارانی ساختمانی، لە پال یەکتردا بێنین، بێگومان بۆمان دەردەخا کە هێزە و توانامان، لیهاتوویی و قابیلیەتی ڕێکخراوبوون و موبارەزە کردنمان لە رادەیەکدا یە کە بتوانین سەرکەوتنی لەمەزیاتریش بەدەست بێنین.

ئەم پێشرەوی‌یانە، لە سەردەمیکدا کە ریزی دوژمنانمان تووشی دەیان گیروگرفت و تەنگانە و شکستە، هەر ئێستا دەتوانی سەرکەوتنی سەنگەر بە سەنگەرمان بۆ بەدەست هێنانی هەموو داخوازە فەوری‌یەکانمان، ئاسانتر و گونجاوتر بکا. ئەم راستی‌یە دەبی تێنی دل و هومیدی سەرکەوتنمان زیاتر بکا و ریزەکانمان لیك نزیکتر بکاتەوە و ڕێگا بۆ هاتنە مەیدانمان خوشتر بکا. تا ئەو جێگایە کە دەگەرێتەوە سەر خوشك و برایانی کوورەخانەکان، ئێمە جاریکی‌تریش پیروزبایی‌یان لی دەکەین.

خوشك و برایانی کرێکاری کوورەخانەکان کە ئەمساڵ نە تەنیا خۆیان سەرکەوتنی گەورەیان وەدەست هێنا، بەڵکوو لە خەباتی ئەمساڵمان دا رچەشکین و پێشقەدەم بوون، دەبی قەدری ئەم پێشرەوی‌یانە بزانن و یەك رۆژیش هەنگاوی لی شل نەکەنەوە، دەبی وریایی خۆیان بەرانبەر بە دوژمن لە دەست نەدەن، پێویستە ئەم خەباتەی کە تا ئێستایان هێناوە، هەتا ئاخری فەسلی کار و تا گەیشتن بە هەموو داخوازەکانیان دریژەی پی بدەن. کرێکارانی کوورەخانەکان دەبی زیاد کردنی حەقدەست بە پێی گرانی وەك ئەسلیك بخەنە جێ. ئەو هەقەبچەسپێنن کە لە وەختی خۆی‌دا، حەوتوو بە حەوتوویان ئەو پەری مانگ بە مانگ، حەقدەستیان پی بدری، هەروەها پێویستە ئەو مافە حاشا هەڵنەگرەی خۆیان کە دەبی شەرایەتی کار و ژیانیکی باشتریان هەبی، جێگیر بکەن.

بەڵام تەجرەبەی گشتی‌تری ئەم سەرکەوتنانە بۆ ئێمە و هەموو کرێکاران ئەوەیە کە هێزی خۆمان و قودرەتمان لە کاتی یەکگرتوو بوون و ڕێکخراو بوونی ریزەکانماندا، باشتر بناسین. هەروەها وەزعی دوژمنان، یانی ئەم حال و وەزعەی کە ئێستا دوژمنمان تیی کەوتوە، بە وردی هەڵسەنگینین و بی ناسین. دەبی وشیار بین، دەرفەتیکی تاریخی و گەورەمان وەدەست کەوتوە! دوژمنان لە ئەساسی‌ترین سیاسەتەکانی خۆیدا شکستی خواردوە و ئەوە بۆ ئێمە دەرفەتیکی زۆر گەورەیە بۆ بەرەوپێش چوون و سەنگەر لی گرتنی، ئەمە هەڵێکە بۆ ئەوەی زیاتر بێنە مەیدان و بە هێزی ریزی یەکگرتوومان، هەموو حەقی خۆراومان بستێنەوە.

ئێستا بۆ زیادکردنی حەقدەست، بۆ داسەپاندنی بیمەی بێکاری، بۆ دابین کردنی پێداویستی‌یە سەرەکی‌یەکانی ژیانمان بە قیمەتی دەوڵەتی، بۆ پی بژاردنی تاوانی خەسارەتی ئاوارەکان و ئەو خانەوادانە کە نان ئاوەری مالیان لە شەری ٨ ساڵەی رژیمدا لە دەست داوە، بۆ داسەپاندنی ئازادی مانگرتن و ڕێکخراوبوون، بۆ ئازاد کردنی کرێکارە گیراوەکان و تێکۆشان لە پێناو ئازادی هەموو زیندانیانی سیاسی‌دا و بۆ زۆر داخوازی‌ترمان، زەمان لە هەمیشە ئامادەترە.

لەم مەیدانەدا کارسازترین چەکمان ڕێکخراوبوون و یەکگرتنە کە ئەمرۆ لە ٢ ڕێگاوە دەتوانین وەدی بێنین، لە ڕێگای پێکهینانی زۆر بە زووی کۆبوونەوەی گشتی‌یەوە و لە ڕێگای پەیوەندی دایمی کرێکارانی پێشرەو و کۆمۆنیست پێکەوە. نەك هەر لە نیو کارخانە و سنفیکدا، بەڵکوو لە شار و مەنتەقەدا.

ئەم وتارە رۆژی ٢٠ی گەلاوێژ لە دەنگی شۆرشی ئێرانەوە بلاو کراوەتەوە.

***

# خەباتی هێزی پێشمەرگەی کۆمەڵە

### لە کەمینی پێشمەرگەکانی کۆمەڵەدا لە نزیك ئاوایی بستام لە سەر جادەی سەقز _ مەریوان ١٥ بەکریگیراوی رژیم کوژران و بریندار بوون.

شەوی ٢ی مانگی گەلاویژ پێشمەرگەکانی کۆمەڵە لە گوردانی کاوە، لە نزیك ئاوایی "بستام" لە سەر جادەی سەقز _ مەریوان، کەمینیان بۆ هێزە داگیر کەرەکانی رژیم دانا.

واحیدیکی رژیم سەعات ٩ی شەو کەوتە کەمین و لە چەند میرتی‌یەوە درایە بەر ئاوری چەکی پێشمەرگەکانو چەند کەسیان کوژران و بریندار بوون و چەند کەسیش لە تاریك بوونی هەوا کەلکیان وەرگرت و هەلاتن.

لە کاتیك دا کە بەکریگیراوانی پایگا و مەقەرەکانی دەوروبەر بە کالیبر٥٠ و خومپارەی ١٢٠ شوینی شەرەکەیان دەکوتا، واحیدیکی‌تری پێشمەرگەکان بەکریگیراوانی رژیمیان لە نزیکەوە دایە بەر پەلامار و تەلەفات و خەسارەتیکی بە خۆیان و ماشینەکانیان گەیاند.

لەم عەمەلیاتەدا نزیکەی ١٥ بەکریگیراوی رژیم کوژران و بریندار بوون و پێشمەرگەکان هەموو بە سلامەت گەرانەوە ئەو شوینانەی کە لە پێشدا دیاری کرا بوو.

### لە پەلاماریکدا بۆ سەر هێزەکانی رژیم لە نیوان ئاوایی‌یەکانی "بوخەلوو" و "سەردەرەی سەقز":

* ٣ ماشینی بەکریگیراوان تیك شکان
* نزیکەی ١٥ کەس لە بەکریگیراوان کوژران و بریندار بوون

سەعات ٧و ١٥ دەقیقەی ئیوارەی رۆژی ٢ی مانگی گەلاویژ، چەند وادحیدی پێشمەرگەکانی کۆمەڵە لە گوردانی ٢٦ی سەقز و گوردانی کاوە، لە نیوان ئاوایی‌یەکانی "بوخەلوو" و "سەردەرە"ی سەقز، ٣ ماشینی هەڵگری بەکریگیراوانی رژیمیان خستە کەمین و داوایان لی کردن تەسلیم بن.

بەڵام بەکریگیراوان تەسلیم نەبوون و کەوتنە بەر پەلاماری تیك شکینەری پێشمەرگەکان و هەر سیك ماشینەکان تیك شکیندران و زۆربەی بەکریگیراوان کوژران و چەند کەسیش بەشلەژاوی هەلاتن.

بەکریگیراوانی پایگاکانی دەرووبەر بە چەکی سووك و قورس مەنتەقەیان کوتا و لە پایگای "بوخەلوو"ەوە هێزی کومەکیان بەرەو شوینی شەرەکە بەری کرد. بەڵام هێزی کومەکی رژیمیش کەوت کەمینی واحیدیکی‌تری پێشمەرگەکان و دوای دانی تەلەفاتیك، ناچار بە پاشەکشە کرا.

لەم عەمەلیاتەدا نزیکەی ١٥ کەس لە بەکریگیراوانی رژیم کوژران و بریندار بوون و سێ ماشینی رژیم تیك شکێندرا.

بە دەستووری فەرماندەی عەمەلیاتەکە، پێشمەرگەکان بۆ پاراستنی خۆیان، دەسکەوتەکانیان کونەکردەوە و هەموو بە سلامەت شوینی شەرەکەیان بەجێ هیشت.

### لە بەرزایی‌یەکانی "کاوملە" لە سەرشیوی سەقز:
### پێشمەرگەکانی کۆمەڵە واحیدیکی دوژمنیان لە داو خست و چەند هێرشی هێزەکانی رژیمیان تیك شکاند.

رۆژی ١١ی مانگی گەلاویژ، چەند واحید لە پێشمەرگەکانی گوردانی ٢٦ی سەقز، کە لە بەرزایی‌یەکانی "کاوملە" لە بەشی سەرشیوی سەقز بوون. لە جم و جوولی واحیدیکی هێزەکانی رژیم ئاگادار بوون و کەمینیان بۆ دانان و لە نزیکەوە هێرشیکی قورسیان کردنە سەر و ژمارەیەك لە بەکریگیراوانیان کوشت و ژمارەیەکی‌تریشیان بریندار کرد. باقی بەکریگیراوانیش بە بی دەست کردنەوە هەلاتن.

هێزەکانی رژیم بۆ قەرە بوو کردنەوەی شکستی خۆیان، سەعات ٧ی بەیانی لە ئاوایی "حاجی ئەول"ەوە بەرەو شوینی پێشمەرگەکان وەری کەوتن. بەڵام کەوتنە کەمینی واحیدیکی تری پێشمەرگەکان و دوای دانی تەلەفاتیك پاشەکشەیان کرد.

فەرماندە جینایەتکارەکانی رژیم بە هەرەشە و گورەشە، هێزەکانیان کودەکەنەوە و جاریکی‌تریش هێرش دەکەنە سەر پێشمەرگەکان، بەڵام راوەستاوی پێشمەرگەکان مەجبوریان دەکا دوای دانی تەلەفاتیکی‌تر، بەیەکجاری، پاشەکشە بکەن.

لە جەرەیانی ئەم عەمەلیاتەدا سەرجەم ١٦ کەس لە بەکریگیراوان کوژران و بریندار بوون کە جەنازەی چەند کەسیان تاکوتایی پی هاتنی عەمەلیاتەکە لە دەست پێشمەرگەکاندا بوو. هەروەها چەکیك بە هەموو موهیماتەوە کەوتە دەست پێشمەرگەکان.

پێشمەرگەکان سەرەرای توپ بارانی هێزە جینایەتکارەکانی دوژمن، هەموویان بە سلامەت، دوای تەواو بوونی عەمەلیاتەکە ئەو شوینەیان بەجێ هیشت.

* شەوی ٤ی مانگی گەلاویژ، هاورییانی گوردانی ٢٦ی سەقز، لە سەر جادەی سەقز _ مەریوان، سەعات ٩ی شەو واحیدیك لە هێزەکانی رژیمیان خستە کەمین و هەر لە هێرشی هەول جاردا هەموو بەکریگیراوان کوژران و بریندار بوون و ماشینەکەش بە تەواوی تیك شکێندرا.

پایگاکانی "دگاگا" و "بوخەلوو" بە چەکی قورس و سووك مەنتەقەیان کوتا بەڵام هیچ زەرەر و زیانیکی بەدواوە نەبوو.

پێشمەرگەکان بۆ پاراستنی خۆیان، دەسکەوتەکانیان کونەکردەوە و هەموو بە سلامەت شوینی عەمەلیاتەکەیان بەجێ هیشت.

### کەمینیکی تیك شکینەر:

### دیواندەرە:

شەوی ١٣ی مانگی گەلاویژ چەند واحید لە هاورییانی گوردانی کاوە کە بۆ ئەنجام دانی مەئمووریەتیك دەچوونە ئاوایی "ماسیدەرەی شیخ" لە بەشی خورخورە، لە حوزووری هێزەکانی رژیم لە ناو ئاوایی ئاگادار بوون.

پێشمەرگەکان بۆ زەربە لیدان لە بەکریگیراوان و دەرکردنیان لە ئاوایی ئارایشیان گرت و هێرشیکی توند و بەدەست و بردیان کردە سەر هێزەکانی رژیم و ویرای پی گەیاندنی تەلەفاتیك، لە پێشدا بەشیك و دواییش هەموو ئاوایی‌یان لە دەستیان دەرهینا.

بەکریگیراوانی پایگای رژیم کە چاویان لەم پەلامارە بەدەست و بردەی پێشمەرگەکان بوو، نەیان توانی دەست بکەنەوە. پێشمەرگەکان دوای ئەنجام دانی ئەم عەمەلیاتە لە کۆر و کۆمەڵی خەڵکی ئاوایی دا بەشداری‌یان کرد و پێشوازی‌یەکی گەرمیان لی کرا و پاشان هەموو بە سلامەت گەرانەوە بۆ شوینە دیاری کراوەکانیان.

### ئازاد کردنی ٤ کەس لە دیلەکانی مەیدانی شەر

کومیتەی ناوچەی سەقز رایگەیاند، رۆژی ٢٠ی مانگی گەلاویژ ٢ کەس لە دیلەکانی مەیدانی شەر بە نیوی "میرهاشم حسینی" و "محمەد نوری" بە پێی سیاسەتی شۆرشگێرانەی کۆمەڵە ئازاد کران. ئەم دوو کەسە لە شەری رۆژی ١٥ی گەلاویژ بەدیل گیرابوون.

هەروەها کومیتەی ناوچەی سنە رۆژی ١٠ی جوزەردان، بە پێی ئەم سیاسەتە ٢ کەس لە دیلەکانی مەیدانی شەری بە نیوی "کەرم باجەلان" و "عزەت الله حسن زادە" ئازاد کرد.

### بەکریگیراویکی محەللی رژیم گیرا

رۆژی ١٠ی مانگی گەلاویژ بەکریگیراویکی رژیم بە نیوی "سعید ئەحمەدی" لە دەوروبەری ئاوایی "مولینان"ی مەریوان، لە لایەن پێشمەرگەکانی کۆمەڵەوە گیرا.

ئەم بەکریگیراوە چەکدارەی رژیم ماوەی ٣ ساڵ چەکدارانە هاوکاری رژیمی کردوە و لە بەرەوپێش بردنی سیاسەتەکانی رژیم و سەرکوتی خەڵك دا نەقشی بەرچاوی هەبوە.

کومیتەی ناوچەی مەریوان ویرای راگەیاندنی ئەو خەبەرە لە راگەیاندنیکدا داوای لە خەڵکی مەنتەقە کرد کە هەر جۆرە ئیتیلاعات و شکایەتیکیان لە ناوبراو هەیە، بێنێنە ئیختیاری پێشمەرگەکانی کۆمەڵە لە ناوچەی مەریوان.

### هەوالیك لە جینایەت و پیلانی دارودەستی قاسملوو لە دژی پێشمەرگەکانی کۆمەڵە

سەعات یەك و نیوی شەوی ١٣ی مانگی گەلاویژ چەند کەس لە پێشمەرگەکانی کۆمەڵە کە بۆ ئەنجام دانی مەئمووریەتیك بە نزیك ئاوایی‌یەکانی "هوویە" و "سەر هوویە"دا دەرویشتن، لە ناکاو کەوتنە کەمینی چەکدارەکانی حیزبی دیموکرات لە باندی قاسملوو کە لە پێشدا لە مەسیری جم و جوولی هاورییانمان ئاگادار ببوون.

هاورییانمان دەسبەجێ بە پەلاماری دلیرانە وەڵامی ئەم هێرشە جینایەتکارانەیان داوە و ویرای پی گەیاندنی تەلەفاتیك بە چەکدارەکانی حیزبی دیموکرات، ئەوانیان ناچار کرد کە سەنگەرەکانیان کۆکەنەوە و خۆیان دریژەیان بە مەئمووریەتەکەیان دا.

بەداخەوە لە تەقەی هەوەلی چەکدارەکانی حیزبی دیموکرات دا، ٣ کەس لە هاورییانمان بە نیوی: بهروز شادفر ناسراو بە "سیروان باوەریز"، الله کەرم ئازەری ناسراو بە "سیروان پاوەیی" وە سەمین ناسری ناسراو بە "سەمین ویسەر" کەوتنە بەر گوللەی ئەم جینایەتکارانە و گیانیان لە ڕێگای خەبات لە دژی کونەپەرستی و خەبات لە ڕێگای ئامانجە بەرزە چینایەتی‌یەکانیان دا، بەخت کرد.

ئێمە بەم بۆنەوە لە خانەوادەی ئەو هاوری خۆشەویست و سەربەرزانەمان و لە هەموو هاورییانی حیزبی و کرێکاران و زەحمەتکێشانی وشیار و تێکۆشەری کوردستان سەرەخۆشی دەکەین.

بێگۆمان جینایەتکارانی سەربەدارودەستەی قاسملوو کە لە ئێران و کوردستان هیچ ئابروویەکیان بۆ نەماوەتەوە، بەم پەلەقاژانە، جگە لە نەفرەت و بیزاری خەڵکی ئازادیخواز و ریسوایی زیاتر هیچ نسیبیان نابی. کۆمەڵە پێشتریش بە خەڵکی تێکۆشەری کوردستانی راگەیاندوە کە بە شێوەی یەك لایەنە، لەگەل هەموو بەشەکانی حیزبی دیموکرات ئاگر بەس دەکا و بۆ ئەوەی تێدەکوشی کە لوولەی هەموو تفەنگەکان بەرەو جمهوروی ئیسلامی وەرگەرێن. کۆمەڵە رایگەیاند بوو کە دەست پێکەری شەر لەگەل دارودەستەی قاسملوو نابی.

لە هەولومەرجیك دا کە جمهووری ئیسلامی لە ژیر فشاری جەماوەری خەڵك دا هەموو رۆژی زیاتر لە رۆژی پێشوو شکستی سیاسەتەکانی خۆی بە چاو دەبینی و گلولەی کەوتوەتە لیژی و بەرەو مەرگ و نابوودی دەچی، دارودەستی ریسوا و بە تاك کەوتوەوەی قاسملوو کە حازر نیە ئاگر بەس قەبوول بکا و لە دەرفەتیکی لەم چەشنە دەگەری تا بەڵکوو بەردیك بخاتە سەر ڕێگای هەڵسوورانی هێزی پێشمەرگەی کۆمەڵە، دەبی چاوەروانی رق و بیزاری زیاتری کۆمەلانی خەڵکی کوردستان و وەڵام و سزادانی گورچك بری هێزی پێشمەرگەی کۆمەلە بی.

## پەلیکی‌تر لە ژنان و پیاوانی شۆرشگێر هاتنە نیو ریزی پێشمەرگەکانی کۆمەڵەوە

رۆژی ۲۲ی مانگی گەلاویژ، لە مەراسمیکی شکودار دا، لە ئامووزشگای پێشمەرگایەتی کۆمەڵە، پەلیکی‌تر لە ژنان و پیاوانی کرێکار و تێکۆشەر، پاش تێپەر کردنی سەرکەوتوانەی دەورەی سیاسی _ نیزامی پێشمەرگەکانی کۆمەڵە، چەکدار بوون و هاتنە نیو ریزی پێشمەرگەکانی کۆمەڵەوە.

ئەم هاورییانە لە ناوچە جۆاروجۆرەکانی کوردستان و لە شارەکانی دەرەوەی کوردستانەوە، خۆیان گەیاندبووە ئامووزشگای پێشمەرگایەتی کۆمەڵە و لە دەورەیەکی چەند مانگەدا لەگەل سیاسەتەکانی حیزبی کۆمۆنیست و کاروباری نیزامی پێویست ئاشنا کران.

## جەولەی سیاسی _ نیزامی پێشمەرگەکانی کۆمەڵە لە بەشەکانی "ژاوەرو" و "کەلاتەرزان"

چەند واحید لە پێشمەرگەکانی تیپی ۱۱ی سنە لە مانگی پووشپەردا، جەولەیەکی سیاسی _ نیزامی سەرکەوتوانەیان لە بەشەکانی "ژاوەرو" و "کەلاتەرزان" بەرێوە برد.

هاورییانی پێشمەرگە لە ماوەی ئەم جەولەیەدا، جگە لە ئەنجام دانی چەندین عەمەلیاتی نیزامی سەرکەوتوانە لە دژی هێزەکانی رژیم، لە نیو کۆر و کۆمەڵی خەڵکی زەحمەتکێشی مەنتەقەدا سیاسەتەکان و هەڵوێستەکانی حیزبی کۆمۆنیستی ئێرانیان تەبلیغ کرد و نەشریات و نووسراوەکانی حیزبی‌یان بلاو کردەوە.

خەڵکی شۆرشگێر و زەحمەتکێشی ئەم ئاوایی‌یانە، ویرای پێشوازی گەرم و گۆر لە پێشمەرگەکان، یارمەتی مالی و تەداروکاتی خۆیان دا بە پێشمەرگەکانی و هەوال و ئیتیلاعاتی هێزەکانی رژیمیان لەگەل پێشمەرگەکان باس کرد.

لە ماوەی ئەم جەولەیەدا هێزەکانی رژیم لەو مەنتەقەیە لە ئامادەباشی کامل دا بوون بەڵام هیچ جم و جوولیکیان لە خۆیان نیشان نەدا.

## ۳ کەس لە دیلەکانی مەیدانی شەر ئازاد کران

کومیتەی ناوچەی مەریوان رایگەیاند کە بە پێی سیاسەتی شۆرشگێرانەی کۆمەڵە دەرهەق بە دیلەکانی مەیدانی شەر، رۆژی ۲٤ی پووشپەر ۳ کەس لە هێزەکانی رژیم بە نیوی: محی‌الدین ئەحمەدی، محمەد ئەسدی و ئەبوبەکر ئیزەدی، لە لایەن ئەم کومیتەیەوە ئازاد کران.

ئەم دیلانەی مەیدانی شەر لە جەرەیانی تیك شکاندنی گورووهیکی زەربەتی رژیم لە ۵ کیلومیتری شاری مەریوان ئەسیر کرابوون.

## پێشمەرگەکانی کۆمەڵە کەمینی هێزەکانی رژیمیان تیك شکاند

شەوی ٤ی مانگی گەلاویژ، واحیدیك لە پێشمەرگەکانی تیپی ۱۱ی سنە کە بۆ ئەنجام دانی مەئموریەتیك دەچوونە ئاوایی "سالیان" لە بەشی ژاوەری سنە، لە نزیك ئاوایی لە کەمینی بەکریگیراوان ئاگادار بوون. پێشمەرگەکان بۆ تیك شکاندنی کەمینی هێزەکانی رژیم دوای شناسایی، ئارایشی پێویستیان گرت و بە پەلاماریکی دلیرانە و ویرای پی گەیاندنی تەلەفاتیك ناچاریان کردن هەلێن.

بەکریگیراوانی جێگیر لە مەقەری ئەم ئاوایی‌یە تا چەند سەعات دواتر دەوروبەری خۆیان بە چەکی سووك و قورس کوتا.

لەم شەرەدا چەند بەکریگیراو کوژران و بریندار بوون و پێشمەرگەکان بە سلامەت دریژەیان بە مەئمورییەتەکەیان دا.

## کونترۆلی جادەی سنە _ مەریوان

* بەدیل گرتنی ۵ کەس لە هێزەکانی رژیم و بە دەسکەوت گرتنی ۲ ماشینیان

شەوی ۲ی مانگی گەلاویژ، چەند واحید لە پێشمەرگەکانی گوردانی شوان و گوردانی‌ی ئاریز لە تیپی ۱۱ی سنە، لە نیوان ئاوایی‌یەکانی "کەرگینە" و "دادانە"، جادەی ئەسلی سنە _ مەریوان یان خستە کۆنترۆلی خۆیان و کەمینیکی گەورەیان بۆ هێزەکانی رژیم دانا.

پێشمەرگەکان، بە پێی تەرحی لە پێشدا داریژراویان، هەموو ماشینە سەخسی و موسافیربەری‌یەکانیان راگرت و لەسەر ئەوزاعی ئێستای ئێران و کوردستان قسە و باسیان بۆ کردن. هەروەها پێشمەرگەکان لە دوو نوبەدا ۵ کەس لە هێزەکانی رژیمیان بەدیل گرت و کامیونیك و ماشینیکی رژیمیان بە دەسکەوت گرت. پاسداریکی بریندار و دوو کەس کە لەگەلی بوون بە پێی سیاسەتی شۆرشگێرانەی کۆمەڵە دەرهەق بە دیلەکانی مەیدانی شەر، هەر لەوی ئازاد کران.

لەم عەمەلیاتەدا ۲ ماشینی دەوڵەتی. ۲ کلاشینکوف بە هەموو شتیکەوە، ۵ ماسکی زیددی گازی شیمیایی و دوربینیکی نیزامی و هەندیك کەل و پەلی تەدارەکاتی و دەرمانی کەوتە دەست پێشمەرگەکان.

پێشمەرگەکان دوای کوتایی پی هاتنی عەمەلیاتەکە، لە نیو شوور و شەوقی موسافیرەکاندا، بەدیل و دەسکەوتەکانەوە، هەموو بە سلامەت ئەم شوینەیان بەجێ هیشت.

## پێشمەرگەکانی کۆمەڵە لە شەریکی ۱۰ سەعاتەدا تەلەفاتیان لە هێزەکانی رژیم دا

رۆژی ۷ی مانگی گەلاویژ چەند واحید لە پێشمەرگەکانی گوردانی شوان و گوردانی ئاریز لە تێپی ۱۱ی سنە، کە لە بەرزایی‌یەکانی "بران" و "کەلاتی" لە بەشی ژاوەروی سنە خەریکی حەسانەوە بوون، لە جم و جوولی دوو ماشینی هێزەکانی رژیم ئاگادار بوون و بە دەست و برد کەمینیان بۆ دانان.

پێشمەرگەکان سەعات ۱۰و نیوی بەیانی ئەم واحیدەی رژیمیان خستە داو و بە پەلاماریکی بەدەست و برد تەلەفاتیکیان لیدان و ماشینیك و بی‌سیمیکیان بە دەسکەوت گرت و دوای راونانی بەکریگیراوان و سووتاندنی ماشینەکە گەرانەوە بەرزایی‌یەکانی مەنتەقە و ئامادەی تیك شکاندنی هێرشی رژیم بوون.

هێزەکانی رژیم سەعات ۱ی پاش نیوەرو بە هێزیکی زۆرەوە لە بەرزایی‌یەکانی "کوچکە سوور"ەوە هێرشیان کرد و پێشمەرگەکان دلیرانە ئەم هێرشەیان تیك شکاند و دوای پی گەیاندنی تەلەفاتیك ناچاریان کردن پاشەکشە بکەن.

## لە شەریکی ۹ سەعاتەدا لە خورخورەی سەقز:

* چەند هێرشی بەکریگیراوانی رژیم تیك شکێندرا
* ۲ پایگای رژیم لە ئاوایی‌یەکانی "ملە" و "سەردەرە" کەوتنە بەر پەلامار
* ۲۵ کەس لە هێزەکانی رژیم کوژران و بریندار بوون و ۳ کەسیان بەدیل گیران

سەعات ۱۱ی بەیانی رۆژی ۱۵ی گەلاویژ، چەند واحید لە پێشمەرگەکانی گوردانی ۲٦ی سەقز، لە جم و جوولی هێزەکانی رژیم لەسەر بەرزایی‌یەکانی نزیك ئاوایی "ملە"ی بەشی خورخورە ئاگادار بوون.

پێشمەرگەکان دەسبەجێ ئارایشی موناسبیان گرت و بە پەلاماریکی قورس بۆ سەر بەکریگیراوان و لە شەریکی سەنگەر بە سەنگەردا، تەلەفاتیکیان لی دان و ناچاریان کردن کە پاشەکشە بکەن و بەرزایی‌یەکانیان لی ئەستاندن. پاشان پێشمەرگەکان بە پەلاماریکی دلیرانەی‌تر بەرزایی‌یەکانی دیکەشیان، پێش دامەزران لە چنگ بەکریگیراوان دەرهێنا و تەلەفاتیکی تریان لی دان و مەجبووریان کردن هەڵێن.

هێرشی سەعات یەکی پاش نیوەروی بەکریگیراوانی رژیمیش کە بە هێزیکی زۆرەوە لە ئاوایی "کەمەرسیاوە"وە دەستی پێکرا، کەوتە بەر پەلاماری واحیدیکی‌تری پێشمەرگەکان وە تیك شکا و تەلەفاتیکی‌تریش لە هێزەکانی رژیم کەوت و هەلاتن.

سەعات ٤ی ئیوارەش هێزەکانی رژیم ویرای کوتانی شوینی پێشمەرگەکان بە چەکی قورس و نیوە قورس، بە ۲۰ ماشین پر لە هێزی کومەکی‌یەوە هێرشیان کردە سەر پێشمەرگەکان. ئەم هێرشەش لە شەریکی قاەرمانانە و سەنگەر بە سەنگەردا بە تەواوی تیك شکیندرا و هێزەکانی رژیم دوای ئەوەی تەلەفاتیکیان ویکەوت مەجبوور بوون پاشەکشە بکەن.

تا سەعاتی ۸ چەند هێرشی دیکەی هێزەکانی رژیمیش لە لایەن پێشمەرگەکانەوە تیك شکێندرا و هەر جارەی تەلەفاتیکیان لیدرا و ناچار بوون هەڵێن.

پێشمەرگەکان لە جەرەیانی ئەم شەرە قارەمانانەیەدا هێرشیان بردەسەر پایگاکانی رژیم لە ئاوایی‌یەکانی "ملە" و "سەدەرە".

لە جەرەیانی ئەم شەر سەرکەوتوانەدا کە تا سەعات ۸ی شەوی خایاند ۲۵ کەس لە هێزەکانی رژیم کوژران و بریندار بوون کە فەرماندەیەکی نیو زراوی رژیم بە نیوی "غفوری" لە نیو بریندارەکاندا بووە. هەروەها لەم عەمەلیاتەدا سێ کەس لە بەکریگیراوان بەدیل گیران و دوو تفەنگ و دووربینیکی نیزامی هەندیك تەقەمەنی کەوتە دەست پێشمەرگەکان. یەکیك لە دیلەکان کە بریندار بوون بە پێی سیاسەتی شۆرشگێرانەی کۆمەڵە دەرهەق بە دیلەکانی مەیدانی شەر، هەر لەوی ئازاد کرا. پێشمەرگەکان دوای کوتایی پی هاتنی ئەم شەرە، هەموویان بە سلامەت و بەدیل و دسکەوتەوە شوینی شەرەکەیان بەجێ هیشت.

## عەمەلیاتی پێشمەرگەکانی کۆمەڵە لە نیو شاری بۆکان

سەعات ۸و نیوی شەوی ۲٤ی گەلاویژ، چەند واحید لە پێشمەرگەکانی گوردانی ۳۱ی بۆکان، بە وشیاری و کارزانی‌یەوە، لە دەیان مەقەر و پایگای رژیم تێپەرین و چوونە نیو شاری بۆکان و بەشیکی ئەم شارەیان خستە ژیر کۆنترۆلی خۆیانەوە.

سەعات ۸ و ٤٥ دەقیقە گوروهیکی گەشتی رژیم کەوتە کەمین و بەر پەلاماری دلیرانەی پێشمەرگەکانی کۆمەڵە و تەلەفاتیکیان وی کەوت. بەکریگیراوان بی ئەوەی بتوانن جەنازەی کوژراوەکانیان کۆبکەنەوە، بە شەلەژاوی هەلاتن.

هەروەها پێشمەرگەکان، سەعات ۹ و ۱۵ دەقیقەی شەو بە پێی تەرحیکی داریژراو، پایگایەکی رژیمیان لە گەرەکی "حەسار" بە چەکی سووك و نیوە قورس دایە بەر پەلامار و دوای ئەوەی تەلەفاتیکیان لیدان، لەم گەرەکە و لە دەوروبەری پایگاکانی رژیم تراکت و راگەیاندنی حیزبی‌یان بلان کردەوە، پێشمەرگەکان دوای کوتایی پی هاتنی عەمەلیاتەکە کە سەعات و نیویکی خایاند، هەموویان بەسلامەت گەرانەوە شوینەکانی خۆیان.

لە میزانی دەقیقی تەلەفاتی دوژمن ئاگادار نین.

## هێرشی پێشمەرگەکانی کۆمەڵە بۆ سەر مەقەریکی رژیم لە ۵ کیلومیتری شاری بۆکان

شەوی ۲۵ی گەلاویژ، چەند واحید لە پێشمەرگەکانی گوردانی ۳۱ی بۆکان چوونە ئاوایی "کوچکی سەروو" لە ۵ کیلومیتری شاری بۆکان و مەقەری بەکریگیراوانیان لەم ئاوایی‌یە گەمارودا.

پێشمەرگەکان، پاشان هێرشیکی دلیرانەیان کردە سەر بەکریگیراوان و تەلەفاتیکیان پی گەیاندن و دوای تەواو بوونی عەمەلیاتەکە هەموویان بەسلامەت گەرانەوە. لە ژمارەی دەقیقی تەلەفاتی دوژمن هەوالیکمان پی نەگەیشتوە.

## دوو کەمین لە دەوروبەری شاری سەقز

* سەعات ۸ونیوی شەوی ۲۵ی گەلاویژ، چەند واحید لە پێشمەرگەکانی گوردانی ۲٦، لە سەر جادەی سەقز _ بۆکان و یەك کیلومیتری ئاوایی‌یەکانی "ئالتوون" و "قاراوا" کەمینیان بۆهێزەکانی رژیم داناوە.

سەعات ۱۰ی شەو ماشینیکی رژیم کەوتە کەمین و بەر هێرشی پێشمەرگەکان و لە کار کەوت و پاسداریك کە لە ماشینەکەدا بوو کوژرا. پێشمەرگەکان پاش ئاگر تی بەردانی ماشینەکە کەمینیکی تریان بۆ هێزەکانی کومەکی رژیم دانا بەڵام بەکریگیراوان نەیان ویرا هیچ جم و جوولیك بکەن و پێشمەرگەکان پاش دوو سەعات کۆنترۆلی جادەی سەقز _ بۆکان، هەموویان بەسلامەت وە دوای مەئموریەتەکەیان کەوتن.

* چەند واحیدی‌تر لە پێشمەرگەکانی گوردانی ۲٦ی سەقز، لە چەندین مەقەر و پایگای رژیم تی پەرین و سەعات ۸ ونیوی شەوی ۲۵ی گەلاویژ، لە ۳ کیلومیتری پادگانی شاری سەقز، ویرای بەدەستەوە گرتنی کۆنترۆلی جادەی سەقز _ بانە، کەمینیکیان بۆ هێزەکانی رژیم دانا. بەڵام بەکریگیراوان جم و جوولیکیان نەبوو.

پێشمەرگەکان دوای ۲ سەعات قەسە و باس لەگەل موسافیرەکان، لە سەر گرینگترین رووداوە سیاسی‌یەکانی ئێران و کوردستان، هەموو بەسلامەت ئەم شوینەیان بەجێ هیشت.

## گرتنی مقەری بەکریگیراوانی رژیم لە ئاوایی "ساوسلیمانە" و تەفروتوونا کردنی گورووهی زەربەتی "جانەوەرە"

* ۷ بەکریگیراوی رژیم بەدیل گیران
* ۱۷ پارچە چەکی قورس و نیوە قورس و سووك بەدەسکەوت گیرا
* فەرماندەی پایگای رژیم لە نیو کوژراوەکان دا بوو

ئیوارەی رۆژی ۲۸ی مورداد، هاوکات لەگەل سالرۆژی دەست پێکردنی دەهەمین سالی بزووتنەوەی شۆرشگێرانەی کوردستان، هێزیکی هاوبەش لە تیپی ۱۱ی سنە و گوردانی کاك فوئاد، لە دەیان مەقەر و پایگای رژیم تێپەرین و بە رۆژی روشن مەقەریکی رژیمیان لە ئاوایی "ساوسلیمانە" گەمارودا و هێرشیکی جەسوورانەیان بردە سەر بەکریگیراوانی رژیم.

هەر لەم کاتەدا چەند واحیدی‌تر لە پێشمەرگەکان، بۆ لە داوخستنی هێزی کومەکی رژیم، لە نیوان "ساوسلیمانە" و "شیخ عەتار"دا، کەمینیان دانا.

عەمەلیاتەکە سەعات ٦ی ئیوارە دەستی پێکرد و بەکریگیراوان سەرەرای ئەوەی بە بۆنەی سالرۆژی ۲۸ی مورداەوە لە ئامادە باشی کامل دا بوون، بە هێرشی بەدەست و بردی پێشمەرگەکان غافلگیر بوون و ژمارەیەکیان کوژران و بریندار بوون و باقی‌یەکەیان خزانە نیو پایگا و پشت خاك ریزەکانەوە. لە پەلاماری دووهەمی پێشمەرگەکان دا ژمارەیەکی تریش لە بەکریگیراوانی رژیم کوژران و بریندار بوون و باقی‌یەکەیان خۆیان تەسلیمی پێشمەرگەکان کرد و مەقەرەکە بە تەواوی گیرا. سەرجەمی ئەم عەمەلیاتە ۲۰ دەقیقەی خایاند.

هاوکات لەگەل دەست پێکردنی عەمەلیاتەکە، چەند واحیدی‌تر لە پێشمەرگەکان چوونە نیو ئاوایی و لە سەر ئەوزاعی سیاسی ئێران و کوردستان و لەسەر وەزعیەتی رژیم پاش ئاگر بەس، قسە و باسیان لەگەل خەڵك کرد و پێشوازی‌یەکی گەرم و گوریان لی کرا.

دوای دەست پێکردنی عەمەلیاتەکە، مەقەری فەرماندەهی دوژمن هێزیکی ۳۵ کەسی کومەکی لە بەکریگیراوانی "گورووهی زەربەتی جانەوەرە" بە سێ ماشینەوە، بەرەو "ساوسلیمانە" بەرێ کرد کە لە ٤ کیلومیتری ئاوایی "شیخ عەتار" کەوتنە کەمین و بەر پلاماری پێشمەرگەکان و ۱۵ نەفەریان کوژران و بریندار بوون و باقی‌یەکەیان هەلاتن و پێشمەرگەکان تا نزیك ئاوایی "حەسن قەرە" راویان نان.

لە سەرجەمی ئەم عەمەلیاتەدا، مەقەری رژیم لە ئاوایی "ساوسلیمانە" بە تەواوی گیرا، "گورووهی زەربەتی جانەوەرە" تەفروتوونا کرا، ژمارەیەکی زۆر لە هێزەکانی رژیم کوژران و بریندار بوون، ۷ کەس لە بەکریگیراوان بەدیل گیران و ئەم دەسکەوتانەش کەوتە دەستی پێشمەرگەکان:

۱- خومپارەیەکی ۸۲ میلی‌میتری

۲- ئار.پی.جی. حەوتیك

۳- تیرباریکی کلاشینکوف

٤- تیرباریکی ژ_۳

۵- تفەنگی ژ_۳ و کلاشینکوف ۱۳ دانە

٦- گوللە خومپارە ۸۰ دانە

۷- گوللە ئار.پی.جی ۳۰ دانە

۸- نارنجووکی دەستی ۸۰ دانە

۹- گوللەی ژ _ ۳ و کلاشینکوف ۱۵ هەزار دانە

۱۰- نارنجووکی سەرتفەنگ ۱۰۰ دانە

۱۱- موتوری بەرق یەك دەزگا

۱۲- مەنبەعی سووخت ۲ دەزگا

۱۳- هەندیك سەنەد و بەلگەی رژیم و کەل و پەلی تەداروکاتی

دیلەکان ئەم حەوت کەسەی خوارەوەن

۱- عبداللە سالحی، ۲- محمەد رفیعی، ۳- ئەکبەری گودرزی، ٤- ئەکبەری، ۵- محمەد ولی نجفی، ٦- عەتاللە برزویی، ۷- ئیسماعی ئەمیر

لە ناو کوژراوەکاندا جەنازەی فەرماندەی پایگا بە نیوی "رەجەب لو" و ٤ بەکریگراوی تر ناسرانەوە کە بریتین لە ۱- شاپور قروەای. ۲- محمەد سالح ناسری. ۳- مسیب رستەم پور ٤- خانعەلی پور

هاورییانی پێشمەرگە دوای ئاگرتی بەردانی پایگای "ساوسلیمانە"، هەموویان بەسلامەت شوینی عەمەلیاتەکەیان بەجێ هیشت.

***

## (پاشماوەی) بڕیارنامەی پەسند کراوی کومیتەی ناوەندی حیزبی کۆمۆنیستی ئێران......

٤- ڕژیمی ئیسلامی نەیتوانی چینی سەرمایەداری ئێران لە ژێر ئالای خۆیدا یەکگرتوو بکا. جمهووری ئیسلامی شۆڕشی سەرکوت کرد، بەڵام نەیتوانی ئەو دامەزراوی‌یە سیاسی‌یە کە چینی سەرمایەدار بۆ تیهەلکردنەوەی سەرمایە گوزاری پێویستی پی بوو، بەرقەرار کا. بەردەوام بوونی ئیعتیرازات و ڕاوەستانی کرێکاران بەرانبەر بە سیاسەتەکانی ڕژیم، بەردەوام بوونی شۆڕشی چەکدارانە لە کوردستان، سەردانەنەواندنی کۆمەڵانی خەڵك و بە تایبەت ژنان بۆ سیاسەتەکان و قانوونە کونەپەرستانەکانی ڕژیم، کیشەی قوولی ناوخۆی لەسەر شێوەی بەڕێوە بردنی ئیقتسادی وڵات و سەرەنجام شەری درێژ خایەن و مالویرانکەری ئێران و عێراق لە زومرەی ئەو عامیلە گرینگانە بوون کە جمهووری ئیسلامی ناتوان کرد لە فەراهەم هێنانی ئەو ئەمنیەتی ئیقتسادی‌یە و ئەو دامەزراوی‌یە سیاسی‌یە کە بۆ کەلەکە کردنی سەرمایە لە ئێران و بۆ یەکگرتوو کردنی چینی سەرمایەدار پێویست بوون.

٥- بە درێژایی حەیاتی ڕژیمی ئیسلامی وەزعی ئیقتسادی تا هاتوە شپرزەتر بووە. نشستی اوپك، فیراری سەرمایەکان، مەخاریجی گەزافی شەر و تەریك کەوتنەوەی ڕژیم لە باری ئیقتسادی‌یەوە، بوو بە هۆی ئەوە کە تەولید بە توندی بێتە خوار. ئەم وەزعە، لە لایەك نارەزایی کۆمەڵانی بەرینی خەڵکی لە جمهووری ئیسلامی پەرە پێدا و لەو لاشەوە ڕژیمی ئیسلامی لە باری ئیقتسادی‌یەوە خستە مەنگەنە بە جۆریك کە سیاسەتە جەنگی‌یەکەی بۆ ئیدامە نەدرا. لە ساڵێك لەمەوبەرەوە، وەزعی شپرزی ئیقتسادی ڕژیمی ئیسلامی کە بە بۆنەی تەریك مانەوەی لە ناو وڵاتاندا، هیچ ئاسویەکی روونی بۆ بە دی نەدەکرا، زۆر دەگونجا کە هەستانیکی جەماوەری لە ئێران و پێکهاتنی وەزعییەتیکی شۆڕشگێرانە بە شوین خوێدا بینی. دوورنمایەکی ئاوا چ بۆ ڕژیمی ئیسلامی، چ بۆ چینی سەرمایەداری ئێران و هێزە ئەمپریالیستەکان، کە هیچ بەدیلیکی بەکار هاتوویان بۆ جێی ڕژیمی ئیسلامی بە دەستەوە نەبوو، نیگەرانی‌یەکی قورسی پێکهێنابوو. بۆیە بە ناچار، تەقەلایەکی هەمە لایەنە بۆ کوتایی هاتنی شەر و دەر باز کردنی ڕژیمی ئیسلامی لە بن بەست و بوحران، لە لایەن دەوڵەتە ئەمپریالیستەکان و لە لایەن هەندیك جەماعەتی ناوخۆی ڕژیمەوە دەستی پێکرد.

٣- شکستی سیاسەتی جەنگی ڕژیمی ئیسلامی ودەست هەڵگرتنی لە ئیدامەی شەر، سەرچاوەکەی ئەساسەن لە بن بەستی سیاسی پان ئیسلامیزم و لە بەسترانی هەر چەشنە ئاسویەك بە رووی پێشرەوی و پەر و باڵ گرتنیکی سیاسی پان ئیسلامیزم لە مەنتەقە دایە. ئەم بن بەستە سیاسی‌یە و ئەم واقعیەتە کە پەر و باڵ گرتنی سیاسی پان ئیسلامیزم لە مەنتەقە، بە دلخوازی بورژوازی چ لە ئێران و مەنتەقە و چ لە ئاستی بین المللی‌دا نەبوو شەریشی بە کردەوە بە بن بەست گەیاند. هێزی ئەمپریالیزمی ئەمریکا بە حیسابی کەوتنە تەقالا بۆ بەرگری لە سەرکەوتنی نیزامی هەرکام لە ٢ لایەنی شەر، بۆ بەرگری لە هەر ئاڵ و گۆریکی جیددی لە جوغرافیای سیاسی و تەرازووی هێزەکانی مەنتەقەدا و بۆ پاراستنی سەباتی هەر ٢ دەوڵەتی ئێران و عێراق. ڕژیمی ئیسلامی بۆ دەورەیەك تێکۆشا سیاسەتی جەنگی خۆی، سەرەرای ئەوە کە هیچ ئاسویەکی سیاسی و نیزامی بۆ پێشرەوی نەبوو، هەروا درێژە پی‌بدا، بەڵام عاقیبەت بەرانبەر بە واقعیەتی سیاسی و نیزامی چوکی دادا. گرینگترین شت کە ڕژیمی ئیسلامی ناچار بە تەسلیم و سەردانەواندن بۆ کوتایی شەر لەم سەردەمە تایبەتی‌یەدا کرد بریتی بوو لە پەرە ئەستاندنی ڕاوەستانی جەماوەری بەرانبەر بە سیاسەتی جەنگی ڕژیم و ترسی ڕژیم لە هەڵچوونیکی بەرینی ئیعتیرازاتی جەماوەری لە ژێر مەینەتی ڕۆژ لە ڕۆژ زیاتری شەردا، بە جۆرێك کە جمهووری ئیسلامی ئیتر بە کردەوە نەیدەتوانی هێزی ئینسانی کۆکاتەوە و خەرجی درێژەدان بە تەرحە نیزامی‌یەکانی خۆی تەئمین بکا و بەم بۆنەوە شکست و پاشەکشەی گران و کاریگەری لە جەبهەکان بە سەردا سەپێندرا. لە ئاخرین مانگەکانی شەردا هەلاتنی سەربازان و بەسیجی‌یەکان پەرەی گرتبوو، ورەی هێزە نیزامی‌یەکانی بە ئاشکرا رووخابوو وە دیمەنی لە بەریەك ترازانیکی نیزامی هاتبووە بەر چاوی. ئیحتمالی مەرگی خومەینی لە داهاتوویەکی نزیکدا و ئەو واقعیەتە کە ئەگەر خومەینی نەمایە بڕیاردان لەسەر کوتا کردنی شەر لە ناو قرە و کیشەی باڵە جۆربەجۆرەکانی ڕژیمدا چەند قات دژوارتر دەبوو، ڕژیمی ناچار کرد بە پەلە وەرسوورانیکی لە ناکاو لە سیاسەتی خۆیدا پێك بینی و ئاگر بەس و سولح قەبوول بکا.

**ب**: وەزعی سیاسی ئێران دوای کوتایی پی هاتنی شەر

**١**- جامیعەی ئێران تووشی قوولترین بوحرانی ئیقتسادی، کۆمەڵایەتی و سیاسی‌یە. ئیقتساد هیچی بەسەر هیچەوە نەماوە، تەولیدی گەورە وەستاوە، مەینەت و ویرانی شەری ٨ ساڵە، دەرکەوتنی نیشانەکانی ماندوویەتی و لە پی کەوتن لە نتیجەی شەردا لە گشت لایەنیکی ژیانی کۆمەڵایەتی و ئیقتسادی دا، بەو پەری خۆی گەیشت، قاتی و قری کار و کالا، بەرشکست بوونی کاملی دەوڵەتی سەرمایەداری، بوحرانی روو لە قوولبوونەوەی جمهووری ئیسلامی هەمووشتیکیان لە ئێران بەو جێیە گەیاندوە کە ئیتر نە لە نەزەر چینی سەرمایەدار و و نە لە نەزەر چینی کرێکارەوە ناتوانی قابیلی دەوام بی. گورینی وەزعییەتی حازر پێویستی‌یەکی کۆمەڵایەتی و حەیاتی‌یە کە چینە جۆربەجۆرەکانی ناچار کردوە واریدی دەورەیەك لە جم و جوولو کیشمەکێشی سیاسی و کۆمەڵایەتی بن بۆ بە لایەکدا خستنی ئەم وەزعە.

**٢**- مادامیك کە بورژوازی جی نشینیکی سیاسی و مەعلووم و مشەخس و قەوارە گرتووی لە بەرانبەر جمهووری ئیسلامی‌دا نیە و مادامیك کە هەر تەقالایەك بۆ لابردنی ڕژیمی ئیسلامی دوورنمای بوحرانیکی شۆڕشگێرانە و هاتنە مەیدانی کۆمەڵانی خەڵکی زەحمەتکێش دێنێتە بەرچاوی بورژوازی، بەشە جۆربەجۆرەکانی چینی سەرمایەداری ئێران و هێزە ئەمپریالیستەکان ئەساسەن تیدەکوشن بۆ تەقویەتی ڕژیمی ئیسلامی و پێکهێنانی ئاڵ و گۆری دلخوازی خۆیان هەر لەم ڕژیمەدا. ئەم سیاسەتە دەبێتە هۆی جیهەتگیری‌یان بۆ ئەم کارانەی خوارەوە.

١- جەریانی پان ئیسلامی لە ناو دا بە تاق بخرێتەوە، تا بە یەکجاری لە دەسەڵات وەدەر دەنری. تەبلیغات و تەحریکاتی پان ئیسلامی ڕژیمی ئێران کوتایی پی بی و دەستی جەناحی رەفسەنجانی لە ڕێبەرایەتی ی ئیسلامی دا بە هێز بکری.

٢- ناسیونالیزم بە هێز بکری و ببێتە ئیدئولوژی رەسمی لە ئێران. کاریکی وابکری جەریاناتی بورژوا ناسیونالیست لە ناوخۆ و دەرەوەی ئێران بە رەسمی یا بە کردەوە، لە باڵی غەیرە پان ئیسلامیستی ی ئێران، پشتیوانی سیاسی بکەن و لە دەوری کووەبن. بۆ بەڕێوە بردنی کار و باری ئیقتسادی و جی‌بەجی کردنی کۆنترۆڵ و سەرکوتی سیاسی، پشت بە شێوە و رەوشت و دام و دەم و دەزگای ئاسایی بورژوایی ببەستی.

٣- سەباتی ڕژیم مەحکەم بکری. بۆ بازسازی ئیقتسادی ئێران و سووك کردنی ئەم بوحرانە ئیقتسادی‌یەی ئێستا، سەرمایەگوزاری بکری و بە فراوانی یارمەتی ئیقتسادی و تکنیکی ئێران بدری.

٤- پەیوەندی سیاسی و ئیقتسادی نیوان ئێران و ئەمریکا و ئورووپای رۆژئاوا خوش و مەحکەم بکری. ڕژیمی ئێران پا بەند بکری بە موناسەبات و مقرراتیکی بین المللی، کە لە نیوان دەولەتە بورژوایی‌یەکاندا هەیە.

٥- لە سیاسەتی ئیقتسادی دەوڵەتی‌دا ئاڵ و گور بدری، ئیمتیاز و زەمانەتی پێویست بۆ سەرمایەی خسووسی دابنری، تا بورژوازی ئێران لە بازسازی ئیقتسادی و سووك کردنی تەنگانە ئیقتسادی‌یەکانی ئێستای ئێراندا بکەوێتە جم و جوول و هەڵسووران. لە پاڵ ئەمەدا، دەرەجەیەك ئازادی تێکۆشان و نەقشیکی زیاتر بە سیاسەتمەدارەکان و باڵەکانی لایەنگری سەرمایەداری خسووسی بدری.

**٣**- ئەم جیهەتگیری‌یانە سەر خەتی پلاتفورمی سیاسی بورژوازی ئێران و ئەمپریالیزمە بۆ دەرباز کردنی ئێران لە بوحرانیکی شۆڕشگێرانە. لە نەزەر بورژوازی‌یەوە جمهووری ئیسلامی بۆ ئەوەی نەرووخی، چاریکی نیە جگە لەوەی سەر بۆ ئەم رەوتانە دانەوینی. چەند جەناحیك لە ناوخۆی ڕژیمدا بە تایبەت جەناحی رەفسەنجانی ئالای ئەم ئاڵ و گۆرانەیان لە ناو دا بە دەستەوە گرتوە. شکستی پان ئیسلامیزم لە مەنتەقەدا کە خۆی نیشانەی بەرەوپێش چوونی ئەم رەوتانەیە، رەوتی تەریك کەوتن و زەوالی پان ئیسلامیزم لە ناوخۆی ئێرانیش خیراتر دەکاتەوە. کیشەی ئەساسی لە ناوخۆی لەم سەردەمەدا کیشەیەکە لە سەر وەدەرنانی جەریانی پان ئیسلامیستی لە ئورگانەکانی ئەسلی دەسەڵات و تەبدیل کردنی ڕژیمی ئیسلامی بە ڕژیمیکی ئاسایی بورژوایی کە بتوانی پەیوەندی سیاسی و ئیقتسادی خۆی لەگەل ئەمریکا و دەوڵەتانی بلوکی ئەمپریالیستی رۆژئاوا بە گشتی، عادی بکاتەوە و بیخاتەوە سەر بار و بورژوازی ئێران لە ژێر ئالای خۆیدا بۆ دەورەیەك لە کەلەکە کردنی سەرمایە و باز سازی ئیقتسادی سەرمایەداری ئێران یەکگرتوو بکا. ئەم رەوتە پێویستی بە کومەڵێك ئاڵ و گۆری بنەرەتی لە ڕژیمی ئیسلامی دایە و بێگومان کیشەی ناوخۆی توندتر دەکاتەوە. بە کوتایی هاتنی شەر جەریانی پان ئیسلامیستی لە ناوخۆی دا کزتر بووە بەڵام هێشتا موقاومەتی تیك نەشکاوە. شەری چارەنووس ساز لە نیوان باڵەکانی ناوخۆی دا بۆ دوا ڕۆژ ماوەتەوە و ئەسلەن ئیحتمالی ئەوە کەم نیە کە بە تایبەت دوای مەرگی خومەینی جەریانی پان ئیسلامیستی بو راگرتنی مەوقعییەتی خۆی دەس بۆ کاری قەهراوی بەرێ یا باڵی زاڵی ئێستا بۆ تێکشاندنی موقاومەتی جەریانی پان ئیسلامیستی دەس بداتە حەرەکەتی قەهراوی.

**٤**- بە کوتایی هاتنی شەر، خەباتی کۆمەڵانی زەحمەتکێش و بی بەشی کۆمەڵ بۆ وەدەست هێنانی ماف و داخوازەکانیان کە لە دەورەیەکی دوور و درێژدا بە بیانووی شەرەوە پێشێل کرابوون، توندتر دەبێتەوە و هەرچی زیاتر حاڵەتی تعرزی دەگرێتە خۆی. لەبەر نەفرەت و بیزاری کۆمەڵانی بەرینی خەڵك لە ڕژیمی ئیسلامی وە ئەو هەموو خەفەقانە سیاسی و فەرهەنگی‌یە کە ڕژیم بە سەر ژیانی خەڵکی‌دا سەپاندوە، ئیعتیرازاتی جەماوەری لە توانای دا هەیە کە بە خیرایی توندتر بێتەوە و ببێتە ئیعتیرازاتیك لە دژی نەفسی حاکمییەتی ڕژیم. بە رادەیەك کە بوحرانی ی قوولتر بێتەوە، ئیعتیرازاتی جەماوەری تعرزی تر و سیاسی تر دەبێتەوە. رووخانی ڕژیم داخوازیکی بەرینی جەماوەری‌یە و سەر هەڵدانی بزووتنەوەیەکی جەماوەری بۆ رووخاندنی ڕژیم، ئیمکانیکی ماددی‌یە. بۆ ئەوەی بزووتنەوەیەکی جەماوەری بۆ رووخاندنی ڕژیم، شکل پی بدری، دەبی ئەو کوسپ و مانعانە کە لە هەلومەرجی تازەدا لەسەر ڕێگای گەشەی ئەم بزووتنەوەیەدا هەن، لە بەرچاو بگیرین کە گرینگترین یان ئەمانەن:

١- جامیعە، لە دەورانی دوور و درێژی شەردا بە تەواوی ماندوو بووە و لە پی کەوتوە و مەیل و گەرایشی دوورە پەریزی و مەیل بە نەزم و هێمنایەتی و سەقامگیری لە نیو بەشە جۆراوجۆرەکانی کۆمەڵ دا و بە تایبەت لە نیو ریزەکانی وردە بورژوازی دا زیاتر بووە.

٢- حەرەکەت و وەگەر کەوتنی سەرمایە بۆ دەورەیەکی بازسازی ئیقتسادی، وە پێویستی چینی کرێکار و باقی کۆمەڵانی زەحمەتکێش بە باش بوونی خیرای وەزعی گوزەران و بەری چوونیان، دەبێتە هۆی بە هێز بوونی مەیل و گەرایشیك بە چاوەروان مانەوە و فورسەت دان بە ڕژیم هەتا سیاسەتە ئیقتسادی‌یەکانی بەڕێوە بەری و تەولید وەگەر خاتەوە، شوغل و کار پەرە پی بدا و ویرانی‌یەکانی دەورەی درێژخایەنی شەر لابەری.

٣- سەرەرای هەموو کیشە و ناکوکی‌یەك کە لە نیو ریزەکانی چینی سەرمایەداردا هەیە و سەرەرای نارەزایەتی تویژە جۆراوجۆرەکانی بورژوازی لە ڕژیمی ئیسلامی، هەر جارە کە ڕژیم راستەوخۆ بەرەو رووی کرێکاران دەبێتەوە و لە هەر مەسەلەیەکی مەربووت بە موناسەباتی کار و سەرمایەدا، چینی سەرمایەدار بۆ پشتیوانی کردن لە ڕژیم یەك دەگرێتەوە و کاتیك سەرمایە بەرەنگاری کار دەبی، هەموو ناکوکی‌یەکانی نیو خۆی ریزەکانی خۆیان لەبەر چاویان کاڵ دەبێتەوە.

٤- چینی کرێکار، بە درێژایی ساڵانی رابوردوو تووشی گەلیك پاشەکشە کراوە و ئێستا لە باری سیاسی و تەشکیلاتی‌یەوە ئامادەیی لازمی نیە کە خیرا دەست بداتە خەباتیکی راستەوخۆ و بۆ دەسەڵاتی سیاسی. وەزعی مەینەتباری ژیان، رەقابەتی لە نیو ریزەکانی کرێکاران دا پەرە پێداوە و رێکخراوە کرێکاری‌یەکان لەسەرەتایی ترین قوناغی شکل گرتنی خۆیان دان. بەدیلی کرێکاری بۆ بە دەستەوە گرتنی دسەڵاتی سیاسی لە نیو جامیعەدا، ئەو جۆرە کە لازمە نەناسراوە. ئەم کەم و کووری‌یانە، کە لە کاتی ئیعتلای بزووتنەوەی ئیعیترازی کرێکاری دا و بە دەخالەتی هەڵسوورانەی کۆمۆنیستەکان دەکری بە خیرایی جوبران کرێنەوە، لە قوناغەکانی سەرەتادا، کوسپ و مانعی جیددی دەنێنە سەر ڕێگای گەشە و ئیعتلای بزووتنەوەیەکی شۆڕشگێرانە بەرابەری چینی کرێکار.

٥- شکل گرتنی بزووتنەوەیەکی گشتی بۆ رووخاندنی ڕژیم پێویستی بەوەیە کە وینەیەکی تا رادەیەك روونتر لەو شتە کە دەتوانی جیگای ئەم ڕژیمە بگرێتەوە، لە نیو کۆمەڵ دا وجوودی هەبی و ئەو بەدیلە کە دەبی جێگای ئەم ڕژیمە بگرێتەوە هەتا رادەیەك شکلی گرتبی و ناسرابی. تەجرەبەی سەرکوتی شۆڕشی ساڵی ٥٧ بە دەستی ڕژیمی ئیسلامی و ئەو مەینەتانە کە ئەم ڕژیمە لە ژێر ناوی شۆڕش دا بە کۆمەڵانی خەڵکی تەحمیل کردوە، تویژە جۆراوجۆرەکانی خەڵکی سەرەرای ئەو هەموو نەفرەتە کە بەرانبەر بە ڕژیمی ئیسلامی هەیانە وای لیکردوە کە بە بی ریز بەستن و تەسویە حیسابی چینایەتی بە ئیحتیات و پاریزیکی زیاترەوە پی بنێنە مەیدانی خەبات بۆ ئاڵ و گۆری بنەرەتی.

**٥**- دوورنمای دەوریك بازسازی و ئەو تەرحانە کە بۆ سەرمایەگوزاری بەرینی خارجی لە رشتە جۆراوجۆرەکانی تەولید هەیە لەگەل ئەم واقعییەتە کە زیاد بوونی خیرای بەرهەم هێنان و شوغل و کار، بە لەبەر چاو گرتنی ئەو زەرفییەتە سەنعەتی‌یانە کە تا ئێستا کەلکیان لی وەرنەگیراوە شتیکی مومکینە،

بەو مەعنایە دەبی کە بە کردەوە ئیمکانی کەم بوونەوەی فشاری ئیقتسادی بۆ ماوەیەکی کورت وجوودی هەیە. سەرەرای ئەوە کە رژیمی ئیسلامی هەروا بەرانبەر بە داخوازە بنەرەتی‌یە کرێکاری‌یەکان موقاومەت دەکا و تەنانەت رەنگە بە بیانووی بازسازی ئیقتسادی بیەوی هەلومەرجیکی دژوارتریش بە سەر کرێکاران دا بسەپێنی، نەفسی زیادبوونی کار و تەئمینی شوغلی زیاتر و شتی لەم چەشنە لە نەتیجەی بووژانەوەی ئیقتسادی عموومی دا، دەتوانی ببێتە مایەی باشتر بوونی مەوقعییەتی گشتی چینی کرێکار. ئەم وەزعییەتە لە هەمان کاتدا کە لە لایەکەوە لە کورت ماوەدا مەیل بە چاوەروانی و ئینتزار لە نیو ریزەکانی چینی کرێکاردا زیاتر دەکا و زیاتر فورسەت و ئیمکانی مانور بەرانبەر بە بزووتنەوەی کرێکاری بە رژیمی ئیسلامی دەدا، لە لایەکی‌ترەوە بناغەکانی بزووتنەوەی کرێکاران لە پێناو داخوازەکانیان دا پتەوتر دەکا، رەقابەتی نیو ریزەکانی کرێکاران کەم دەکاتەوە و ئیمکاناتیکی زۆر بەرینتر بۆ پەرەگرتنی بزووتنەوەی کرێکاری و زیاد بوونی رادەی هێز و توانای خەباتکارانەی چینی کرێکار پێك دینی.

٦- لە جامیعەی ئێران دا لە باری چینایەتی‌یەوە سنووری نیوان چینەکان گەلیك روشنتر بووەتەوە. ئەمە پێشرەفتیکی چارەنووس سازە لە موناسەباتی چینایەتی‌دا کە رێگا بۆ رێکخستنی بزووتنەوەی سوسیالیستی چینی کرێکار و هاتنە مەیدانی سەربەخۆی کرێکاران خۆش دەکا. ئەم مەسەلەیە لە هەمان کاتدا دەبێتە هۆی ئەوە کە داهاتووی وەزعییەتی سیاسی ئەساسەن بکەوێتە گرەوی چەند و چۆنی زەرفییەت و هێز و توانای چینی کرێکار بۆ چالاکی نواندن لە مەیدانی خەباتی سیاسی‌دا، وە ئەوە کە چینی کرێکار بەدیلیکی شۆرشگێرانە لە نیو جامیعەدا بێنیتە گور و هەموو هێزەکانی دیموکراسی شۆرشگێر لە جامیعە دا لە دژی رژیمی ئیسلامی و بەرانبەر بە هەموو هێزەکان و ئەحزابی بورژوازی هەڵخرێنی.

٧- بەم جۆرە، بە کوتایی پی هاتنی شەر جامیعەی ئێران پی دەنێتە نیو بوحرانیکی قووڵی سیاسی و کۆمەڵایەتی و دەورەیەك لە کیشمەکیشی سیاسی و کیشە و ریز بەستنی چینایەتی لەسەر مەسەلە بنەرەتی‌یە ئیقتسادی‌یەکانی ئەم دەورەیە ئەمانەن:

١- قوول بوونەوەی بوحرانی حکوومەتی و پەرەگرتنی کیشەی ناوخۆی رژیم، وە پێك هاتنی ئاڵ و گۆری بنەرەتی لە گورووهبەندی و رێککەوتنی دەستەجاتی ناوخۆ و دەرەوەی حکوومەتدا بەرەو کزبوونی جەرەیانی پان ئیسلامیستی. بوحرانی حکوومەت دەتوانی ئەگەر باقی هویەکانی‌تر موساعید بن، بە تایبەت ئەگەر بزووتنەوەی ئیعتیرازی پەرەبگری، سەر لە نوی مەسەلەی دەسەڵاتی سیاسی لە نیو جامیعەدا بێنێتە گور و ببێتە بوحرانیکی شۆرشگێرانە.

٢- بزووتنەوەی ئیعتیرازی چینی کرێکار لە پێناو داخوازەکانی‌دا پەرە دەگری و حالەتی پەلاماردەرانە دەگرێتە خۆ. بووژانەوەی ئیقتسادی، سەرجەم مەوقعییەتیکی باشتر بۆ چینی کرێکار فەراهەم دەکا، کە ئیعتیرازاتی خۆی بەرەوپێش بەری و رژیم بنێتە ژیر فشار.

٣- حەرەکەتی ئیعتیرازی جەماوەری لە دژی سیاسەتە سەرکوتگەرەکانی رژیم و بۆ وەدەست هێنانی مافە ریفاهی و دیموکراتیکە بنەرەتی‌یەکان، زیاتر پەرە دەگری.

٤- ئەگەرچی رژیمی ئیسلامی هەول دەدا بە توند و تیژ کردنەوەی خەفەقان و سەرکوتی سیاسی ببێتە مانعی جم و جووڵی بزووتنەوە ئیعتیرازی‌یەکان، بەڵام دوای دەورەیەك کە زۆریش ناخایەنی، بوحرانی ناوخۆی حکوومەت و فشاری داخوازە جەماوەری‌یەکان، توانایی رژیم بەرانبەر بە ئیعتیرازاتی جەماوەری کەم دەکاتەوە.

٥- حیزب و هێزە بورژوایی‌یەکانی ئوپوزیسیون، دژایەتی خۆیان لەگەل بزووتنەوەی کرێکاری و کۆمۆنیستی لە جاران توند و تیژ دەکەنەوە و دوژمنایەتی ئاشکرایان لەگەل شۆرش و بزووتنەوەی حەقخوازانەی جەماوەری بە ئاشکراتر نیشان دەدەن.

**ج**: <u>سەرخەتی سیاسی حیزبی کۆمۆنیست لە هەلومەرجی ئێستادا</u>

حیزبی کۆمۆنیستی ئێران گرینگترین بەشی تێکۆشانی خۆی لە هەلومەرجی پر لە ئاڵ و گۆری ئێستادا بۆ شکل پێدانی بزووتنەوەیەکی کرێکاری سوسیالیستی و قودرەتمەند، وە بۆ هێنانە مەیدانی چینی کرێکار وەك هێزیکی سەربەخۆ لە سەحنەی سیاسی‌دا، تەرخان دەکا. شۆرشی ساڵی ٥٧ و دەورانی دە ساڵەی پاش ئەو شۆرشە، دەورەی سەرهەڵدانی زەمینەکان و پێویستی‌یەکانی سەربەخۆیی سیاسی چینی کرێکار و پتەو بوونەوە و بە هێز بوونی ریزی سوسیالیستی کرێکاران بووە. حیزبی کۆمۆنیست هەلومەرجی ئێستا بە قوناغیك لە پێشرەفتی ئەم رەوتە حەیاتی و چارەنووس سازە دەزانی و لە هەموو ئەو فورسەت و ئیمکاناتە کە بوحرانی مەوجوودی بورژوازی دەی نێتە ئیختیاری بزووتنەوەی کرێکاری، بۆ گەیشتن بەو ئامانجە بنەرەتی‌یەی چینی کرێکاری ئێران کەلك وەردەگری. حیزبی کۆمۆنیستی ئێران لەسەر ئەوە تەئکید دەکاتەوە کە نەك هەر مەسەلەی شۆرشی کرێکاری، بەڵکوو هەر چەشنە باش بوونیکی ماددی ژیانی کۆمەڵانی کرێکار و زەحمەتکێش، لە گرەوی ئەوە دایە کە کرێکاران وەك هێزێکی سەربەخۆی سیاسی، بە شیعار و سیاسەت و رێکخراوە و ئالترناتیوی سیاسی سەربەخۆی خۆیانەوە بێنە مەیدان و خونیشان بدەن. ئەمە نیشانەی واقیعی پێشرەوی بزووتنەوە و مەرجی پێویستی سەرهەڵدانی ئیعتلایەکی شۆرشگێرانە و رووخانی جمهووری ئیسلامی و دامەزراندنی حکوومەتیکی شۆرشگێرە کە داخوازە بنەرەتی‌یەکانی زەحمەتکێشان وەدی بێنی.

لە پێناوی ئەم سیاسەتەدا، حیزبی کۆمۆنیستی ئێران ئەم ئەرکانەی خواڕەوە دەنێتە دەستووری کاری فەوری خۆی و کرێکارانی کۆمۆنیست بۆ جێبەجێ کردنی هەرچی کاملتر و بەرینتری ئەم ئەرکانە بانگەواز دەکا:

**١**- تەبلیغی هەرچی بەرینتر سەبارەت بە ئەهمییەتی رووخانی جمهووری ئیسلامی بە هێزی کۆمەڵایەتی کرێکار و زەحمەتکێش، تەبلیغی زەرووڕەتی دامەزرانی حکوومەتی کرێکاری وەك تاقە رێگای واقیعی بۆ کوتایی پی هێنانی مەینەتەکانی کۆمەڵانی بەرینی خەڵك، خەبات لە دژی مەیل و بە چاوەروانی و ئینتزار و فورسەتدان بە رژیمی ئیسلامی کە بە بیانووی بازسازی ئیقتسادی‌یەوە لە لایەن بەشە جۆراوجۆرەکانی بورژوازی و حیزبە سیاسی‌یەکانیانەوە چ ئەوانەی لە دەسەڵات دان و چ ئەوانە لە ئوپوزیسیونن تەبلیغ دەکری، هەولدان بۆ پێش گرتن بەوەکە کۆمەڵانی کرێکار بکەونە شوین جەماعەتە جۆراوجۆرەکانی نیو رژیم وە یا حیزبە غەیرە کرێکاری‌یەکانی ئوپوزیسیون.

**٢**- پتەو کردنەوە و بەهێز کردنی بزووتنەوەی کرێکاری و ریزی سوسیالیستی کرێکاران. هەوڵدان بۆ ئەوە کە چینی کرێکار وەك هێزیکی یەکگرتووتر و رێکخراوتر لە کلی ئەم دەورەیە بێتە دەر بە دەسکەوتی ماددی‌یەوە لە زەمینەی پێك هێنانی رێکخراوە جەماوەری و حیزبی‌یەکاندا وە بە پەیوەندیکی پتەوترەوە لەگەل کۆمۆنیزم. ئەمە چارەنووس سازترین نیشانەی پێشرەوی چینی کرێکارە لەم دەورەیەدا و زامنی هەرچەشنە پێشرەوی‌یەك لە داهاتوودا. لەهەلومەرجی ئێستا دا ئەم کارانەی خوارەوە ئەهمییەتی حەیاتی هەیە:

١- پەرەپێدانی بزووتنەوەی کۆبوونەوەی گشتی وەك شکلیکی ئەساسی بۆ رێکخراوبوون و ئیعتیراز دەربرینی کرێکاران. کۆبوونەوەی گشتی یانی مەجمەعی عموومی، نەك هەر زەرفییەتی ئەوەی هەیە کە بە خیرایی لانی کەمی رێکخراو بوون و یەکدەنگی و وەحدەتی ئیرادە لە خەباتی رۆژانەی کرێکاران دا تەئمین بکا، بۆ موقاومەت بەرانبەر بە فشاری رژیم و خۆیەکخستن لەگەل هەنگاو بە هەنگاوی گەشەی بزووتنەوەی کرێکاریش موناسب ترین وەسیلەی خەباتی کرێکارانە. دەورەی داهاتوو، دەبی دەورەی گەشانەوە و قودرەتمەند بوونی بزووتنەوەی مەجمەعی عموومی بی.

٢- هەوڵدان بۆ شکل پێدانی رابەری‌یەکی شۆرشگێر و سوسیالیستی کرێکاری، کە بتوانی یەکگرتوویی و سەربەخۆیی کۆمەڵانی کرێکار لە خەباتی ئەمرۆیان دا و لە کیشەی سیاسی داهاتوودا بپاریزی، کۆکردنەوەی تێکۆشەرانی عەمەلی لە دەوری ئاسو و ئامانجی کۆمۆنیستی و سیاسەتەکانی حیزب، پتەوکردنەوە و پەرەپێدانی پەیوەندی سیاسی و عەمەلی حیزب لەگەل رابەرانی کرێکاری، پێك هێنانی یەکدەنگی و یەکدەستی هەرچی بەرینتر لە نیو رابەرانی کرێکاران دا بە تایبەت لە دەوری شیعارە سەرەکی‌یەکانی بزووتنەوەی کرێکاری، ئامادە کردنی رابەرانی کرێکاری، بۆ تەدارەکی پێك هێنانی رێکخراوە سەراسەری‌یە کرێکاری‌یەکان لە هەلومەرجیك دا کە وەزعییەتی سیاسی و سەنگ و سووکی هێزە چینایەتی‌یەکان، ئیمکانی ئەم کارە بدا.

٣- هەوڵدان بۆ رێکخستن و پەرەپێدانی بزووتنەوەی کرێکاران لە پێناو داخوازەکانیان دا بە مەبەستی باشکردنی دەسبەجێی وەزعی ئیقتسادی و ریفاهی کرێکاران و زیاد کردنی توانای خەباتکارانەی چینی کرێکار. دەبی کۆمەڵانی کرێکار بۆ توند و تیژ کردنەوەی خەبات لە پێناو داخواز و مافە پێشێل کراوەکانیان دا بانگەواز بکرین و هەول بدری بزووتنەوەی کرێکاری بکەوێتە حالەتیکی تعرزی و پەلاماردەرانە. داخوازە سەراسەری و حەیاتی‌یە کرێکاری‌یەکان، کە لە یەکگرتوو کردنی ریزەکانی بزووتنەوەی کرێکاری دا دەوری سەرەکی یان هەیە دەبی بکەونە دەستووری خەباتی بەرینترین کۆمەڵانی کرێکارەوە. حیزبی کۆمۆنیست و کرێکارانی کۆمۆنیست لە هەر تێکۆشانیکی بەشە جۆراوجۆرەکانی کرێکاران بۆ باشکردنی وەزعییەتی خۆیان لیبراوانە دیفاع دەکەن و لە هەمان کاتدا خەبات بۆ وەدەس هێنانی ئەو داخوازانە دەنێنە سەرووی ئەرکەکانی خۆیان، کە راستەوخۆ خزمەت دەکەن بە کەم بوونەوەی فشاری هەژاری و برسیەتی هەموو چینی کرێکار و تەئمینی هەلومەرجی باشتر بۆ خەباتی کرێکاری و سەراسەری کردنەوەی بزووتنەوەی کرێکاری. گرینگترینی ئەم داخوازانە ئەمانەن:

* زیاد کردنی دەس بەجێی کری و هەقدەستی کرێکاران.

* دانی بیمەی بێکاری بە هەموو ئەفرادی ئامادە بەکار.

* گەرانەوەی هەموو کرێکارانی بێکار کراو و دەرکراو بۆ سەر کار، ئازاد بوون و گەرانەوە سەر کاری هەموو کرێکارانی زیندانی.

* کەم کردنەوەی سەعات کاری حەوتووانە هەتا دەگاتە حداکسر ٤٠ سەعات.

* هەڵوەشانەوەی ئەنجومەن و شوورا ئیسلامی‌یەکان و هەموو دەزگا دژی کرێکاری‌یەکانی رژیم لە کارخانەکان.

* ئازادی بی قەید و شەرتی ئیعتساب و رێکخراو بوون.

٣- هەوڵدان بۆ تەبدیل کردنی چینی کرێکار و بزووتنەوەی کرێکاری بە رابەر و ئالا هەڵگری داخوازەکان و خەباتی دیموکراتیك لە هەموو جامیعەدا و هەوڵدان بۆ ئەوە کە چینی کرێکار بکەوێتە ریزی پێشەوەی ئیعتیراز لە دژی ئەو خەفەقان و کونەپەرستی‌یە کە رژیمی ئیسلامی بەسەر ژیانی کۆمەڵانی خەڵکی‌دا سەپاندوە. رێکخراوە کرێکاری‌یەکان و رابەرانی کرێکاران دەبی مودافیع و پاریزەر و نوینەری پەیگیری داخوازەکانی هەموو کۆمەڵانی زۆرلێکراو بن. گرینگترینی ئەم داخوازانە، کە چینی کرێکار دەبی بکەوێتە ریزی پێشەوەی خەبات بۆ وەدی هێنانیان، ئەمانەن:

* ئازادی هەمەلایەنەی سیاسی، ئازادی رێکخراو بوون، بەیان و عەقیدە.

* ئازادی هەموو زیندانیانی سیاسی.

* بەرابەری کاملی ژن و پیاو لە هەموو لایەنەکانی ژیانی کۆمەڵایەتی‌دا، هەڵوەشانەوەی دەس بەجێی هەموو ئەو مقەرراتە کە لە دژی ژنان دانراون.

* جیایی کاملی مەزهەب لە دەوڵەت و لە ئامووزش و پەروەرش.

* کوتایی پی هاتنی سەرکوتی نیزامی خەڵکی کوردستان، بە رەسمییەت ناسرانی مافیان بۆ دیاریکردنی چارەنووسی خۆیان بە پێی موراجەعە بە رەئی‌ی گشتی خەڵکی کوردستان.

* نەهیشتنی میلیتاریزم و جوبرانی هەر سەدەمە و خەسارەت و زیانیك کە شەر بە خەڵکی گەیاندوە.

* تەئەمینی دەس بەجێی پێویستی‌یە گشتی‌یەکان بە قیمەتی هەرزان.

* هەڵگرتنی هەرچەشنە تەعقیب و مەحدوودییەتیك لەسەر هەموو ئەو کەسانە کە حازر نەبوون بچنە سەربازی و لە شەر دا بەشداری بکەن.

کوتایی پی هاتنی شەر جاریکی تر بەرژەوەند و ئامانجی دژ بە یەکی چینی سەرمایەدار و چینی کرێکاری بە ئاشکراترین شیوە لە رووی یەکدا راگرتوە. ئاڵ و گۆرەکانی داهاتووی ئێران لە هەموو شتیك زیاتر کەوتوتە گرەوی پراتیکی ئامانجداری چینی کرێکاری ئێرانەوە. بورژوازی هەول دەدا بە هەر قیمەتیك بووە پێش بە قوول بوونەوەی بوحرانی سیاسی و سەرهەڵدانی وەزعییەتی شۆرشگێرانە لە جامیعەدا بگری. بورژوازی لە ئێران و لە جیهان دا وە خۆکەوتوە هەتا بوحرانی رژیم ئیسلامی کەم کاتەوە و بە ئاڵ و گۆر و ئیسلاحاتیك ئەم رژیمە سەر لە نوی بە پێچەوانەی ویستی کۆمەڵانی کرێکار و زەحمەتکێش وەك رژیمی سبات و نەزمی بورژوایی و عامیلی بازسازی سەرمایەداری لە ئێران پتەو کاتەوە و کەلکی لی وەرگری. بۆ چینی کرێکار و کۆمەڵانی زەحمەتکێش لە ئێران ئەم سبات و بازسازی‌یە هیچ مەعنایەکی نیە جگە لە بەردەوام بوونی چەوسانەوە و ئیستبداد و کونەپەرستی بورژوایی. لەبەرانبەر دا چینی کرێکار دەبی ئاسوی حکوومەتی کرێکاری و ئازادی و بەرابەری بخاتە بەرچاوی جامیعە و وەك هێزێکی یەکگرتوو و رێکخراو و رابەری خەباتی جەماوەری بۆ بەرابەری ئیقتسادی و ئازادی سیاسی پی بنێتە مەیدان و رژیمی ئیسلامی و سەرتا پێی حاکمییەتی سەرمایە لە ئێران تێکەوە پێچی.

حیزبی کۆمۆنیستی ئێران لە هەمان کاتدا کە لە هەر زەعف و پاشەکشەیەکی بورژوازی بوحران لیدراوی ئێران و حکوومەتەکەی لە هەلومەرجی ئێستادا، بۆ باشکردنی وەزعییەتی چینی کرێکار هەرچەند کەم و کورت ماوەش بی کەڵك وەردەگری، لە هەمان کاتیش دا ئامادە کردنی چینی کرێکار بۆ بەرێوە بردنی دەوری ئەساسی و تاریخسازی خۆی، یانی بۆ شۆرشی کۆمۆنیستی کرێکاران، بە ئەرکی بنەرەتی خۆی دەزانی.

کومیتەی ناوەندی حیزبی کۆمۆنیستی ئێران

خەرمانانی ١٣٦٧

***

# چەند هەواڵ لە خەباتی کرێکارانی کوردستان

## مان گرتنی سەرکەوتوانەی ١٧ کوورەخانەی هەمەدان

کرێکارانی ١٧ کوورەخانەی هەمەدان، دوای چەند ڕۆژ قسە و باس، لە ڕۆژی ٢٤ی جوزەردانەوە مانیان گرت و خوازیاری زیاد کردنی حەقدەستەکانیان بوون و داواکاری ئەوە بوون کە خەرجی هات و چووی نیوان شار و کوورەخانە لە لایەن خاوەن کوورەکانەوە دابین بکری.

کرێکارانی هەموو بەشە جۆراوجۆرەکانی کوورەخانەکان، بە قالبدار و قرمزدار و چەرخ کیش و کوورەسووزەوە لەم مان گرتنەدا بەشدارییان کرد.

دوای سێ ڕۆژونیو مانگرتن و پاش وت و وێژی نوینەرانی کرێکاران و خاوەن کوورەکان، کرێکاران سەرکەوتن و توانیان بە داخوازەکانیان بگەن.

کرێکاران بە مانگرتنی یەکپارچە و خەباتی یەکگرتوانەیان خاوەن کوورەکانیان ناچار کرد کە ٢٠ تمەن بە حەقدەستەکانیان زیاد بکەن و هەروەها بە خەرجی خاوەن کوورەکان ڕۆژانی پێنج شەممە و جومعە سرویسی هات و چوویان بۆ دابنیین.

## کرێکارانی کوورەخانەی "حسین ئاغا"ی کەرەج سەرکەوتن

کرێکارانی کوورەخانەی "حسین ئاغا" لە کەرەج دوای قسە و باس لەگەڵ یەکتر و موخالەفەتی خاوەن کوورەکە لەگەڵ زیاد کردنی حەقدەستەکانیان و دابین کردنی نایلون و دەسکیشی کار، تەسمیمیان گرت بۆ ئەم داخوازانە مان بگرن.

ڕۆژی ٢٠ی مانگی پووشپەر کرێکارانی هەموو بەشە جۆراوجۆرەکانی ئەم کوورەخانەیە مانیان گرت و دەستیان لە کار هەڵگرت.

کرێکاران بە مان گرتنی یەکگرتوانەی خۆیان، دوای دوو ڕۆژ سەرکەوتن و توانیان خاوەن کوورەکە مەجبور بکەن ٢٥ تمەن بە حەقدەستەکانیان زیاد بکا.

## سەرکەوتنی کرێکارانی ٧ کوورەخانەی تاکستان

کرێکارانی کوورەخانەکانی "حاجی شەلایی"، "حاجی نووری"، "حاجی بابایی" و چوار کوورەخانەی تر، لە نیوەی دووهەمی مانگی جوزەردان دا مانیان گرت و خوازیاری زیاد کردنی حەقدەستەکانیان بوون و داوایان کرد بۆ برینی هەر ١٠٠٠ خشت لە ١٧٠ تمەنەوە بکرێتە ١٩٥ تمەن.

خاوەن کوورەکان دوای چەند جار وت و وێژ لەگەڵ نوینەرانی کرێکارەکان، ناچار بوون لە ڕۆژی حەوتەمی مانگرتنەکەدا داخوازی کرێکارەکان قەبوول بکەن. بەم جۆرە کرێکارانی ئەم کوورەخانانە، بە یەکگرتوویی و خەباتی خۆیان سەرکەوتن و توانیان حەقدەستەکانیان بگەیەننە ١٩٥ تمەن.

## ڕژیم سەهمیەی شیرکەتی تەعاونی کرێکارانی مەریوانی بری

ماوەیەك لەوەپێش جمهووری ئیسلامی بۆ تیك شکاندنی یەکگرتوویی کرێکارانی مەریوان و تیك دانی شیرکەتی تەعاونی سەربەخۆی کرێکارانی ئەم شارە، سەهمیەی ئەم شیرکەتە تەعاونی‌یەی بری.

پێویستە بکوترێ کرێکارانی تێکۆشەری ئەم شارە کە بریتین لە کرێکارانی ئیدارەی ئاو و ئیدارەی بەرق و ئیدارەی ڕێگا و بان و شیرکەتی فەننی "گاران" و نانەواخانەکانی مەریوان، ساڵێك لەوەپێش ئەم شیرکەتە تەعاونی‌یەیان پێك هێناوە. ئەم شیرکەتە تەعاونی‌یە ٤٠٠ ئەندامی هەیە و بۆ بەڕێوە بردنی کاروباری خۆیان ٩ نوینەریان هەڵبژاردوە.

کومیتەی ناوچەی مەریوان لە ڕاگەیاندنیك دا، داوای لە کرێکارانی ئەندامی ئەم شیرکەتە تەعاونی‌یە کرد کە لە بەرانبەر زەخت و زۆری ڕژیم دا ڕاوەستن و لە ڕێکخراوەکەیان دیفاع بکەن و هەروەها خوازیاری ئەوە بن کە ڕژیم پێداویستی‌یەکانی ژیانیان بە قیمەتی دەوڵەتی بۆ دابین بکا.

## ئیعتیرازی یەکپارچەی کرێکارانی شیرکەتیکی ساختمانی لە ناوچەی بانە

کرێکارانی شیرکەتیکی ساختمانی لە نزیك ئاوایی "درولە"ی ناوچەی بانە، لە دژی شەرایەتی سەخت و دژواری کار و هەروەها لە دژی ملهوری و زەخت و زۆری موهەندیسەکان و نازری شیرکەت و خاوەنی شیرکەت ئیعتیرازیان کرد. لە جەرەیانی ئەم ئیعتیرازەدا نازری بەکرێگیراوی شیرکەت کەوتە بەر پەلاماری جەسوورانەی کرێکارەکان.

هێزە سەرکوتگەرەکانی ڕژیم بۆ پاراستنی قازانجی خاوەن شیرکەت و پشتیوانی لە نازری شیرکەتەکە، لەم جەرەیانەدا دەخاڵەتیان کرد و کرێکاریکیان گرت و زیندانی‌یان کرد. بەڵام کرێکارەکان هەروا درێژە بە خەباتیان دەدەن و وێرای ئیعتیراز بە دەخالەتی سەرکوتگەرانەی هێزەکانی ڕژیم، خوازیاری ئازادی کرێکارەکەش دەبن.

سەرەنجام کرێکارەکان پاش ٢٠ ڕۆژ خەباتی یەکگرتوانە و لیبراوانە، بەکرێگیراوانی ڕژیمیان ناچار کرد کە ڕەفیقە کرێکارەکەیان ئازاد بکەن.

## ئیعتیرازی کرێکارانی کوورەخانەکانی "قەزوین" لە دژی سەربازگیری

بەپێی هەوالیك کە لە کوورەخانەکانی "قەزوین"ەوە بەدەستمان گەیشتوە، ڕۆژی ٢٤ی پووشپەر بەکرێگیراوانی ڕژیم بە مەبەستی سەربازگیری، هێرش دەبەنە سەر کوورەکانی "قەزوین"، "ئابیەك" و "شال" لە نزیك شاری "قەزوین".

بەکرێگیراوان لە کوورەکانی "قەزوین" ٦ کەس دەگرن بەڵام ئیعتیرازی یەکپارچەی کرێکاران ناچاریان دەکا کە هەر ٦یان ئازاد کەن.

کرێکارانی کوورەی "ئابیەك"یش بە سەربازگیری ڕژیم ئیعتیراز دەکەن بەڵام بەکرێگیراوان دەتوانن ٦ کەس بە زۆر بگرن و بەرێیان کەنە سەرباز خانە.

## مانگرتنی سەرکەوتوانەی کرێکارانی کوورەخانەکانی "مەرەند"

کرێکارانی کوورەخانەکانی "مەرەند" دوای ماوەیەك تەکبیر و قسە و باس لە ڕۆژی ٢٠ی پووشپەرەوە بۆ زیاد کردنی حەقدەستەکانیان و وەرگرتنی حەقدەستی نیوەی هەوەڵی کاریان مانیان گرت.

کرێکاران پێش دەست پێ کردنی مانگرتنەکەیان، بۆ پەیوەندی گرتن لەگەڵ کرێکارانی کوورەکانی‌تر و بۆ بەڕێوە بردنی مانگرتن و وت و وێژ لەگەڵ خاوەن کوورەکان نوینەریان هەڵبژارد.

خاوەن کوورەکان کە لەم مانگرتنە توقیبوون بۆ پێش گرتن بە پەرەسەندنی ئەم مانگرتنە و بۆ تەفرەقە پێك هێنان لە نیو کرێکاران دا دەستیان دایە پیلانگێری و هەرەشە و وعدەی بە درو. یەکیك لە خاوەن کوورەکان بە نیوی حاجی بیوك بۆ فریودانی کرێکاران دەچێتە کوورەخانەکانی تر و دڵی کرێکارانی کوورەکەی ئەو دەستیان لە مانگرتن هەڵگرتوە. بەڵام کرێکارەکان باوەری پێ ناکەن و پیلانەکەی پووچەل دەکەنەوە و درێژە بە مانگرتنەکەیان دەدەن.

پاش ١١ ڕۆژ مانگرتنی کرێکاران و دوای چەندین جار وت و وێژی خاوەن کوورەکان و کرێکاران، خاوەن کوورەکان ناچار دەبن داخوازی کرێکارەکان قەبوول کەن و حەقدەستەکانیان لە ١٧٠ تمەنەوە بگەیەننە ١٩٠ تمەن. بەڵام کرێکاران بەوەش ڕازی نابن و داوای حەقدەستی ڕۆژانی مانگرتنیش دەکەن و خاوەن کوورەکان ناچار دەکەن کە ٥ تمەنی دیکەش بە حەقدەستەکانیان زیاد کەن.

کرێکارانی کوورەخانەی حاجی بیوك، ئەم خاوەن کوورەیە مەجبور دەکەن کە حەقدەستی نیوەی هەوەڵی کاریان پێ بدا و کرێکارانی کوورەیەکی‌تریش خاوەن کوورە ناچار دەکەن کە حەقدەستی حەوتوو بە حەوتوو حەقدەستەکانیان پێ بدا.

## کرێکارانی مەیدانی کاری بۆکان حەقدەستەکانیان دیاری کرد

ماوەیەك لەوەپێش سەرمایەداران و خاوەن کارەکانی بۆکان بە کرێکارانی ساختمانی ئەم شارە ڕادەگەیەنن کە دەبێ ٥٠ تمەن لە حەقدەستەکانیان کەم کەنەوە. بەڵام کرێکاران بە وشیاری‌یەوە ئەم پیلانە پووچەل دەکەنەوە و ڕادەگەیەنن کە حازر نین بە ٣٠٠ تمەن کەمتر کار بکەن.

بەکرێگیراوانی جمهووری ئیسلامی بۆ پشتیوانی لە سەرمایەدارەکان و بیانووی سەبازگیری‌یەوە هێرش دەبنە سەر کرێکارانی مەیدانی کاری بۆکان. بەڵام کرێکارەکان خۆیان لە چنگ بەکرێگیراوان دەرباز دەکەن و بەم جۆرە نە تەنیا ناچنە سەربازی بەڵکوو حەقدەستی ٣٠٠ تمەنیش دەچەسپێنن.

## تێکۆشانی کرێکارانی کوورەخانەکانی مهاباد بۆ دیاری کردنی حەقدەستەکانیان

کرێکارانی کوورەخانەکانی مهاباد لە ڕۆژەکانی هەوەڵی مانگی پووشپەرەوە بۆ دیاری کردنی حەقدەستەکانیان دەست دەکەن بە قسە و باس و تەکبیر و مەشوەرەت لەگەڵ یەکتر و لە نیوەراستی مانگی گولان دا بۆ ئەم مەبەستە دەچنە ئیدارەی کاری ڕژیم و داواکاری دیاری کردنی حەقدەستەکانیان دەبن.

تا ئێستا ئیدارەی کار و خاوەن کوورەکان وەڵامیکیان نەداوەتەوە بە کرێکاران. کومیتەی ناوچەی مهاباد لە ڕاگەیاندنیك دا داوای لە کرێکارەکان کرد کە لەسەر وەڵامی ئیدارەی کار و خاوەن کوورەکان ڕانەوەستن و خۆیان حەقدەستەکانیان دیاری کەن و بۆ دیاری کردنی حەقدەستەکانیان لە تەجرەبەی خەباتی کرێکارانی شوینەکانی‌تر و بە تایبەت کرێکارانی کوورەکانی هەمەدان کەلك وەرگرن.

## کورتە گوزارشیك لە چەند مەرکەزی کرێکاری شاری سنە

بەهۆی کەم بوونی مەواد و کەرەسەی کارەوە، ژمارەیەکی زۆر لە کرێکارانی کارخانە و کارگاکانی شاری سنە بێکار بوون.

کارخانەی پارچەچنی "چیا" کە ٢٠ کرێکاری هەیە تەعتیل بووە و مەترسی ئەوە هەیە کە بە تەواوی وەر شکست بێ.

لەم دواییانەدا قرار بووە کە شیفتی شەوانەی کارخانەی "شاهو" تەعتیل بێ و کرێکارانی هەر کام لە شیفتەکان حەوتوویەك کار بکەن و حەوتوویەکیش بێکار بن. ئەم تەرحە بە قەولی کرێکارەکانی ئەم کارخانەیە، تەرحی دەرکردنی لانی کەم ١٠٠ کرێکاری ئەم کارخانەیە.

بە هۆی نەبوونی کەرەسەی کاری ساختمانی‌یەوە، کاری زۆربەی شاروچکەکانی دەوروبەری شاری سنە و پرۆژەکانی ئاوەدانی و عومران تەعتیل بوو، کرێکارانی ئەم بەشانە بیکار بوون و ڕوویان کردوەتە مەیدانی کاری ئەم شارە و هەموو ڕۆژی سەدان کرێکاری بێکار لەم مەیدانە بەدەستی بەتاڵ و ناهومید دەگەڕێنەوە.

هەروەها هەزاران خوێندەوار و منالە کرێکاری ئەم شارە کە هاوینی ئەمساڵ بۆ کومەك بە خەرجی بەری چوونی خانەوادەکانیان ڕوویان کردبووە کرێکاری، لە بەر نەبوونی کار ناچار بوون دەسفرۆشی و وردە والە فرۆش بکەن.

کاربەدەستانی ڕژیم بە بیانووی نەبوونی جەوازی کەسب و کار، هەموو ڕۆژی چەندین دووکانی وەك کەباب خانە و نەجاری تەعتیل دەکەن کە هەر کامیان چەند کرێکار، کاری تێدا دەکەن.

## گوزارشیك لە موقاوەمەتی کرێکارانی کارخانەی شاهو لە بەرانبەر ئامووزشی نیزامی دا

سەراسەری زستانی پار کرێکارانی کارخانەی "شاهو"ی سنە لە بەرانبەر ئامووزشی نیزامی ڕژیم دا ڕاوەستان، بەکرێگیراوانی ڕژیم دوای ئەوەی بە هۆی خەباتی یەکپارچەی کرێکارانی ئەم کارخانەیە لە بەڕێوەبردنی تەرحی "جهاد مالی"دا شکستیان خوراد، تەرحی ئامووزشی نیزامی‌یان هێنایە گۆر. بەڵام کرێکارەکان ڕایان گەیاند حازر نین مل بۆ ئەم سیاسەتە کەچ کەن.

ڕۆژی ١٠ی ڕەشەمە ٣ مەسئوولی بەکرێگیراوی ئامووزشی نیزامی چوونە کارخانەی شاهو و هەرەشەیان لە کرێکارەکان کرد کە ئەگەر نەچن بۆ دەورەی ئامووزشی نیزامی، کارخانەکە تەعتیل دەکەن. بەڵام کرێکاران ملیان نەدا و درێژەیان بە خەباتیان دا.

بەکرێگیراوانی ڕژیم بە شێوەی جۆراوجۆر و بە نامە نووسین و سوخەنرانی پەیتا پەیتا، کرێکارەکان دەخەنە ژێر زەخت و فشارەوە و ڕۆژی ٢٣ی مانگی گولان لە نامەیەکدا بە کرێکاران ڕادەگەیەنن دەبێ تا جەژنی "ڕەمەزان" ٣ کرێکار بۆ ئامووزشی نیزامی بنێرنە ئیدارەی بەسیج.

کرێکاران لە بەرانبەر ئەم پیلانەی ڕژیمیش دا ڕادەوستن و دەست لە کار هەڵدەگرن و خوازیاری ئەوە دەبن کە تەرحی ئامووزشی نیزامی هەڵوەشێتەوە.

بەڵام بەکرێگیراوان بە زیاتر کردنی فشار و بە هەرەشە و فریودانی کرێکاران توانیان کرێکاران ناچار بکەن کە بە نیوان هەر دە ڕۆژ ٣ کرێکار بنێرنە دەورەی ئامووزشی نیزامی.

## گوزارشیك لە وەزعی کار و ژیانی کرێکاران و خەڵکی زەحمەتکێشی شاری نەغەدە

بە هۆی ئەوەوە کە خەڵکی ئاوایی‌یەکانی ناوچەی نەغەدە و شار و دێهاتی پیرانشار ڕوویان کردوەتە شاری نەغەدە و هەروەها کاربەدەستانی ڕژیم ژمارەیەکی زۆر لە خانەوادە ئاوارەکانی عێراق یان لەم شار جێ گیر کردوە، ژمارەی دانیشتوانی ئەم شارە بە شێوەیەکی بەرچاو زیادی کردوە. پێ بە پێی زیاد بوونی ژمارەی دانیشتوانی شار، ژمارەی کرێکارانی بێکاریش زیادی کردوە.

لە مەیدانی مەرکەزی شار، کە لە نزیك ترمینالی ئەم شارەیە، هەموو ڕۆژی ١٥٠ تا ١٦٠ کرێکار بە دەستی بەتاڵ و بە ناهومیدی‌یەوە دەگەڕینەوە مالەکانیان. لە مەیدانیکی دیکەی نزیك ئیدارەی "پست و تلگراف" هەموو ڕۆژی ژمارەیەکی زۆر لە کرێکاران چاوەڕوانی ماشینەکانی میوەو تەرەبار لە شاری مهابادەوە بگەنە جێ و ئەوان خۆیانی تا مەرکەزی شار پێوە هەڵواسن تا بەڵکوو بە داگرتنی باری ماشینیك پوولیکیان وەدەست کەوی و تیکە نانیکی خۆیان و منالەکانیانی پێ بکرن. لانی زۆری حەقدەستی داگرتنی باری ماشینیك ١٠٠ تا ١٥٠ تمەنە.

نرخی حەقدەستی کرێکاران کەمە و لە ٢٠٠ تمەن ناچێتە سەر. لە ڕاستی‌دا نرخیکی یەکسان و دیاری کراو بۆ حەقدەستی کرێکاران نیە و حەقدەستی کرێکاران بە مەیلی خاوەن کارەکان دیاری دەکری.

هاوینان، ژمارەیەکی زۆر لە کرێکارانی ئەم شارە لەگەڵ خانەوادەکانیان، بەیانی زوو، بە هەر وەسیلەیەك کە وەدەستیان کەوی، بۆ دەسکەنەی نوك، خۆیان دەگەیەننە مەزراکان. حەقدەستی سەر کارگەرانی کاری کەشاوەرزی ٣٠٠ تا ٣٥٠ تمەنە. حەقدەستی کرێکارانی تری ئەم بەشە، سەرەرای ئەوە کە لە بەیانی زووەوە تا تاریکان کار دەکەن و بە پێی تەمەنیان ١٠٠ تا ١٥٠ تمەنە.

لە هەموو شوینیکی ئەم شارە، زۆ جار منالانی تازە پێ گەیشتوو بەر چاو دەکەون، و بە هۆی لە دەست دانی دایك و باوکیان، یان بە هۆی نەخۆشی و بێکاری سەرپەرستەکانیان خەرێکی سوال کردنن.

نیوەی نانەواخانەکانی ئەم شارە مەجبور کراون کە نان بۆ سپای پاسداران بکەن. هەر بەم هۆیەوە نان کەمە و خەڵك بۆ وەدەست خستنی چەند نان ناچارن پێش ڕووناك بوون سەفی دوور و درێژ لەبەر نانەواخانەکان پێك بینن.

فشار و خەفەقانی پولیسی ڕژیم خەڵکی ئەو شارەی وەتەنگ هێناوە. لەسەر هەموو ئەو ڕێگایانەی کە دەگەنە نیو شار، بە تایبەت لە جادەکانی مهاباد _ ورمی و شنو و پیرانشار پوستی بازرەسی کومیتە خەڵك دەپشکنن و کەس هەقی نیە لە ٥ کیلو زیاتر قەند و شەکری پێ بێ. بەکرێگیراوان قەند و شەکری زیاتر لە ٥ کیلو زەوت دەکەن و دەلین بە جێگای قەند بە کشمیش و خورما چاپی بخونەوە.

هەموو خیابانەکانی شار، بەر ترمینال و مەیدانی نزیك ترمینال، پەر لە گەشتی‌یە جۆراوجۆرەکانی ڕژیم کە هەموو کەس و هەموو شتیکیان خستوەتە ژێر کۆنترۆلی خۆیان و شکیان لە هەر کەس بێ، بە بێ دەلیل و بەڵگە دەیگرن وە ڕەوانەی کومیتەی دەکەن.

ئەگەر لە چنگ هەژاری و نەداری و نابەرابەری وەگیان هاتوون،

ئەگەر بێ مافی و تەحقیری هەموو ڕۆژە بەرۆکی پێ گرتوون،

ئەگەر بێکاری و بێ بژیوی ژیانی لێ تاڵ کردوون،

ئەگەر لە شەر، لە کوشتاری ئینسانەکان، لە ئیعتیاد و فەحشا بێزارن،

وە ئەگەر دەتانەوێ بە ئازادی و بەرابەری واقیعی بگەن،

لەگەل کۆمەڵە بۆ دامەزراندنی حکوومەتی کرێکاری خەبات بکەن!

***

# ڕاگەیاندنی کۆمەڵە بە بۆنەی نوهەمین ساڵرۆژی هێرشی جمهووری ئیسلامی بۆ سەر کوردستان

کرێکاران، زەحمەتکێشان!
خەڵکی ئازادیخوازی کوردستان!

٢٨ی گەلاویژ نەهەمین ساڵرۆژی هێرشی جمهووری ئیسلامی بۆسەر کوردستانە.

٩ ساڵ لەمەوبەر لەو ڕۆژەدا بە فەرمانی خومەینی هێزە سەرکوتگەرەکانی جمهووری ئیسلامی هێرشیان هێنایە سەر کوردستان تا داخوازی ڕەوای گەلی کورد بۆ ئازادی دیاری کردنی چارەنووسی خۆی، لە گومی خوێن دا بخنکێنن.

کۆمەڵانی خەڵکی کوردستان بە دوای ڕاپەرینی مانگی ڕێبەندانی ساڵی ١٣٥٧دا داوایان دەکرد کە ئازاد بن چارەنووسی سیاسی خۆیان دیاری بکەن، شووڕای خۆیان، ڕێکخراوەی سنفی و سیاسی خۆیان هەبی، چەکی خۆیان پی بی و لە ئازادی بەیان و عەقیدە و باقی دەسکەوتە دیموکراتیکەکان بەهرەمەند بن.

جمهووری ئیسلامی جوابی سیاسی بەم داخوازە سیاسییانەی خەڵکی کورستان نەدایەوە، بەڵکوو هەولی دا بە ملهوری و بە زۆری سەرەنیزە و توپ و تەیارە سەرکوتیان بکا. خەڵکی کوردستان لە ماوەی ٦ مانگی دوای ڕاپەرینی مانگی ڕێبەندان دا ئەوپەری هەوڵی خۆی خستە کار کە بە خەباتی سیاسی و جەماوەری بەر بە سەرکوت و هێرشی جمهووری ئیسلامی بگری. بەڵام ئەم ڕژیمە کە بە تەواوی کەمەری بۆ سەرکوتی شۆڕش لەسەراسەری ئێران بەستبوو، دوای چەند جار پەلامار و کوشتاری ئەم شوین و ئەو شوین و موقاوەمەت و ڕاوەستانی قارەمانانەی خەڵك لە نەوروزی خوێناوی سنە، لە شاری نەغەدە، لە مەریوان و لە پاوە، سەرئەنجام لە ٢٨ی مورداد دا بە پێی فەرمانی جیهادی خومەینی هێرشیکی سەرتاسەری بە مەبەستی سەرکوتی خەڵکی ئازادیخواز و شۆڕشگێری کوردستان دەست پی کرد.

٢٨ی گەلاویژ هەموو ساڵێك، ئەم سیاسەتە سەرکوتگەرانەیەی جمهووری ئیسلامی لە دژی خەڵکی کوردستان وەبیر دێنێتەوە. سیاسەتیك کە ماوەی ٩ ساڵ بە پشت ئەستووری ماشینی جەنگی و ئیمکاناتی زۆر و زەبەندی تەسلیحاتی هەروا دریژەی پێداوە. هەر ئێستا زیاتر لە ٢٠٠ هەزار هێزی سەرکوتگەر و داگیر کەری جمهووری ئیسلامی لە ٣ هەزار پادگان و پایگا و مەقەر لە گەرەکی شارەکانەوە تا جادەکان و تا ناو هەر دێیەك و سەرهەر تەپولکەیەك دامەزراون و ئەمنیەت و ئاسایشیان لە ژیانی گشت کۆمەڵانی خەڵك هەڵگرتوە.

جمهووری ئیسلامی بە بیانووی شەر لەگەل عێراق، فشاری نیزامی خۆی و ژمارەی هێزە چەکدارەکانی لە کوردستان گەلیك زیاتر کرد و بە کێشانی ئەم شەرە مالویرانکەرە بۆ سنوورەکانی کوردستان، کوشتار و مالویرانی و ئاوارەیی زیاتری بەسەر خەڵکی کوردستان دا سەپاند بە جۆرێك کە لەم ساڵانەی دواییدا چەند شار و سەدان ئاوایی بەم بۆنەیەوە چول و کاول کران، هەروەها ڕژیم بە بیانووی شەرەوە سیاسەتی سەربازگیری ئیجباری، چەکدار کردنی زۆرەملی، کوچی زۆرەملی و خەفەقان و زەبروزەنگی خۆی لە دژی خەڵکی کوردستان بەو پەری خۆی گەیاند. ئێستاش کە لە ژیر فشار دا و لە ترسی پەرەگرتنی ئیعتیرازی خەڵك ناچار شکستی خۆی لە شەری کونەپەرستانەی دا سەلماندوە و بە قەبوولی ئاگر بەس شەری لە مەرزەکان ڕاگرتوە، بە تەمایە شەری ٩ ساڵە و داگیرکردنی چەکدارانەی کوردستان و جینایەتەکانی خۆی هەروا دریژە پی بدا.

کرێکاران، کۆمەڵانی خەڵکی کولنەدەر و ئازادیخوازی کوردستان!

ساڵرۆژی لەشکرکێشی جمهووری ئیسلامی بۆ سەر کوردستان بکەن بە ڕۆژی ئیعتیرازی گشتی و جەماوەری لە دژی داگیر کردنی چەکدارانە و سەرکوت و خەفەقانی جمهووری ئیسلامی! داوا بکەن کە هاوکات لەگەل ڕاگرتنی شەر لە سنوورەکان، شەری جمهووری ئیسلامی لە کوردستانیش کوتایی پی بی.

هێزە سەرکوتگەرەکانی جمهووری ئیسلامی دەبی لە کوردستان بچنە دەر!

خەڵکی کورد دبی لە دیاری کردنی چارەنووسی خۆیدا ئازاد بی و بە بی هیچ فشاریکی نیزامی و سیاسی بتوانی بە ریفراندومیکی ئازاد چارەنووسی سیاسی خۆی هەڵبژیری!

ئەگەر جمهووری ئیسلامی لە ژیر فشار دا ناچار کراوە لە شەری ٨ ساڵەی لەگەل عێراق دەست هەڵگری، دەبی ئێمەش بە هەموو هێز و توانای شۆڕشی جەماوەری و چەکدارانەمانەوە، بە جەلبی پشتیوانی کۆمەلانی خەڵکی ئێران و بە ئاگادار کردنی بیروڕای جیهانی لە حەقخوازی خۆمان، فشار بۆ جمهووری ئیسلامی بینین تا شەری ٩ ساڵە و داگیرکردنی چەکدارانەی کوردستان کوتایی پی بینی و مافی گەلی کورد لە هەڵبژاردنی چارەنووسی سیاسی خۆیدا بسەلمێنێ. ئێستا کە ڕژیم لەوپەری شکست و زەعف و داماوی دایە، هەل بۆ ئەم تێکۆشانە لە هەمیشە لەبارترە.

ڕۆژی ٢٨ی گەلاویژی ئەمساڵ، کە یەك ڕۆژ پێش ئاگر بەسی ڕەسمی شەری ئێران و عێراقە، بکەن بە ڕۆژی ئیعتیرازی گشتی و جەماوەری هەموو خەڵکی شار و دێهاتی کوردستان لە دژی دەسەڵاتی سەرکوتگەرانەی جمهووری ئیسلامی و حوزووری هێزە نیزامییەکانی لە کوردستان، بە تەعتیلی گشتی کامل و سەراسەری و ڕاگرتنی هەموو کار و باریك، بە وەری خستنی ئیعتیرازی ئاشکرا و بە کۆمەڵ لە هەر کوی و بە هەر میزان کە بۆتان دەکری، تەنانەت بە نەهاتنە دەر لە مال وە یا بە هەر شیوەیەکی‌تر دەنگی ئیعتیرازی خۆتان لە دژی سەرکوت و میلیتاریزمی جمهووری ئیسلامی دەربڕن و بە تاق کەوتوویی ڕژیمی داگیر کەر لە کوردستان ئاشکراتر لە هەمیشە نیشان بدەن.

بێگومان ئیوە کە ٩ ساڵە شۆڕشی جەماوەری و چەکدارانەی خۆتان بەرانبەر بە سەرکوت و کوشتاری جمهووری ئیسلامی کولنەدەرانە دریژە پیداوە و لە هیچ چەشنە فیداکارییەك دریغتان نەکردوە، ئێستاش بە حەرەکەتی ئیعتیرازی سەراسەری خۆتان لە ڕۆژی ٢٨ی گەلاویژدا دەتوانن جاریکی‌تر دەنگی حەقخوازانە و ئیرادەی یەکگرتووانەتان بۆ وە دەرنانی هەموو هێزە سەرکوتگەرەکانی جمهووری ئیسلامی لە کوردستان و بۆ بەدەست هێنانی مافی دیاریکردنی چارەنووس بە هەموو دنیا ڕابگەیەنن.

مەرگ و نەمان بۆ جمهووری ئیسلامی!

سەرکەوتوو بی بزووتنەوەی شۆڕشگێڕانەی گەلی کورد!

سازمانی کوردستانی حیزبی کۆمۆنیستی ئێران _ کۆمەڵە
٢٣ی گەلاویژی ١٣٦٧

***

# وەڵامێکی کورت بە وت و وێژی قاسملوو لەگەڵ ڕادیو ئەمریکا

چەند ڕۆژ لەوە پێش ڕادیو دەنگی ئەمریکا وت وویژیکی لەگەل قاسملوو سکرتری یەکیك لە دوو بەشەکەی حیزبی دیموکراتی کوردستانی ئێران کرد. ناوەرۆکی ئەم وت و وێژە تەنیا بریتی بوو لە چەندپات کردنەوەی سەرخەتەکانی سیاسەتی هەمیشەیی ئەم جەماعەتە کە دوژمنایەتی کویرانەیە لەگەل ئامانج و مافەکانی خەڵکی زەحمەتکێش بۆ خۆشیرین کردن لە لای کۆڕ و کۆمەڵە ئەمپریالیستییەکانی ڕۆژئاوا و تەئکید کردن لە سەر سیمای دژی کۆمۆنیستی ئەم حیزبە بۆ وەدەست هێنانی ئیعتبار لە لای ئەم کۆڕ و کۆمەڵانە. ئەمەش هەر ئەو مورك و نیشانەیە کە ئەمرۆ لە مەیدانی سیاسی ئێران دا سیمای قاسملووی پی دەناسرێتەوە.

وت و وێژی قاسملوو لەگەل دەنگی ئەمریکا بە تەوهین کردن بە کۆمەڵە دەستی پی کرد.

قاسملوو هەل و دەرفەتەکە بۆی هەڵکەوتوە هەتا دەنگی خۆی بە گویی کۆڕ و کۆمەڵە ئەمپریالیستییەکانی ئەمریکا بگەیەنی کەلك وەردەگری بۆ ئەوەی سیاسەتی دژی کۆمۆنیستی و دژی کرێکاری خۆی، لە بە شەر و جینایەت دەرهەق بە کۆمەڵە بە دریژایی ئەم چەند ساڵە بەرێوەی بردوە، هەر لیرە، کە جێگای خۆیەتی بێنیتە مەیدانی معامەلە.

قاسملوو بۆ ئەوەی پەیامەکەی بە گویی مەئموورانی وەزارەتی کار و باری دەرەوەی ئەمریکا بگەیەنی، لە دەزگای تەبلیغاتی ئەمریکا و بە کۆمەڵە دەلی پول پوت. قاسملوو لە ڕاستیدا هەول دەدا لەم ڕێگایەوە حاسلی چەندین ساڵ شەر و موزاحەمەتی خۆی لە دژی جەرەیانی کرێکاری و شۆڕشگێرانە لە کوردستان، لە دژی کۆمەڵە، ئەمرۆ لە بازاری سەوداگەری ئەمپریالیستیدا لە سەرمەسەلەی کورد، کۆبکاتەوە و دەیەوی ئەمپریالیستەکان لەوە دلنیا بکا کە خۆی و حیزبەکەی دوژمنی بی ڕەزای هەرچەشنە ئامانجیکی شۆڕشگێرانە و کرێکاری و ڕادیکالن لەو مەنتەقەیە و لەم ڕێگایەدا حازرن هەرچی لە دەستیان بی لە دژی بزووتنەوەی شۆڕشگێرانەی کۆمەلانی دەس تەنگ و بی بەشی کوردستان بیکەن. ئێمە هەتا ئێستا گەلیك جار بۆ ڕوونکردنەوەی هوی لاساری و پی داگرتنی حیزب دیموکرات لەسەر دریژە پێدانی شەر لە دژی کۆمەڵە ئەم واقعییەتەمان بۆ خەڵکی کوردستان ڕوون کردوەتەوە کە یەکیك لە ئامانجەکانی قاسملوو لەوەدا کە دریژە بەم شەرەدەدا و گوی نادااتە هیچ هەول و تەقالایەك بۆ کوتایی پی هێنانی ئەم شەرە، ئەوەیە کە دەیەوی لەم ڕێگایەوە جێگا و مەوقعییەتی خۆی وەك جەرەیانیکی ڕاست و دژی کۆمۆنیست لەم مەنتەقەیە، لە لای بورژوازی و ئەمپریالیزم قایم بکا و نیشان بدا کە ئەو حیزبە داردەست و گوپالیکی لە بارە کە هەرکات ئەمپریالیستەکان و بورژوازی بیانەوەی دەتوانن لە دژی جەرەیانی ڕادیکال و شۆڕشگێر لە کوردستان هەلی سووڕێنن. قاسملوو کە خۆی و حیزبەکەی لە لای کۆمەلانی وشیار و زەحمەتکێش هیچ ئیعتباریکیان نەماوە و بە تاك کەوتونەتەوە لەم ڕێگایەوە هەول دەدا هەتا بەشکەم ئەمپریالیستەکانی ڕۆژئاوا پشتیوانی لی بکەن و بەم جۆرە ئاسویەك بۆ خۆی و حیزبەکەی بکاتەوە. قسەکانی ئاغای قاسملوو دەربارەی کۆمەڵە لە ڕادیو ئەمریکاوە بە ڕوشنترین شیوە جاریکی‌تر ڕاست و دروست بوونی قسە و بۆچوونەکانی ئێمە لەسەر ئەم دارودەستە خەیانەت پێشەیە ئیسبات دەکا و ڕوونی دەکاتەوە کە قاسملوو و داروودەستەکەی بە چ مەبەستیك لە دژی دیموکراسی و مافەکانی خەڵکی زەحمەتکێشی کوردستان و لە دژی کۆمەڵە شەری چەکدارانەیان دەست داوەتی و فەرمانی سەراسەری کردنەوەی شەر لە دژی کۆمەڵەیان لە پلینوم و کونگرەی خۆیان دا پەسەند کرد و بەرانبەر بە هەر چەشنە هەولدانیك بۆ کوتایی پی هێنانی ئەم شەرە لاسارانە بی ئیعتنایی یان نیشان دا و لەم ڕێگایەدا تەنانەت شکستی نیزامی و نەفرەتی ڕۆژ لەگەل ڕۆژ زیاتری خەڵکی کوردستانیشیان بە بەژنی خۆیان بری. بەڵام ئەم خۆش خزمەتی‌یە لە لای فلانە یان فیسارە سناتوری ئەمریکایی چ دەسکەوتیکی بۆ قاسملوو بوو؟ ئایا قاسملوو لەم ڕێگایەوە دەتوانی ڕیزە شپرزەکانی سەر و سامان پی بداتەوە و ئاسویەك بە ڕوویان دا بکاتەوە؟ ڕەنگە لەم بابەتەوە تەجرەبەکانی خۆدی ئاغای قاسملوو بە باشترین شیوە بی حاسل بوونی ئەم تەقالایەیان ئیسبات کردبی بەڵام بە هەر حال وەلامەکە هەرچی بی ئەم سیاسەتە ئەمرۆ جگە لە بیزاری ڕۆژ لەگەل ڕۆژ زیاتری خەڵکی زۆرلێکراو و زەحمەتکێش لە کوردستان و سەرگەردانی و ئالوزی لە ریزەکانی حیزبی دیموکرات دا هیچ سەمەرەو حاسلیکی‌تری نیە. بزووتنەوەی شۆڕشگێرانەی خەڵکی کوردستان سەرەرای هەر خەیانەتیکی ئەم دارودەستەیە، ڕێگای خۆی بە هێزی وشاری و بیداری سیاسی کرێکاران و خەڵکی زەحمەتکێش بەرەوپێش دەبرێ.

ئەم وتارە لە دەنگی شۆڕشی ئێرانەوە بلاو کراوەتەوە.

***

WORKERS OF ALL COUNTRIES, UNITE!

PESHRAW

Fortnightly Paper of the Central Committee of Komalah

No: ٢٧ October: ١٩٨٨

# راگەیاندنی کۆمەڵە بە بۆنەی نوهەمین ساڵرۆژی هێرشی جمهووری ئیسلامی بۆ سەر کوردستان

**کرێکاران، زەحمەتکێشان!**

**خەڵکی ئازادیخوازی کوردستان!**

٢٨ی گەلاویژ نەهەمین ساڵرۆژی هێرشی جمهووری ئیسلامی بۆسەر کوردستانە.

٩ ساڵ لەمەوبەر لەو رۆژەدا بە فەرمانی خومەینی هێزە سەرکوتگەرەکانی جمهووری ئیسلامی هێرشیان هێنایە سەر کوردستان تا داخوازی رەوای گەلی کورد بۆ ئازادی دیاری کردنی چارەنووسی خۆی، لە گومی خوێن دا بخنکێنن.

کۆمەلانی خەڵکی کوردستان بە دوای راپەرینی مانگی رێبەندانی ساڵی ١٣٥٧دا داوایان دەکرد کە ئازاد بن چارەنووسی سیاسی خۆیان دیاری بکەن، شووراى خۆیان، رێکخراوەی سنفی و سیاسی خۆیان هەبێ، چەکی خۆیان پێ بێ و لە ئازادی بەیان و عەقیدە و باقی دەسکەوتە دیموکراتیکەکان بەهرەمەند بن.

جمهووری ئیسلامی جوابی سیاسی بەم داخوازە سیاسییانەی خەڵکی کورستان نەدایەوە، بەڵکوو هەوڵی دا بە ملهوری و بە زۆری سەرەنیزە و توپ و تەیارە سەرکوتیان بکا. خەڵکی کوردستان لە ماوەی ٦ مانگی دوای راپەرینی مانگی رێبەندان دا ئەوپەری هەوڵی خۆی خستە کار کە بە خەباتی سیاسی و جەماوەری بەر بە سەرکوت و

ل١١

# بریارنامەی پەسند کراوی کومیتەی ناوەندی حیزبی کۆمۆنیستی ئێران وەزعی سیاسی ئێران و شوینەوارەکانی ئاگر بەس لە شەری ئێران و عێراق دا

شەری ئێران و عێراق، دوای ٨ ساڵ، پاش ئەوەی زیاتر لە یەك میلیون کەس بە کوشت دران و چەند سەد هەزار ئاوارە و مالویران بوون، وە کاتیك هەموو هەست و نیستی خەڵك لە نیو ئاگری ئەم شەرەدا بوو بە خۆلەمیش، بە هەڵوێست گرتنیکی لە ناکاوی جمهووری ئیسلامی، کوتایی پی هات. هەتا دوینی هەرکەس باسی کوتایی پی هێنانی شەری کردبا "دژی شۆرش" بوو، وە ئەمرۆ هەر کەس باسی دریژە پێدانی شەر و پەل و پو بلاو کردنەوەی ئینقلابی ئیسلامی بکا، باسی سەرە.

هەموان دەزانن کە رژیم لە بەر بە بن بەست گەیشتنی خۆی ناچار بووە بریارنامەی رێکخراوی میللەتان و کوتایی پی هاتنی شەر قەبوول بکا. پاش ئەوەی رژیم رایگەیاند ئاگر بەس قەبوول دەکا، زۆر کاربەدەستی جمهووری ئیسلامی هەرەشەیان دەکرد کە ئەو کەسانەی بوونە باعیسی ئەوەی ئێران لەم شەرەدا بەم رۆژە بگا و تووشی ئەم وەزعە بی، لە داهاتوودا، نامەی کرداریان دێتە بەردەست و....

هەمووان دەیانەوی بزانن جمهووری ئیسلامی پاش ئەوەی لە بەر داماوی خۆی دەستی لەشەرخوازی هەڵگرت، لە حالیك دا کە لە جیهان دا بە تاك کەوتوەتەوە و بەدناوە و لە ئێرانیش نەفرەتی بە میلیون کەس لە خەڵکی زۆرلێکراو و لەسەر شانی بارە کە هەر کامیان بە جۆرێك بوونەتە دوژمنی قەستەسەری، تووشی چ چارەنووسیك دەبی. ئایا بە کوتایی پی هاتنی ئەم شەرە کە رژیم هەموو مەوجوودییەتی خۆی لی گری دابوو ئیسلامیش چنگی لە بەروکی خەڵك دەبێتەوە و دەگاتە کوتایی ژیانی خۆی؟ ئایا داروەستە چەکدارە رەشەکوژەکانی کە بناغەی دەسەلاتی ئەم رژیمەن بەر دەبنە گیانی یەکتر و شەر بە جۆریکی‌تر خۆی دەکێشێتە خیابانەکان؟ ئایا هەر ئەم دەوڵەتە دەتوانی وەك خۆی ئیددیعا دەکا ببێتە دەوڵەتیك بۆ ساز کردنەوەی ئابووری لە بەریك ترازاوی ئێران؟ ئەمانە ئەو پرسیارانەن کە هەر تێکۆشەریکی بزووتنەوەی کرێکاری بۆ بەرەوپێش بردنی تێکۆشانیکی سەمەر بەخش لە دەورەی دوای شەر دا پێویستی بە وەلامیان هەیە.

بریارنامەی پەسند کراوی کومیتەی ناوەندی حیزبی کۆمۆنیستی ئێران، بە شێوەیەکی هەمەلایەنە مەسەلە سەرەکی‌یەکانی ئەم دەورەیە شی دەکاتەوە و ئەرکەکانی حیزبی ئێمە لە هەلومەرجی دوای شەردا، دەست نیشان دەکا.

بریارنامە سەبارەت بە:

وەزعی سیاسی ئێران و شوینەوارەکانی ئاگر بەس لە شەری ئێران و عێراقدا

**الف**: <u>کوتایی هاتنی شەر و شکستی پان ئیسلامیزم</u>.

**١**– ناکامی یەك لە دوای یەکی جمهووری ئیسلامی لە بردنە پێشی سیاسەتەکانی جەنگی و پان ئیسلامیستی خۆیدا و قەبوول کردنی بریارنامەی ٥٩٨، جمهووری ئیسلامی و گشت جامیعەی ئێرانی هێناوەتە بواریکی تازە لە ئاڵ و گۆری تاریخی. سیاسەتی جەنگی جمهووری ئیسلامی کلیلی سەقامگیر بوون و پەر و بال گرتنی جەریانی پان ئیسلامیستی بوو لە مەنتەقە دا و بە شکستی ئەم سیاسەتە، هەول و تەقالای چەند ساڵەی جەریانی پان ئیسلامیستی بە رێبەرایەتی جمهووری ئیسلامی ئێران بۆ ئەوەی خۆی وەك ئالترناتیویکی مەنتەقەیی بنوینی و وەك بەدیلیکی موناسیب بۆ سووك کردنی بوحرانی حوکومەتی چینی سەرمایەدار لە مەنتەقە، خودا سەپێنی. بە تەواوی تێکشاوە و رەوتی نشستی یەکجاری جەریانی پان ئیسلامیستی لە ئێران و لە مەنتەقە دەستی پێکردوە.

**٢**– سەردانەواندنی جمهووری ئیسلامی بۆ کوتایی هاتنی شەر، لە راستی‌دا بەرهەمی ئاشکرای لاواز بوون و بە بن بەست گەیشتنی سیاسەتەکانی پان ئیسلامیستی رژیمە و خۆی گرینگترین نیشانەی شکستی ئەم سیاسەتانەیە. ئەو هویانە و ئەو رەوتانە کە نەقشیکی کار سازیان لە لاوز کردن و بە بن بەست گەیاندنی جەریانی پان ئیسلامیستی دا بووە بریتین لەمانە:

١– رادەی فەلاکەتی ئیقتسادی، خەفەقانی سیاسی و کونەپەرستی فەرهەنگی لە سایەی دەسەلاتی دە ساڵەی رژیمی ئیسلامی لە ئێراندا، هەروەها ئاشکرا بوونی پەیوەندی نزیکی جەریانی ئیسلامی لەگەل ئەمپریالیزمی ئەمریکا و قازانجی ئەمریکا لە مەنتەقە، نەیهیشت ئەم جەریانە جی پی‌یەکی قایم لە ناو کۆمەلانی خەڵکی ولاتانی رۆژهەلاتی ناوەراستدا بۆ خۆی دابین بکا. تەبلیغاتی عەوامفریبانەی بە ناو "دژی ئەمپریالیستی" و "دیفاع لە مستزعفین" کە جمهووری ئیسلامی دەیکرد، بەرانبەر بە واقعیەتی ژیانی کرێکاران و زەحمەتکێشانی ئێران و بەرانبەر بە نەقشیکی واقیعی کە ئەم رژیمە لە مەنتەقەدا هەیبوو، بە هیچ دەر چووە سیاسەتی "ناردنە دەرەوەی ئینقیلابی ئیسلامی" تووشی شکست بوو.

٢– وەرسوورانی جیددی سیاسەتی شوورەوی لە سەتحی بین المللی‌دا و پاشەکشەکانی ئەم ولاتە لە سەحنەی جیهانی‌دا بە هۆی فشاری وەزعی ئیتقتسادی ناوخۆیەوە، زەمینەی خۆش کردوە بۆ دەورەیەك لە نەمانی توندوتیژی و لە پێکهاتنی بین المللی بەینی شەرق و غەرب لەسەر کانوونە ئەسلی‌یەکانی بوحران. ئەم پێکهاتنانە کە بەشیکی ئەسلی یان پێکهێنانی دامەزراویی سیاسی لە رۆژهەلاتی ناوەراست و مەنتەقەی خەلیجی فارسە، مەیدانی بە جەریانی ئیسلامی ژیر رێبەرایەتی رژیمی ئیسلامی ئێران بۆ خۆ نواندن لە مەنتەقەدا، تەنگەبەر کردوە.

٣– ناسیونالیزمی عەرەب بەرانبەر بە پەلاماری ئیدئولوژیك و سیاسی و سەرەنجام نیزامی جەریانی پان ئیسلامیستی، کەوتە خۆ و بەکردەوە نیشانی دا کە ئەوەندەی هێز هەیە کە بۆ بەرپەرچدانەوەی پەلاماری پان ئیسلامیزم لە مەنتەقە رەسایی بکا. سەرەرای ئەم واقعیەتە کە پشتیوانی کردنی زۆربەی دەوڵەتە عەرەبەکان لە عێراق بەرانبەر بە جمهووری ئیسلامی دەری خست، هێزە ئەمپریالیستەکانی ئەمریکا و ئورووپای رۆژئاواش بە تەواوی ساغ بوونەوە کە جەریانی پان ئیسلامیستی نە بەکار دی و نە دەتوانی بۆ چینی سەرمایەداری مەنتەقە ببێتە ئالترناتیویکی ی. ئەم واقعیەتە پشتیوانی ئەوانی لە جمهووری ئیسلامی کەم کردەوە.

ل٨

# وەلامیکی کورت بە وت و وێژی قاسملوو لەگەل رادیو ئەمریکا

چەند رۆژ لەوە پێش رادیو دەنگی ئەمریکا وت وویژیکی لەگەل قاسملوو سکرتری یەکیك لە دوو بەشەکەی حیزبی دیموکراتی کوردستانی ئێران کرد. ناوەرۆکی ئەم وت و وێژە تەنیا بریتی بوو لە چەندپات کردنەوەی سەرخەتەکانی سیاسەتی هەمیشەیی ئەم جەماعەتە کە دوژمنایەتی کویرانەیە لەگەل ئامانج و مافەکانی خەڵکی زەحمەتکێش بۆ خۆشیرین کردن لە لای کۆر و کۆمەلە ئەمپریالیستی‌یەکانی رۆژئاوا و تەئکید کردن لە سەر سیمای دژی کۆمۆنیستی ئەم حیزبە بۆ وەدەست هێنانی ئیعتبار لە لای ئەم کۆر و کۆمەلانە. ئەمەش هەر ئەو مورك و نیشانەیە کە ئەمرۆ لە مەیدانی سیاسی ئێران دا سیمای قاسملووی پی دەناسرێتەوە.

وت و وێژی قاسملوو لەگەل دەنگی ئەمریکا بە تەوهین کردن بە کۆمەلە دەستی پی کرد.

قاسملوو هەل و دەرفەتەکە بۆی هەڵکەوتوە هەتا دەنگی خۆی بە گویی کۆر و کۆمەلە ئەمپریالیستی‌یەکانی ئەمریکا بگەیەنی کەلك وەردەگری بۆ ئەوەی سیاسەتی دژی کۆمۆنیستی و دژی کرێکاری خۆی، لە بە شەر و جینایەت دەرهەق بە کۆمەلە بە دریژایی ئەم چەند ساڵە بەرێوەی بردوە، هەر لیرە، کە جێگای خۆیەتی بێنیتە مەیدانی معاملە.

قاسملوو بۆ ئەوەی پەیامەکەی بە گویی مەئموورانی وەزارەتی کار و باری دەرەوەی ئەمریکا بگەیەنی، لە دەزگای تەبلیغاتی ئەمریکا و بە کۆمەلە دەلی پوول پوت. قاسملوو لە راستی‌دا هەول دەدا لەم رێگایەوە حاسلی چەندین ساڵ شەر و موزاحەمەتی خۆی لە دژی جەرەیانی کرێکاری و شۆرشگێرانە لە کوردستان، لە دژی کۆمەلە، ئەمرۆ لە بازاری سەوداگەری ئەمپریالیستی‌دا لە سەرمەسەلەی کورد، کۆبکاتەوە و دەیەوی ئەمپریالیستەکان لەوە دلنیا بکا کە خۆی و حیزبەکەی دوژمنی بی رەزای هەرچەشنە ئامانجیکی شۆرشگێرانە و کرێکاری و رادیکالن لەو مەنتەقەیە و لەم رێگایەدا حازرن هەرچی لە دەستیان بی لە دژی بزووتنەوەی شۆرشگێرانەی کۆمەلانی دەس تەنگ و بی بەشی کوردستان بیکەن. ئێمە هەتا ئێستا گەلیك جار بۆ روونکردنەوەی هوی لاساری و پی داگرتنی حیزب دیموکرات لەسەر دریژە پێدانی شەر لە دژی کۆمەلە ئەم واقعییەتەمان بۆ خەڵکی کوردستان روون کردوەتەوە کە یەکیك لە ئامانجەکانی قاسملوو لەوەدا کە دریژە بەم شەرەدەدا و گوی ناداتە هیچ هەول و تەقالایەك بۆ کوتایی پی هێنانی ئەم شەرە، ئەوەیە کە دەیەوی لەم رێگایەوە جێگا و مەوقعییەتی خۆی وەك جەرەیانیکی راست و دژی کۆمۆنیست لەم مەنتەقەیە، لە لای بورژوازی و ئەمپریالیزم قایم بکا و نیشان بدا کە ئەو حیزبە داردەست و گوپالیکی لە بارە کە هەرکات ئەمپریالیستەکان و بورژوازی بیانەوەی دەتوانن لە دژی جەرەیانی رادیکال و شۆرشگێر لە کوردستان هەلی سوورێنن.

ل١١

# چەند هەوال لە خەباتی کرێکارانی کوردستان

### مان گرتنی سەرکەوتوانەی ١٧ کوورەخانەی هەمەدان

کرێکارانی ١٧ کوورەخانەی هەمەدان، دوای چەند رۆژ قسە و باس، لە رۆژی ٢٤ی جوزەردانەوە مانیان گرت و خوازیاری زیاد کردنی حەقدەستەکانیان بوون و داواکاری ئەوە بوون کە خەرجی هات و چووی نیوان شار و کوورەخانە لە لایەن خاوەن کوورەکانەوە دابین بکری.

کرێکارانی هەموو بەشە جۆراوجۆرەکانی کوورەخانەکان، بە قالبدار و قرمزدار و چەرخ کیش و کوورەسووزەوە لەم مان گرتنەدا بەشدارییان کرد.

دوای سێ رۆژونیو مانگرتن و پاش وت و وێژی نوینەرانی کرێکاران و خاوەن کوورەکان، کرێکاران سەرکەوتن و توانیان بە داخوازەکانیان بگەن.

کرێکاران بە مانگرتنی یەکپارچە و خەباتی یەکگرتوانەیان خاوەن کوورەکانیان ناچار کرد کە ٢٠ تمەن بە حەقدەستەکانیان زیاد بکەن و هەروەها بە خەرجی خاوەن کوورەکان رۆژانی پێنج شەممە و جومعە سرویسی هات و چوویان بۆ دابنیین.

### کرێکارانی کوورەخانەی "حسین ئاغا"ی کەرەج سەرکەوتن

کرێکارانی کوورەخانەی "حسین ئاغا" لە کەرەج دوای قسە و باس لەگەل یەکتر و موخالەفەتی خاوەن کوورەکە لەگەل زیاد کردنی حەقدەستەکانیان و دابین کردنی نایلون و دەسکیشی کار، تەسمیمیان گرت بۆ ئەم داخوازانە مان بگرن.

رۆژی ٢٠ی مانگی پووشپەر کرێکارانی هەموو بەشە جۆراوجۆرەکانی ئەم کوورەخانەیە مانیان گرت و دەستیان لە کار هەڵگرت.

کرێکاران بە مان گرتنی یەکگرتوانەی خۆیان، دوای دوو رۆژ سەرکەوتن و توانیان خاوەن کوورەکە مەجبور بکەن ٢٥ تمەن بە حەقدەستەکانیان زیاد بکا.

### سەرکەوتنی کرێکارانی ٧ کوورەخانەی تاکستان

کرێکارانی کوورەخانەکانی "حاجی شهلایی"، "حاجی نووری"، "حاجی بابایی" و چوار کوورەخانەی تر، لە نیوەی دووهەمی مانگی جوزەردان دا مانیان گرت و خوازیاری زیاد کردنی حەقدەستەکانیان بوون و داوایان کرد بۆ برینی هەر ١٠٠٠ خشت لە ١٧٠ تمەنەوە بکرێتە ١٩٥ تمەن.

خاوەن کوورەکان دوای چەند جار وت و وێژ لەگەل نوینەرانی کرێکارەکان، ناچار بوون لە رۆژی حەوتەمی مانگرتنەکەدا داخوازی کرێکارەکان قەبوول بکەن. بەم جۆرە کرێکارانی ئەم کوورەخانانە، بە یەکگرتوویی و خەباتی خۆیان سەرکەوتن و توانیان حەقدەستەکانیان بگەیەننە ١٩٥ تمەن.

ل١٠